# هەرچەند
# غەمەکانت زۆر بێت.

# هەرچەند
# غەمەکانت زۆر بێت.

نووسینی

عیصام کەرەم توخی

وەرگێڕانی

مەسعود محەمەد شیوەڕەشی

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

● **مام پۆلا**

● نووسینی: عیصام کەرەم توخی

● وەرگێڕانی: مەسعود محەمەد شیوەڕەشی

● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی

● بەرگ: هۆگر سدیق

● نرخ: (٣٠٠٠) دینار

● تیراژ: ٥٠٠ دانە

● چاپی: ٢٠٢٠

● چاپخانە: ماد

● لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: (٦٣٢) لەساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (١٠٤٥)

**ماڵپەڕ**: www.mukiryani.com

**ئیمەیل**: info@mukiryani.com

**پێشکەشە ..**

**بە هاوسەری ژیانم ، گلەیی و گازاندەکانی لە ناخی خۆی خواردۆتەوە نەیویستیە دڵی منی پێ زامدار بکات ، بە جگەر گۆشەکانم ئەوانیش بەرهەمی ژیانمانن ...**

## پێشەکی ..

هەرچەند ئاستەنگەکان ،شکستەکان ، غەم و بێ ئومێدیەکانت زۆر بێت ، بەربەست و ئاستەنگەکان وەلا بنێ کۆت و زنجیری دەستەوەستانیت بپچڕێنە ، دەنگ هەڵبڕە ناڕەزاییەکانت بە گەردوون ڕابگەیەنە ،گۆڕانکاری لە ناخ و خودی خۆت بکە پێی ڕابگەیەنە ئەوەی نەهاتووە چاکترە ئەوکاتانەی بەزانستیانە مامەڵە لەگەڵ دەروون و واقیعتدا دەکەیت بەرچاوت ڕوون و ئایندەت گەشاوەتر دەبێت .

هەرچەندی غەمەکانت زۆر بێت چەند پەیامێکی تێدایە بۆ ئەو تاکانەی لە ژیان بێئومێدن ، ژیان بەچەقبەستووی دەبینن ، وابیر دەکەنەوە ئاریشەکانیان گەیشتۆتە لوتکە لە خاڵی کۆتاییدان . بۆیە پێویستە ئەو کەسانە ئالای یاخیبوون بەڕووی ئاریشەکانیان بەرز بکەنەوە ئەو ئاریشانەی ژیانیان پەردەپۆش دەکاتە و ڕێگاکانی داهێنانیان ئەستەم دەکات .

ئەوانەی بەدوای ڕێگای ڕاست و تەندروستدا دەگەڕێن هەنگاوی ئەرێنیانە بۆ سەرکەوتن دەهاوێژن لە تواناییاندا هەیە ڕەفتاری نەرێنی و بەربەستەکان وەلا بنێن نەخشە ڕێگای نوێ بۆ خۆیان و چواردەوریان و نەوەی ئایندەش بکێشن ، ئەوەش هەوڵ و ماندوبوونی دەوێت نابێت لێی ساردببیەوە چونکە تیایدا زەرەرمەند نابیت .

ئەم کتێبە زادی بیروبۆچوونی نوسەری بەتوانا ( عصام كرم الطوخي ) یە من بەهەندێ دەستکاری و گونجاندنەوە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی بۆ ئەوەی تاکی کوردی بتوانێت سوود

لەم بۆچوونانە وەربگرێت و جۆرە ئیرادەیەکی بە هێز لەناخی خۆیدا دروست بکەن ،بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ گرفت و کێشەکانی هەنگاوی ڕاستەقینە بگریتەبەر ، لەم ڕۆژگارە کێشەکان زۆر و هەمەچەشنەن ، بۆیە پێویستە ڕێگاچارەکانیش هەمەچەشن بن ، لەهەر هەنگاوێکیش پشت بە خودای گەورە ببەستن ، چونکە هەمیشە ئەو پاڵپشت و هاوەڵتە هەرگیز لێی بێئومێدو بێئاگا مەبن .

هیوادارم ئەم چەند وتارە کورتە پەیامێکی گرنگی پێدابیت و بنچینەیەکی لەناخ و خودی تۆ دروست کردبێت ، هەروەها لێرەدا دەمەوێت سوپاسی جگەرگۆشەکانم بکەم کە زۆر لەگەڵم ماندوبوون و یارمەتیانداوم ، سوپاسێکی زۆری هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا ( عبید خدر گۆمەشینی ) دەکەم کە ڕێنووس وزمانەوانی گرتەئەستۆی خۆی ..

مەسعود محەمەد شیوەڕەشی

هەولێر ... ٢٠٢٠

## متمانە بەخۆبوونت نوێ بکەوە ..

هەندێکجار هەست دەکەیت بە جەستەیەکی پەککەوتە بەدەوری خودی خۆتدا دەسوڕێیتەوە، هاوسەنگیەکەت لەنێوان منی بالاو توانا و بێهێزیەکەت لەدەستداوە، بەهەموو هێز و توانایەکت هەوڵدەدەیت بۆنی غازی گەندەڵی و بەدڕەوشتی هەڵمژیت، گوێڕایەڵی بیرۆکەی ناتەندروستی ڕووخانی خود دەبیت، خۆت دەخەیتە ناو گێژەلووکەی دەریای بێ بن.

هەست دەکەیت ڕێگای ڕاستی جیهانی خۆتت ونکردووە، خەونەکانت لەسەر لم دروست کردووە وشەکانی خودای گەورەت لەیاد کردووە، ئاوی یاخیبوونت خواردۆتەوە، قەناعەتت لەدەستداوە و تەنیایی و یاخیبوونت بۆ ماوەتەوە. لە بڕی تیشکی ڕووناکی بێ ئومێدی و سەراب دەبینیت، جیهانی ماددیت هەڵبژاردوە و بڕواییت بە خۆت نەماوە لەبەربەرەکانێکردن دەترسیت.

ئەوەی هەستی پێ دەکەیت بە ئازارە، بەڵام ڕێگا مەدە تووشی سەرنەکەوتنت بکات و بڕواییت بەخۆت نەمێنێت، وا هەست بکە لە ناخی هەریەکە لە ئێمە ئامێرێکی کۆڵەری هەیە بەردەوام کار لە سەرچاوەی ڕاستییەکان دەکات بە قووڵی بەدوای گەوهەری ناوەوەی مرۆڤ دەگەڕێت و گرنگی بە جیهانی دەرەوەی نادات.

مرۆڤی متمانە بەخۆبوو باوەڕی تەواوی بە پەروەردگار هەیە، هەست دەکات هەمان توانا و هێزی مرۆڤەکانی دیکەی هەیە، خودی

خۆی دەناسێت و لەناخەوەدا هەست بەڕازیبوونی خود دەکات، هێز و تواناکانی دەزانێت و گەشەیان پێدەدات، بە هاوسەنگی و بەبێدەنگی کار دەکات، پێشوازی لە ڕەخنەگرتنی زانستیانە دەکات، چاوی لەسەر ئامانجەکەیەتی و بەپێی سروشتی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیت گرنگی بە لایەنەکانی ژیانی دەدات.

لە ناپلیۆنیان پرسی چۆن توانیت متمانە بە سوپاکەت ببەخشیت؟ لەوەڵامدا وتی : من وەڵامی سێ پرسیارم دەداوە، ئەوەی گوتبای ناتوانم، پێم دەگوت هەوڵبدە، ئەوەی گوتبای نایزانم، پێم دەگوت فێربە، ئەوەی گوتبای ئەستەمە پێم دەگوت تاقی بکەوە..

پێویستە سەیری ڕۆژانی ڕابردووت بکەیت چۆن بەڕێت کردووە، ئێستات چۆن بەڕێوە دەبەیت و ئارەزووی چی دەکەیت لە دوارۆژدا..

## ڕووپۆش (دەمامک) ..

جیهانی خراپەکاری و ساختەکاری خودی تاکەکانی کۆنترۆڵ کردوە و بەرەو لەناوبردنی دەبات، ڕووخساری فریشتەکانمان بۆ خۆمان هەڵبژاردوە و شەیتان ئاراستەی بیروڕاکانمان دەکات و پابەندی دەبین، چێژ لە ئازاری تاکی بەرامبەر وەردەگرین، ئاگری (**ناوبانگ دەرکردن**) لەناخماندا گڕی گرتووە..

ئەوەی پەروەردگار پێی بەخشیوین بەدڵمان نییە، ساختەکارییەکان بەڕاست دەزانیین و ڕاستییەکان بە درۆ تێدەگەین بیر لەوە ناکەینەوە، ژیان بریتییە لە گەرموگوڕی هەست، لە ناخماندا ڕووی ڕاستەقینەمان بەساختەکاری ڕووپۆش کردووە، هەست ناکەین پێش ئەوەی ساختەکاری لەگەڵ کەسانی دیکە بکەین، بە ڕووخسارە درۆینەکانمان لەگەڵ خۆمانمان کردووە، چارەسەری کاتیمان بۆ خۆمان هەڵبژاردووە، تا دیوە جوانەکەمان بە خەڵک ڕابگەیەنین، دڵ و دەروونمان لە هەموو جوانییەک داماڵیوە، چاوە برسیەکانمان عاشقی تەنیایی و خۆپەرستی کردووین، پۆشاکی چاکەمان هەڵبژاردووە بۆ بەدەستهێنانی چڵێسیەکانمان..

بۆ ئەوەی ناخمان لە ساختەکارییەکان دوور بخەینەوە، پێویستە لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ ( منی باڵا ) هەڵبدەینەوە و بەرگی گۆڕانکاری ڕاستەقینەی پێوە دیار بێت.

هەموو تاکەکانی سەر زەوی قابیلی ئەوەن هەڵە بکەن، بەڵام گرنگی لەوەدایە سوود لەهەڵەکان وەربگرین و دووبارەیان نەکەینەوە،

بەڕاستگۆیانە گۆڕانکاری لە ناخ و دەروونمان بکەین گەر بەشێوەیەکی لەسەرخۆش بەڕێوە بچێت، گرنگ لەوەدایە هەنگاوەکان ڕاستگۆیانە بن، تاوەکو بتوانیین شانازی بەڕووخساری ڕاستەقینەی خۆمان بکەین..

دەبێت ئەوە بزانیین ئەوکاتانەی ڕووپۆش (دەمامک) بەکار دەهێنیین مەبەستمان دوور کەوتنەوەیە لە ڕووی ڕاستەقینەی خۆمان، لەوکاتەدا هەر بەتەنیا لای تاکی بەرامبەر کەسایەتی خۆمان لەدەست نادەین، بەڵکو خودی خۆشمان لەدەست دەدەین، لەیەکتری دەچین لە ڕۆڵبینیندا و کەسێتییەکەمان لەدەست دەدەین و ئەو پرسیارە لەخۆمان دەکەین:

**من کێم ؟! ..**

## تێبگە.. بەر لەوەی تووڕەبیت ...

زۆرجار یەکێک لە ئێمە کاتێ گلەیی لە کەسانی تر دەکات و بێزاری بەرامبەریان دەردەبڕێت، تووشی توڕەبوون و هەڵچوون دەبێت، بڕیاری دوورکەوتنەوە دەدات، لەوانەیە مافەکی ڕەوای خۆی بێت لەدەرکردنی ئەم بڕیارە، بەڵام لەوانەیە هەڵسەنگاندنمان بۆ بارودۆخەکە ناتەندروست بێت و تاوانێکی پێشوەختەمان ئەنجام دابێت، هەستمان بە ڕەهەندی (ابعاد) هەڵوێستەکە نەکردبێت.

ئەگەر ئارەزوو دەکەیت کەسی بەرامبەرت هاوڕا و هاوبۆچوونت بێت، پێویستە لەسەرەتادا تۆ هاوڕا و هاوبۆچوونی ئەوان بیت، گوێ لە بیر و بۆچوونەکانیان بگرە و بەهەندی وەربگرە، ئینجا لەدوواییدا بڕیاریان لەسەر بدە، خۆت لەشوێنی ئەواندا دابنێ، چی دەبوو ئەگەر تۆ لە شوێن و هەمان بارودۆخی ئەوان دابوویات، لەو کاتەدا چیت دەکرد؟

لەوانەیە هەست بکەیت برادەرێکت یاخود هاوسێیەکت ڕقی لێت ببێتەوە و مامەڵەکردن و ڕەفتارەکانی لەگەڵ تۆدا نەشیاوە بێت، بەڵام تۆ زۆر باش مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت و خۆشت دەوێت و ڕەفتارەکانت بەرامبەر ئەو ئاسایی و سروشتییە، هەرچەندە لەبەر هۆکاری ڕووداوێکی تەمەنی منداڵیت و هەندێ هەڵسوکەوت و رەفتاری ئەوکات ئەوان ڕقیان لەتۆ ببێتەوە، بەچاوێکی دوژمنکارانە سەیرت بکەن، ئەوکاتانەی زۆر لێیان نزیک دەبیتەوە ئەوەت بۆ ڕوون

و ئاشکرا دەبێت کەوا ئەوان لەگەڵ کەسانی تریشدا بەهەمان شێوە مامەڵە دەکەن.

بێنە خەیاڵی خۆت، کەسێک لە وێستگەی شەمەندەفەرێک دایە، شوێنەکە هێمن و ئارامە، چەند کەسێکی تریش لەهەمان وێستگەدان، یەکێکیان پەرتووکێک دەخوێنێتەوە، ئەوەی تریان بەهێمنی و لەسەرخۆ لەگەڵ هاوڕێکەی دەدوێت، ئەویش لە شوێنێک دادەنیشێت و چاوەڕوانی دەکات، لە پڕێکا چوار منداڵ دەردەکەون و یاری دەکەن دەنگیان بەرز دەکەنەوە باوکیشیان بەدواوەیانە، هیلاکی و ماندووبوونێکی زۆر بەڕوخسارییەوە دیارە لەلای برادەرەکە دادەنیشێت و سەری نزم دەکاتەوە بۆ سەر زەوی ، منداڵەکان وێستگەکە بێزار دەکەن، هەموو بێزار و توڕە دەکەن، برادەرەکە بە هێمنی ڕەوشتێکی بەرزەوە بە باوکیانی گوت، دەزانیت منداڵەکانت خەڵکیان بێزار کردووە ؟ .

باوکەکە لەوەڵامدا گوتی، ببوورە ئێمە تازە لە نەخۆشخانە هاتینەوە، منداڵەکان دایکیان مردووە ئەوانیش نایزانن.

ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی ئەم بەسەرهاتە بکەین بۆمان دەردەکەوێت، تاکەکانی ناو کۆمەڵگە لەبیرکردنەوە و بۆچووندا جیاوازن بۆ چارەسەرکردن و تێگەیشتنی کێشە و ئاریشەکان، هەریەکە و بە بیروبۆچوونی خۆی ڕاڤەیان دەکات، لەوانەیە ئێمە وابیر بکەینەوە کەوا باوکەکە کاردانەوەیەکی ئەرێنی نەبوو بێت و منداڵەکانی بەباشی پەروەردە نەکرد بێت، بەڵام کاتێک لێی نزیک دەبیتەوەو گوێبیستی قسەکانی دەبیت لە بێدەنگی و هەڵسوکەوتەکەی بۆت ئاشکرا دەبێت، بەوپەڕی سۆزەوە بەشداری کێشەکەی دەکەیت، چونکە کێشەکە بە شێوەیەکی دیکە دەرکەوت .

بۆیە زۆر کێشە هەیە لەلایەنی خاوەنەکەی گەورەن، بەڵام ئەگەر بارودۆخ و سروشتی کێشەکەمان ڕاڤە کرد و مامەڵەکردنێکی زانستیانەمان لەگەڵدا کرد ئەوکات چارەسەرکردنەکەی ئاسان دەبێت. چینیەکان دەڵێن (( **یەک کەوچک هەنگوین، کاری یەک بەرمیل تاڵی دەکات** ))، ئەگەر بتەوێت سۆز و خۆشەویستی و سەرنجی تاکێک بۆ خۆت ڕابکێشیت، پێویستە سەرەتا بەبیر و بۆچوونی خۆتی ئاشنا بکەیت کە تۆ هاوڕێیەکی دڵسۆزی ئەوی و کەوچکە هەنگوینەکەیت، تا جێگای خۆت لەناو دڵ و دەروونی بکەیتەوە، ئەوەش تاکە ڕێگایە بۆ گەیشتن بە دڵی کەسانی دیکە، تاک ئارەزووی ئەوە ناکات بیروڕاکانی خۆی بگۆڕێت، دەتوانیت لە بڕی توورەیی و هەڵچوون گەورەکردنی ئاریشە و گرفتەکان، بە نەرم و نیانی و هێمنی، خۆشەویستی بەدەست بهێنرێت...

## تۆ گۆڕانی ڕاستەقینەیەت ...

گەر هەست دەکەیت لە یارییەکانی ژیان بێزار بوویت و لە کۆتاییەکانی یاریەکە دای، گەر حەز دەکەیت لە سەرسامی ساختەکاری دەروون رزگارت بێت فریودان قبوڵ نەکەیت، گەر دەتەوێت هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژیت و لە داد و بێدادی شەڕانگێزی خۆت پاک بکەیتەوە، ئەوکاتەی هەستت کرد تۆ سەرسامی ڕواڵەتە دەرەکییەکان بووی و کاریگەری لەسەر دەبێت، حەز دەکەیت دەمامکی ساختەکاری لەسەر ڕووخسارت لاببەیت، گەر دەتەوێت لە ڕەفتارە نابەجێیەکانت (شاراوەکانت) کە وەکو حەربا شێوەی خۆیان دەگۆڕن ڕزگارت ببێت، گەر دەتەوێت کردەوە دڕندانەکانی دوای تۆڵەسەندنەوە و غەدر و ناهەقی، کە وەکو ڕێویەکی فێڵباز خۆیان شاردۆتەوە پەسەند نەکەیت بە هەڵەیان بزانیت، گەر دەتەوێت کارە نەرێنییەکانی وەک ترس و بێ ئومێدی و خەم و گومان و ڕق و کینە بەباش نەزانیت.

کەواتە تۆ بەدوای گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینەدا دەگەڕێیت و کار بۆ بەدەستهێنانی دەدەیت.

غاندی دەڵێت (( **تۆ ئەو گۆڕانکارییە بە، کە بۆ هەموو دونیای دەخوازیت**)).

ڕووخسارت بە ئاوی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی پاک بکەوە بۆ ئەوەی چڵکی گەندەڵی خۆت پاک بکەیتەوە، تاوێک بەدوای پاکی هێمنی و ڕاستەقینە و کامەرانیدا بگەڕێ، کاتەکانت لە بەرژەوەندی خۆت بەکار بهێنە و سوودیان لێ وەربگرە بۆ گۆڕانکاریەکانت، فەرهەنگێکی نوێ بۆ ژیانت دابڕێژە و بیکە بە بنەمای سەرکەوتنەکانت، بۆ ئەوەی بتوانیت لەگەڵ خودی خۆت و ئازیزانت نزیک ببیتەوە ببن بەهاوڕێی ڕاستەقینە.

لەبەر ئەوەی تۆ گۆڕانگاریت هەڵبژاردووە و هەوڵی بۆ دەدەیت، کەواتە تۆ لە جەنگێگی بێ کۆتاییت بۆ سەلماندنی بوونی خۆت لە ژیاندا ...

## پێداگری گەمژانە ...

بەردەوامبوون لەسەر هەڵەکردن بیرۆکەیەکی شەیتانە، ئەو بەهەموو توانایەکیەوە بۆ مرۆڤی دەڕازێنێتەوە و بەردەوام چاودێری دەکات، تا ئەوکاتەی گەشە دەکات و لە دەروونی کەسە سست و لاوازەکان بەتەواوی پێدەگات، ئەو تاکانەی زانیاری تەواویان لەسەر ژیان نییە، بەردەوامبوون لەسەر هەڵەکردن لەلای ئەم تاکانە جۆرێکە لە نەزانیین و بەرهەڵستیکردن، وا لەکەسی بەرامبەر دەکەن بەبیر و بۆچوونەکانی ئەوان ڕازی ببن هەرچەندە دەرئەنجامی کۆتایشی نەشیاو و نەگونجاو بێت، لەسەرەتادا بڕوایان وایە بیر و بۆچوونەکانی شەیتان عەقیدەیەکی نەگۆڕە، ئامۆژگاری و ڕێنماییەکان قەبوڵ ناکەن و کە لەسەر هەقن، ئەم بەردەوامبوونە دەبێتە هۆکارێک بۆ گەندەڵی ناخ و دەروون و کۆتاییهێنان بەلایەنە رۆحییەکان، هەڵەکانیش لای ئەوان دەبنە ڕاستی.

شەیتان ڕۆحی یاخیبوون و هەڵەکردن لە ناخمان پەروەردە دەکات ، وامان لێدەکات تەنیا گوێ لە ناحەقی ناخمان بگرین و تووشی شەڕێکی چارەنووسسازمان دەکات لەگەڵ بوونی پەیوەندییەکی کەم بۆ باوەڕهێنان بەخودای گەورە، لەلایەنی ڕۆحیەوە لای شەیتان عیبادەتکردن شێوەیەک و رووخسارێکی وشکی هەیە، ئەمەش لەکاتی تاوان و گوناهکردن بەرە بەرە دەست بەزیادبوون دەکات، کارەکەش لەسەرەتادا نەزانی و ناشارەزابوونە لە ڕاستی ناخی خۆی

و ئەو شتانەی بڕوای پێ هەیە، بەهۆی تێنەگەیشتنیتی لە ناوەڕۆکی کاروکردەوەکانی..

**هێلین گیلر دەڵێت (کەسانێک هەن دەبیستن، بەڵام گوێڕایەڵ نیین، سەیر دەکەن , بەڵام نابینن، هەستدەکەن , بەڵام پێی نازانن، بۆیە کوێری کوێری دڵە نەوەک کوێری چاو ).**

بۆیە گەر ئارەزوو دەکەیت لە کەموکوڕی گەمژانە ڕزگارت ببێت، پێویستە گۆڕانکاری لەگەندەڵییەکانی ناخ بکەیت، بیانگۆڕیت بە بیرۆکەی ڕاست و دروست گەشەیان پێ بدەیت، تا بە ئومێدەوە زۆرەوە لە ژیان بەردەوام بێت، هەرچەند کەوتنەکانت لەژیاندا زۆر بێت ئەوا دەروونێکی هیلاک ماندووتر دەبێت، بە ئیمان و متمانەبەخۆبوونی بەهێز بگەڕێوە لای خودا و بۆ ڕزگاربوون لە ژیانی کەلەڕەقێتی و لاساری تەوبەیەکی ڕاستگۆیانە بکە، هەنگاونان بەرەو ژیانێکی پڕ لە ڕەزامەندی و شوکرانە ..

**بیرۆکەکانت بگۆڕە ژیانت دەگۆڕێت ....**

## دەتوانی شکست بە ترس بێنی ...

ترس، سێبەری مرۆڤە، مرۆڤ لەهەر شوێنێک بێت هاودەم و هاوڕێی دەبێت، هەمیشە بەدوای پێگەیەکی هێمن و ئارام دەگەڕێت بەتایبەتی بەدوای دڵە بێهێز و شپرزەکان، وردە وردە لایەنە گەش و رووناکەکەی تاریک دەکات و بەردەوام وای لێدەکات لەدۆخێکی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی ژیان دابێت، ترس چەکێکی دووسەرەیە و ڕێژەییە لەمرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، لەوانەیە زگماک و سروشتی بێت وەک ترسان لەخودای گەورە و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندییەکانی ئەو ..

**ڕۆزا بارکس دەڵێت ..**

بەدرێژایی تەمەنم فێری ئەوە بووم، گەر تاک لەسەر شتێک مکوڕ بێت و نەخشە بکێشێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی خوازیاریەتی لە ژیان ئەوا ترس تێک دەشکێنێت و ئامانجەکەی بەدەست دەهێنێت و ترسیش لەناو دەبات، چونکە زانینی ئەوەی ئەنجامی دەدەی دەبێتە هۆی لەناوبردنی ترس ..

لەوانەیە ترس نەخۆشی بێت، لەم کاتەشدا ترس ئارامگەیەک بۆ خۆی دروست دەکات و گومان و وەسواسی و خەیاڵەکانی ناخی زیاتر دەکات و دەبنە پاڵنەرێک بۆ کاری ناتەندروست لەژیانیدا.

گەر مرۆڤ ڕێگای بە ترسدا لەناخیدا جێگای خۆی بکاتەوە ویستەکانی دەگۆڕێن و دەبن بەسەرکێشێک لەنێوان خود و ژیانی

سروشتی، لێرەدا پشت بەتاوانەکانی دەبەستێت و ، تا کۆتایی تەمەنی نێچیرێکی سادە و سانا دەبێت.

**شاعیر ابو القاسم الشابی دەڵێت:**

**ومن يتهيب صعود الجبال يعيش أبد الدهر بين الحفر**

بۆیە ترس لەناو ئەو دڵە تاریکانەی دوورن لە میهرەبانی و بەزەیی پەروەردگار جێگای خۆی دەکاتەوە، گەر ئارەزووی شنەبای هێمنی ئاسوودەیی دەکەیت، دان بە گوناهەکانت دابنێ و ڕاستگۆ بە لەگەڵ ناخ و دەروونت و داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگار بکە تا لە دەریای ترس و گوناه ڕزگارت بکات.

**لویسا مای ئەلکا دەڵێت:**

**من لە باوبۆران ناترسم، چونکە فێری ئەوە دەبم چۆن کەشتیەکەم لەنگەر پێبگرم..**

ترس لەپەروەردگار لە ترسی دەروون و ژیان پاکمان دەکاتەوە، هەست بەمتمانەبوونی خود دەکەین، بەبەردەوامی ژیانمان نوێ دەبێتەوە، بۆیە پێش ئەوەی خۆت بناسیت خودا بناسە، ڕەحمەت و بەخشندەیی خۆی هەڵدەکات و دڵەکان پاک دەکاتەوە و لەتاوانەکان خۆش دەبێت، خەمباران بەختەوەر دەکات، هەموو ئەو کەسانە رزگار دەکات کە خۆیان لە ئەشکەوتی تاوان و یاخیبووان بەند کردووە ..

## ڕەخنەی رووخێنەر ...

هەندێک لەتاکەکانی کۆمەڵگە لەکاتی مامەڵەکردنەکانیان لەگەڵ کەسانی دیکە بەردەوام ڕەخنەی وێرانکار بەکار دەهێنن، ڕەخنەی زۆر توند ئاراستەی بەرامبەرەکەیان دەکەن، وەک ئەوەی لە جەنگ بن پێویستە سەرکەوتن بە دەست بهێنن، تەنیا ئەو کاتە هەست بە ئارامی دەکەن کە رقی ناخیان ئاراستەی کەسە سەرکەوتووەکان دەکەن، بەهەموو شێوازێکی ئاشکرا و نهێنی هەوڵی شکست پێهێنانی کەسانی دیکە دەدەن، لەبارودۆخ وەردەگرن بەئەنقەست گاڵتەجاریەکانیان لە لەتۆڕی وێرانکاری کۆدەکەنەوە، سەرکەوتنی کەسانی دیکە بە ڕێکەوت دەزانن، وابیر دەکەنەوە ئەوان شایەنی ئەوە نیین، لەگەڵ هەر هەنگاوێکی بەرەو پێشچوونیان، ڕقەکەیان زیاتر دەبێت ..

دەبێت ئەوە بزانیت بەقەد جوانی خەونەکانت کەسانێک دەخوازن هەنگاوەکانی سەرکەوتنت لەناو ببەن، وەک چۆن خۆیان هەر لەسەرەتادا رادەستی تێکشکان و دەرئەنجامەکانی کردووە..

**جۆن ورد دەڵێت :- (گرنگی زیاتر بەکەسایەتیت بدە، نەک ناوبانگ دەرکردن، چونکە کەسێتی ئاوێنەی ڕاستییەکانە، بەڵام ناوبانگ دەرکردن بیروڕاو بۆچوونی کەسانی دیکەیە).**

ئەوکاتێ گرنگی بەو جۆرە کەسانە دەدەیت و هەڵیان بۆ دەڕەخسێنێت تا وێرانت بکەن و ورد و خاشت بکەن، کاتێک گرنگی بەو کەسانە دەدەیت زوڵم لەخودی خۆت دەکەیت بەرامبەر خۆت

ناڕەوا دەبیت، چونکە هەرچەند گرنگی پێبدەیت ناتوانی دەمیان بگریت، بەڵکو واباشترە خۆتیان لێ دوور بخەیتەوە و بەردەوام بیت لەسەر بە ئەنجامگەیاندنی کارەکانت، بەدوای ئەوکارانەدا بگەڕێ کە ئیرادە و خۆڕاگریت بەهێز دەکات بەرامبەر خەونەکانت، هەڵەکانت ڕاست بکەوە خەونەکانت لا بە نرخ بێت، لێکدانەوەیەکی ورد بۆ دەروونی خۆت بکە، چونکە تۆ بەرپرسیاریەتێکی گەورەت لە ئەستۆیەدایە ..

**هنری وارد دەڵێت :-**

بەرپرسیاریەتێکی گەورەتر لەوە هەڵبگرە کە خەڵک چاوەڕوانیت دەکات، ئاگادار بە کاتێک ویستت هەموو خەڵک ڕازی بکەیت، خۆت دەخەیتە ناو تونێڵیکی تاریکی بێ کۆتایی، ئەستەمە هەموو تاکێک لێت ڕازی بێت و تۆیان خۆشبووێت، بەڵام گەر بە هێمنی و لەسەر هەمان هەنگاوی کەسانی سەرکەوتوو هەنگاو بنێیت و بەردەوام بیت دەگەیتە ئامانجەکەت، بێگومان تۆ خاوەنی ئیمان و باوەڕێکی گەورەیەت کە کەسانی دیکە لێی بێبەشن، بەیارمەتی ئەو ئیمان و باوەڕەی لەناخی لەتۆدا هەیە دەتوانیت بەردی ڕق ورِقداری وردوخاش بکەیت ..

**بروسی بارتونیش دەڵێت :-**

**(ئەو کەسانەی ئازایەتی باوەڕداریان هەیە، هێزێکی ڕادەبەدەر لەناخیاندا هەیە و دەتوانن بەسەر بارودۆخی خراپ و نەخوازراو زاڵ ببن، هەر ئەوانن دەتوانن کاری سەرسوڕهێنەر ئەنجام بدەن**

## تۆ خاوەن بڕیاریت ..

ئارەزووی چ جۆرە ژیانێک دەکەیت بۆ خۆت؟ ژیانێکی داماوانە و تێکشکاو، یاخود ژیانی نوێخوازی و کەسانی ڕێگای گەشبینی؟! .

ژیانمان نقومی دەریاچەی کێشە و ئاریشە بێکۆتاکان بووە, ئەوانەی دەبن بەبەربەستی یەکڕیزی و گەشبینی، ئەوانەی دەبنە هۆکاری گرژی و نائارامی و دەمارگیری، بەڵام دەبێت بزانیت تۆ یەکەم و کۆتا کەس نیت لەم گەردوونە فراوانەدا، بەدەست ئەم ئاریشە و کێشانە سەرگەردانیت، بەڵکو چەندان کەسی دیکە بوونەتە نێچیری ئەو کێشانە، ئەوەش بەکارێکی سروشتی دادەنرێت، ناسروشتییەکەی بریتییە لە شێوەی تێڕوانین و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان، کەسانێک هەن لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا تووشی هەڵەی گەورە و کوشندە دەبن و لە خۆیانی گەورە دەکەن و ئالای سپی بەڕوویان بەرز دەکەنەوە، لایەنی ئەرێنی ژیان ڕەتدەکاتەوە، بەپێچەوانەوەش ئەو تاکەی زانیاری لەسەر ژیان هەبێت، دەزانێت ژیان لەسەر یەک هێڵ و بە شێوەی ئاسۆیی ناڕوات، بەرامبەر ئاریشە و کێشەکان خۆڕاگر و ورەبەرز دەبێت، بەهێمنی کۆنترۆڵی کارەکانی دەکات، ژیرانە و دوور لەگرژی و هەڵچوون بەئیرادەوە بەرەنگاریان دەبێتەوە و بەسەریاندا زاڵ دەبێت ..

**د . ولیام جیمس دەڵێت :-**

**لەژیان مەترسە،متمانە و بڕوا بەخۆبوونت بەهێز بێت، متمانە و بڕوا بەخۆبوونەکەت یارمەتیدەرت دەبێت بۆبەدەستهێنانی ئەو واقیعەی دەیخوازیت.**

بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەڕێکەوت نییە، بەڵکو ماندووبوون و هەوڵدانی درێژخایەن و بەردەوامی دەوێت لەبەدەستهێنانی خەونەکان، کەسانێک هەن بەبیرۆکەیەک جیهانیان گۆڕیوە، بیرۆکەکەش لەسەرەتادا لەخەیاڵ و سەراب (تراویلکە) چووە، چونکە بڕواییان پێی هەبوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان و بەرەنگاری هەموو ئاستەنگەکان بوونەوە کە ڕێگربوون لە سەرکەوتنەکانیان، ڕەخنەی وێرانکاریان پشتگوێ دەخست و لەکۆتاییدا ناوەکانیان لەمێژوو تۆمار کرا ..

بۆ ئەوەی کەشتی ژیانت بەڕێوە ببەیت، پێویستە خۆت بناسیت و پرسیار لەخۆت بکەیت تۆ کێیت و تواناکانت چەندە؟ بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاست بگریت، دەبێت بزانیت لەڕێگادا تووشی باوبۆران دەبیت و ئاستەنگ دەێنە ڕێگات، نابێت ئەوە لەیاد بکەیت تۆ کابتنی کەشتیەکەیت، هەرتۆش بەرپرسیاریت لە ڕووداوە کت وپڕەکان و ئەنجامەکانیان، تۆ ئەو کەسەیت پێویستە کەشتیەکە بەسەلامەتی بگەیەنیتە کەناری دڵنیایی ..

لەوانەیە بیرۆکەیەکت بە مێشک دابێت، وەک بەهرەدارانی مێژوو لێهاتوو نیت بۆ بەڕێوەبردنی کەشتییەکە، بەپێچەوانەوە تۆش وەک ئەوان خاوەنی هێز و توانای بێهاوتایت پێویستیت بەوە هەیە لەخەوی قووڵ بەئاگا بێتەوە.

**ئۆرسن ماردنا دەڵێت :-**

**لەناخی هەموو مرۆڤێکدا هێز و توانایەکی کپکراو هەیە، هێزێکە ئەگەر بە ڕێکی بەکاربهێنرێت خودی کەسەکە سەرسام دەکات، هێزێکی هەست پێ نەکراوە ئەوکاتانەی ڕێکی دەخات و بەکاری دەهێنێت شۆڕشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ دروست دەکات..**

بڕوایيت بەخۆت هەبێت تۆ خاوەن عەقڵ (ئاوەزێکیت)، بەڵام تەنیا بەس نییە بۆژیان، گرنگ لەوەدایە چۆن بەکاری دەهێنیت و ڕێکی دەخەیتەوە تاوەکو لەگەڵ ئامانجەکانتدا بگونجێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە سۆزێکیشت بەرامبەر ئامانجەکانت هەبێت، تا ببێت بە هاندەرێک بۆ بەدەستهێنانی خەونەکانت.

گرنگ نییە مرۆڤ چەند زانیاری لەسەر ژیان هەیە، گرنگی لەوەدایە تاچ ڕادەیەک پابەندی دەبیت پێیەوە..

## یەک هەنگاو بۆ پێشەوە ...

کاتێک هەنگاوێک بەرەوپێش دەچیت، لەوانەیە ئەو هەنگاوە بەتەواوەتی ڕێڕەوی ژیانت بگۆڕێت بەرەو ژیانێکی پڕ لە ئومێدت ببات، بەڵام ئەوە کاتێک ڕوودەدات گەر هاتوو لەسەر بنەمای لۆژیکیانە بێت، سەرەڕای بوونی تواناو کارامەیی لە هەڵبژاردنی بڕیاری گونجاودا، وەک هەوڵدانێک بۆ گەڕاندنەوەی متمانە بەخۆبوون، بێ بیرکردنەوەو ڕیکخستنەوە پلانە داڕێژراوەکانت ماندووبوونت بێهودە و مانا و سوودی نابێت، بەڵکو لەبازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێتەوە، ئەوکات بڕیارنەدان دەبێت بە نەریتێکی ئاسایی و دوودڵی دەبێت بە نیشانەیەکی سەرەکی لەکەسێتیدا، بەردەوام ئەتکات بە کەسێکی پەشۆکاو و نیگەران، کەسانێک یەک هەنگاو لەسەرکەوتن دوور بووینە، بەڵام بەهۆی پابەند نەبوونیان بەکارەکانیان هاوسەنگی خۆیان لەدەستداوە و تاکو کۆتایی بەردەوام نەبوونە.

**تۆماس ئەدیسۆن دەڵێت:**

**زۆربەی دۆخەکانی سەرنەکەوتنی تاک لەژیاندا هۆکارەکەی بریتییە لەوەی ئەوان هەستیان بەوە نەکردوە لەسەرکەوتن نزیکن، هەر لەسەرەتادا تەسلیمی واقیع بووینە..**

کاتێک تاکی باوەڕدار بڕوای بەبیرۆکەیەک دەبێت، ئەو بیرۆکەیە ئاسوودەیی لێ هەڵدەگرێت خەو لەچاوانی ناکەوێت، ئەوکاتانە نەبێت خەون و هیواکانی دەبن بە واقیعێکی ئاشکرا و هەست پێکراو، چونکە پابەند بووە بە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی.

دەبێت بزانیت ئەگەرهاتوو لەکاتی هەوڵدانەکانت ئامانجەکانت نادیار و شاراوە بوون و نەخشەی پێویستت بۆ دانەڕشتبێت، وەک ئەوە وایە هەنگاو بۆ شوێنێکی نادیار بهاوێیت و هیچ زانیارییەکت لەبارەی ئەو شوێنە نەزانیت، پێویستە گرفت و ئاریشە یەک لەدوایی یەکەکانت چارەسەر بکەیت.

**زجلر دەڵێت ..**

**زۆرجار تاک لەکارەکەیدا سەرکەوتوو نابێت، هۆکاری سەرنەکەوتنەکەی بێ توانایی نییە، بەڵکو بەهۆی پابەند نەبوونەوەیە ..**

تاکەکان خەون بەشتێک دەبینن هەنگاوی ئیجابیانەی بۆ دەهاوێژن، تەنیا خەونێکەو هیچیتر نییە، دەتوانیین بڵێین ئومێد و ئارەزووە، بیرۆکەکە لەناو بازنەی ئومێدەوە لەدایک دەبێت، چونکە نازانێت لەسەرەتادا لە چ خاڵێک دەست پێ دەکات و لە چ خاڵێک کۆتایی پێدێت، بۆیە پێویستە یەکەم هەنگاو ئەوە بزانیت چۆن بیر دەکەیتەوە و بەچ شێوەیەک پلانی گونجاو بۆهەنگاوەکان دابڕێژێت وەک ڕێنمایی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان ..

هەوڵبدە دۆخێکی یەکسان لەنێوان ئەوکارەی بڕوات پێی هەیە و ئەوەی گرنگی پێدەدەیت بخوڵقێنیت، تاکو ببێت بەپاڵنەری سەرەکی و بەهێز بۆ هەنگاوی یەکەمت، دواتر بەدەستهێنانی ئامانجەکانت لەسەر زەوی واقیع ..

**یوهان جوته دەڵێت ..**

**هەموو بیرۆکەیەکی حەکیمانە چەندان جار بیری لێ کراوەتەوە، بۆیە پێویستە ئێمەش چەندان جار بیر لەبیرۆکەکەی خۆمان بکەینەوە بۆ ئەوەی ڕەگەکەی لەقووڵایی تاقیکردنەوەکانمان بچەسپێت ..**

هەنگاو هەیە پەشیمانی لەدواییە، لەبەر شاراوەییەکەی لەڕووی دەروونیەوە تواناو هێزێکی لەبن نەهاتووی دەوێت، لەتواناتدا نییە بەئاسانی بەسەریدا سەربکەویت، بینە و بەردەکانی ژیان زۆرن و گەندەڵیەکان زۆر بەهێزن، دەبێت لەگەڵ دەروونندا هەنگاوی دیکەی بۆ بنێیت و بۆگێڕانەوەی هاوسەنگی سروشتی و ببێتە هاندەری وهۆکاری چاکەکانت.

دووبارە هەوڵبدە پارێزگاری لە هاوسەنگیت بکەیت و متمانە بۆ خۆت بگەڕێنیتەوە و جێگیریەکەت بپارێزیت، هەست بەگرنگی بەو هەنگاوە بکە کە دەیهاوێژیت، لەوانەیە هەموو ژیانت بگۆڕێت ..

## ساختەکاری ناخ ...

کاتێک جیهان پێمان پێدەکەنێت، پێی سەرسام دەبین لەناخماندا ڤایرۆسێکی زیانبەخش گەشە دەکات، جێگای خۆی دەکاتەوە وادەکات شێتانە گیرۆدە بین، لەحەز و ئارەزووەکان تێرنابین, ئاشکرایە ئەو ڤایرۆسانە نیەتێکی شەیتانن لەڕەگ وڕیشەوە بۆگەنن لەگەڵ ڕەشەبای یاخیبووندا جێگای خۆیان لە ناخدا کردۆتەوە، ئاوی پاک و خاوێن دەخۆینەوە لەکۆتاییدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سوێرە هەرچەن بیخۆیتەوە تینوێتیمان پێ ناشکێت، بەڵکو تێنوێتیەکە زیاتر دەکات.

پەیوەستبوونمان بەوشتانەی کە هەست دەکەین بەختەوەرمان دەکات و لەدواییدا بوونیان نامێنێت، ژیانمان ڕازاندۆتەوە پڕمان کردووە لە شتی جوان و گرانبەهاکان، هەست دەکەین شێوەی بلوورینیان هەیە، کەسانێک هەن بەبیرۆکەکانیان سەرساممان دەکەن و سەرنەکەوتنەکانیشیان بێ هیوامان دەکات، بیرۆکەی شەیتانی و مەزهەبی نقومی دەریای ژیانیان کردووین، کوێر بووینە و ڕێگا ڕاستەکانمان ونکردووە، خراپەکاری و ساختەکاری وەکو شەپۆلی دەریا هەڵدەچن، سەوڵی کەشتییەکە لە دەستمان دەلەرزێت،

لووتبەرزێتیمان ڕێگا نادات ئەو ساختەکاری و زۆر و زۆرداریانە لەناو ببەین ...

تۆفانی تووڕەبوونی دەروونمان بەردەوام لەزیاد بووندایە، ساختەکارییەکان لە ئیمانماندا ڕەنگدانەوەی هەیە، دەروون لەتوانایدا نییە جڵەوی کەشتی ڕزگاربوون بخاتە ئەستۆی خۆی، هەڕەشە لەو ڕۆژانەمان دەکات کە لەژیان ماوین ..

کێ دەتوانێت لە گەندەڵی ویژدان و سەرلێشێواوی ژیان ڕزگارمان بکات، خراپەکارییەکانمان دابمرکێنێتەوە و لە تاوان ڕزگارمان بکات؟ ئەی پەروەردگارە جگە لەتۆ کەسیترمان نییە؟! .

دوورکەوتنەوەمان لە تۆ، وای لە ژیان کردووە خۆی بۆمان برازێنێتەوە خەیاڵمان لە زەوی خۆمان ڕوواند سەرابیش لە دەروون، لەبازنەی دڵنیایی دەرچووینە و بەساختەی نەفس سەرسام بووینە.

دوودڵ مەبە لە لێدانی دەرگای پەروەردگار، چونکە لەنێوان تۆ و خودا یەک هەنگاو هەیە، لووتبەرز مەبە لەم دەرگایە بدە بۆ ئەوەی لە ساختەکاریی و تۆفانی وێرانبوونی دەروون ڕزگارت ببێت، گڕی هەوەس و ئارەزوومەندی لەناخت دابمرکێنەوە و یاخیبوون ڕابگەیەنە، ئێمە بێ یارمەتی ئەو ڕزگاربوونمان مەحاڵە، خۆت لە گوناهەکان پاک بکەوە و دڵنیاییبوونت دیاری بکە، بۆشاییەکانی دەروونت بە بەتاڵی جێمەهێڵە، ئینجا چاوەڕوانی کۆکردنەوەی بەروبوومی شیرینیەکەی بە..

**سیحری وشه ...**

وشه سیحرێکی تایبەتی خۆی هەیە لە دیاریکردنی کەسێتی مرۆڤ، بێ وشەی جوان نیعمەتێکی گەورە لەدەست دەدەین، ئامرازێکی کاریگەرە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و گۆڕینیان بۆ هەڵسوەکەوتکردن لەگەڵ کەسی بەرامبەر، هەر بۆیە کاریگەری ئەرێنی دەکاتە سەر ژیانی تاک.

هەڵبژاردنی وشەکانت کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی دەکاتە سەر هەست و سۆزت، بۆیە بەردەوام بەدوای وشەیەکدا بگەڕێ پێی سەرسام بیت، کاریگەری زیندووی هەبێت لەڕووخۆشی و دەروون و خەیاڵ، چونکە وزەبەخشە و توانا دەبەخشێت و هاندەرێک دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان، لەهەمانکاتیشدا دەبێت تاک خۆی لەو وشە نەرێنی و وێرانکەر دووربخاتەوە کە دەورەیان داوە..

ئاساییە کاتێک تاک قسە دەکات هەست بە تێروانینی خۆی بکات بۆ ژیان و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ بەرامبەرەکەی بۆ ئەوەی شارەزایی پەیدا بکات.

**مارک توین دەڵێت :-**

**وشەی ڕاست و ڕەوان  هۆکارێکی بەهێزە، کاتێک ڕووبەڕووی یەکێک لەم وشانە دەبینەوە کاریگەری ماددی و مەعنەوەی خێرای دەبێت.**

**ئەلدوس هیکسلی دەڵێت :-**

**وشەکان دەزوون شارەزایمان پێ دەچنن..**

مێژوو بۆمان دەگێڕیتەوە کە خەلیفەی عەباسی ( ئەبوجەعفەر ئەلمەنسور) داوای لە ئیمامی (ئەبی حەنیفە نوعمان) کرد دەسەڵاتی دادوەری وەربگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵام ئەو داوای لێبووردنی کرد، خەلیفەش بڕیاری بەندکردنی بەسەردا سەپاند، بە تۆمەتی جێبەجێ نەکردنی بڕیاری خەلیفە، ڕۆژێک خەلیفە بانگی کرد و پرسیاری لێکرد ئایا تۆ بەوە ڕازی نیت کە ئێمە دەمانەوێت ؟ لەوەڵامدا وتی جەنابی خەلیفە من شایەستەی ئەم جێگایە نیمە، بەتووڕەیی وتی تۆ درۆم لەگەڵدا دەکەیت ! ئەویش بە حەکیمانە و هێمنی وەڵامی خەلیفەی دایەوە و وتی منت بە درۆزن تۆمەتبارکرد، ئایا کەسی درۆزن شایەستەی  وەرگرتنی دەسەڵاتی دادپەروەرییە ؟ ئەگەر من درۆزن بم شیاوی ئەم پۆستە نیم، ئەگەر ڕاستگۆش بم ئەوە پێشتر بەخەلیفەم گوتووە من شیاوی وەرگرتنی ئەم پۆستە نیم، خەلیفە هیچ وەڵامێکی لانەبوو بۆ پرسیارەکانی، بۆیە بۆ زیندانی گەڕاندنەوە.

هەر لەچرکەی یەکەمدا ئیمام حەنیفە ئاگاداری ئەوە بوو مامەڵە لەگەڵ کێ دەکات، بەبەڵگەی بەهێز و پشتبەستنی بەخودای گەورە و هێمنیەکەی ئەو وشانەی هەڵیبژارد خۆی ڕزگارکرد .

هەروەها پێغەمبەر موسا داوای لەخودا کرد هاڕوونی برای بکات بە یارمەتیدەری، چونکە هاڕوون زمانزان بوو!

ئەو کەسەی شارەزایی هەبێت لە کاریگەری وشە بەردەوام گەشبین و لە ژیان سەرکەوتووە، پێش ئەوەی قسە بکات بیر دەکاتەوە، ئەگەر یەک وشەشی دەربڕی وشەکانی وەک سیحرێک بەرامبەرەکەی بەختەوەر دەکات و بەهای بەرامبەرەکەی دەزانێت.

**هێمنی دڵەکان ...**

کەسانێک هەن شوێنی خۆیان لەناودڵ و دەروونماندا کردۆتەوە، لەیادکردنیان ئەستەمە، لەهەر شوێنێک بن هەست بە ڕاستی و کاریگەری وشەکانیان دەکەین، گوفتارەکانیان سەرسامامان دەکەن، بەبینینیان بەختەوەر و کامەران دەبین، لەکاتی دوورکەوتنەوەیان فرمێسک لەچاوەکانمان قەتیس دەبێت، ئەوان گەشبینن و هەموو کەسێکیش بە جوانی دەبینن، بە بوونی دڵی سافیان ناوە ناوە هیواو ئومێد دەبەخشنە بەرامبەرەکەیان.

ئەوان بەختەوەری دەبەخشنە خۆشەویستانیان، لە هەر باغێک گوڵێکیان پێشکەش دەکەن، خەونەکانیان گەشاوەتر دەکەن، بەکزەبای ڕەحمەت غەم و ئاریشەکانیان کەمدەکەنەوە و دڵیان دڵنیا دەکەنەوە، پێویستیمان بە خۆشەویستی ئەم جۆرە کەسانە نییە، بەڵکو ئێمە پێویستیمان بەدڵەکانیان هەیە چۆن خۆشەویستیمان پێ دەبەخشێت.

کەسانێکیش هەن دڵەکانیان پڕە لە وێرانکاری و و کینە و ڕقداری، لەگەڵ یەکەم بینیان هەست دەکەیت ئەوان ڕقدارن، بەئەنقەست زامدارت دەکەن، هەموو تاکەکان لێیان دوور دەکەونەوە،

دوورکەوتنەوە لێیان و مامەڵەنەکردن لەگەڵیان دەستکەوتێکی گەورەیە، ئەوان چڵێس و برسین بە ئاستەم تێر دەبن، بەردەوام داوای زیاتر دەکەن، لایەنی چاکەکاریان گەندەڵ کردوە و کردویانە بە زوڵم و زۆرداری لە ناخیان دوور کەوتوونەتەوە، بە سروشتی ماددیین هەست بە شانازی جوانی پلە و پایە و پۆستەکانیان دەکەن، لەدوای کۆتایی هاتنی پلەو پایەکانیان دەگەڕێنەوە هۆشی خۆیان، ئەوان جاهیل و نەزان و دوورن لە ڕووناکی پەروەردگار.

## چێژ له ژیان ببینه ...

زۆرجار ساتەکانی بێئومێدی خۆی دەخزێنێتە ناو پێکهاتەی کەسێتی مرۆڤ و بەسەریدا زاڵ دەبێت، بەهۆی هۆکاری جۆراوجۆرەوە، لەوانە پاڵەپەستۆی ژیان و کەسێتی و گرفتەکانی ناو خێزان هەمووی وای لێدەکەن ڕقی له ژیان ببێتەوە، هەوڵی خۆکوشتن دەدات هەست دەکات جیهان بەتەنیا بۆ بەهێزەکانە . .

لەناخەوەدا داڕماوە و خۆی ڕادەستی هۆکارەکانی ناخ کردووە، هیچ هیوایەکی بە ژیان نەماوە بۆتە نێچیرێکی سانا، بڕیاری ئەوەی داوە بێهێز و شکست خواردووە لەهەموو بوارەکان سەرنەکەوتووە، پێشوەختە بڕیار دەدات هەرکارێک ئەنجامبدات سەرکەوتوو نابێت و شکست دەهێنێت و جوانی و رووناکی جیهان بە ڕەشی دەبینێت، ئەو شایەستەی ئەو شوێنانە نییە کە کەسانی تر تێییدا سەرکەوتوو بووینە ئەو بەڕێکەوت هاتۆتە ئەم جیهانەو بەشێوەیەکی ناتەندروستیانە هەنگاو بۆ ئامانجەکان دەهاوێژێت.

لەوانەیە بیرکردنەوەکانی ڕاست و دروست بن، زۆری ئەوانەی لەسەر کورسی دانیشتوون شایەستەی ئەوە نیین و لێهاتوو نیین بۆ ئەم شوێنە، بەڵام کەسانێک هەن بە لەسەرخۆ و بەهیمەتەوە چاوەڕوانی ڕووناکییەک دەکەن بۆ ئامانجەکانییان.

بزانە ئەوەی بەئاسانی گەیشتۆتە ئەو شوێنەی شایەستەی نییە، بەئاسانیش دەکەوێتە بنی بیر.

هەڵسەوە سەرپێی هۆکارەکانی بێئومێدی لەناختدا مەهێڵە، لەناوەوەی ناخ و خودت بگەڕێت، تۆش هەمان هۆکارت هەیە کە کەسانی تر هەیانە، خۆت لەو ئاستەنگانە ڕزگار بکە بۆ خۆتت دروست کردوون، ئومێد بەو ژیانە بخوازە کە خۆت دەتەوێت نەوەک ئەو ژیانەی کەسانی دیکە دەیانەوێت، ئەگەر هۆکاری سەرکەوتنت دەست ناکەوێت، بە شکستیش ڕازی مەبە.

بەردەوام بە، خۆشی ژیان لە گرفت و ئاستەنگ دایە، بەپێی هەوڵدانت دەستت دەکەوێت، گۆڕانکاری لە ژیان بکە و نوێی بکەوە، ئەگەر تەسلیمی بیت تۆ تاکە خەسارەتمەندی دونیا و ئاخیرەتی، لەبیر نەکەیت یەکێک لە خەسڵەتەکانی خودای گەورە دادپەروەرییە، هەریەکە مافی ئەوەی هەیە مافی خۆی وەربگرێت زۆر بێت یاخود کەم..

**بیرۆکەیەکەم هەیە ...**

ئەوکاتانەی مرۆڤ بەچرکەیەک لە چرکەکانی ژیاندا تێدەپەڕێت، لەوانەیە ئەو چرکەیە ببێتە مایەی گۆڕانی ژیانی، زۆربەی بیرمەندان بەرامبەر ئەم چرکەساتە هەڵوەستەیان کردوە، چونکە ئەو چرکەیە ڕووناکی بەخشە زیاتر لەلایەنێکی دەروون ڕووناک دەکاتەوە، ئەوان بەدوای وەڵامێکی حاشاهەڵنەگر دەگەڕێن، ژیانیان بەبیرۆکەیەک سەرقاڵ کردووە کە لەناو مێشکیان خولاوەتەوە، تا ئەو کاتەی گەیشتوونەتە راستی و دڵنیاییبوون..

پرسیارکردن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو و سووربوون لەسەر ئەوەی شارەزایی دەربارەی پەیدا بکەیت و لە گشت لایەنەکانی بکۆڵیتەوە ئیلهامێکی خودابیە بۆ ئەوەی خۆت و کەسانی چوار دەورتی پێ بگۆڕیت، ڕێگا مەدە ئەم جۆرە بیرۆکانە بەسانایی لەدەست بدەیت، بەڵکو لەگەڵ شارەزایانی زانست و زانیاری گەشەی پێبدەو گفتوگۆی لەسەر بکە تەنیا یەک هەوڵدانی پێویستە..

**ئەنیشتاین دەڵێت:**

**پێویستە بەو شتانەی چواردەورمان سەرسام بین، پرسیار لە بوونیان بکەین، فەزولیەت هۆکارێکە لە بوونیان، شاراوەیی دەوری ژیانیان داوە، مانەوەیان سەرسوڕهێنەری واقیعن، هەموو مرۆڤەکان سەرسام دەکەن، بەڵکو دەتوانم بڵێم لەکاتی بیرکردنەوە لەو شتانە ترسەکانمان زیاتر دەوروژێنێت. زانینی هەندێک لە نهێنییەکانی**

**گەردوون بۆ مرۆڤ، بۆیە دەبێت ئاگادار بین سەرسامبوونمان بە فزولیەت لەدەست نەدەین...**

ئەو کارانەی جێبەجێی دەکەیت کەسانی تر ناتوانن هەمان کار ئەنجامبدەن، لەوانەیە بیرۆکەکەی ئەوان پەیوەندی بە واقیعەوە نەبێت، بەڵام لەوانەیە تۆ دەزوویێک بگریتە دەست و بیرۆکەیەکی پێ بهۆنیتەوە بۆ دروستکردنی کارێک کە شایەنییەتی تۆبیت، لەتواناتدا هەیە پەرەی پێبدەیت و تەواوی بکەیت ..

**برنادشۆ دەڵێت ..**

**کەسانێک هەن بوونی شتەکانی چواردەوریان سەرسامیان دەکات، بەتایبەتی کاتێک بەکردار دەیبینن، بەڵام ئەوەی منی سەرسام کردووە شتەکان لەخەیاڵی منە پێشتر بوونیان نەبووە، وام لێدەکەن ئەو پرسیارە لەخۆم بکەم، بۆچی ئەو شتانە بەکردار بوونیان نییە؟؟**

لەم ساتەوەختەدا لەگەڵ دەروونی خۆتدا گفتوگۆ بکە و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکە زیاتر شارەزایی بە، ئایا بەکام ئاراستە هەنگاو دەنێت، ئاراستەکەی ڕاستە و داوای چی دەکات ؟ چونکە کۆنترۆلنەکردنی ناخی خۆت زۆرجار تاک تووشی شەرمەزاری دەکات و تەمەنی لێ دەدزێت بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، لەدوایشدا پەشیمانی داد نادات..

**ئەی . م . جەری دەڵێت :**

**((کەسانی سەرکەوتوو نەریتێکیان هەیە یارمەتیان دەدات کارەکانیان بە سەرکەوتووی ئەنجام بدەن، سەرنەکەوتووان ناتوانن ئەمە جێبەجێ بکەن، مەرجیش نییە ئارەزوو بکەن ئەنجامی بدەن، بەڵام ڕق و کینەی بۆ ئەنجامدانی یەکسان نییە بەو هێزەی دەبنە پاڵنەر بۆ جێبەجێکردنی )) ..**

## ڕەفتارەکانی خۆت بگۆڕە ...

زۆرجار کردار و مامەڵەکردنەکانمان لەگەڵ تاکی بەرامبەر لەگەڵ ئاکاری ئێمە ناگونجێت، بەهۆی کاردانەوەی خێرا تووشی ئاریشەمان دەکات، پرسیار لەخۆمان دەکەین بۆچی بەم شێوەیە ڕەفتارمان کرد پێویستی بەو سەرئێشەیە نەدەکرد ؟ ! ئەو پەیوەندییە نابەجێ و نەشیاوانە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دووچاری هەڵە و خراپەکاری دەکات، پێویست بوو بەدرێژایی کات نەمابان و لەبیر کرابان.

بۆیە نابێت دوودڵ بیت لە لێبووردن بەرامبەر پەیوەندییە نەشیاوەکان و شەرم لە داوای لێبووردن نەکەیت، لێبووردن لە زۆر ئاریشەت دوور دەخاتەوە.

**بیر کلیر دەڵێت :**

**((هاوڕێیان هەموومان با هەڵسینە سەر پێی، بێزار بووین لە دانیشتن و کارە ناتەندروستەکان بێزاری کردین)).**

جار جاریش هەست دەکەین ئەوانەی لە چواردەورمانن دەزانن چیمان لێیان دەوێت و هەست بەو دۆخە دەکەن پێیدا تێپەڕ دەبین، ئەمەش وات لێ دەکات لێیان دوور بکەوینەوە، چونکە بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵنەستاون، ئەوەی پێویستە تۆ دۆخەکەی خۆتیان پێ ڕابگەیەنیت و گومانەکان دوور بخەیتەوە. لەهەمان کاتیشدا مەهێڵە کەسانی تر بزانن چیان لەتۆ دەوێت، لەم کاتەدا هەندێک کار ئەنجام دەدەیت وا دەزانیت بەرامبەرەکەت بەختەوەر دەکەیت، لەوانەیە ئەنجامەکەی پێچەوانە بێت، هەموو کاتێک تەنیا نیەتە باشەکان بەس نییە.

نەرم و نیان بە، بەنەرم و نیانی خۆشەویست دەبیت و لە دڵەکان نزیک دەبیتەوە و خۆت لە وشەی ( منی باڵا ) بەدوور بگرە، چونکە تۆ بەشێکیت لە هەموو، لەبرادەری خراپ دوور بکەوە مامەڵەکردنت لەگەڵ ئەوان فێری ڕەفتاری نەرێیانەت دەکەن و ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی خۆت و بەرامبەرەکەت دەبێت، بەدوای برادەی باش بگەڕێ تاکو ببن بەسەرچاوەی ڕەفتاری شیاوی ناو کۆمەڵگە.

شوێنێکی بەتاڵ بۆ دەروونت مەهێڵەوە کە تۆ جیاوازتری لە کەسانی دیکە، پەیوەندییەکانت لەگەڵیان باش بکە، بەتەنیا سەیری لایەنی ئەرێنییەکان مەکە، هیچ تاکێک بێ عەیب نابێت، بەڵکو لەلایەنە ڕووناکەکەی ناو دەروونیان بگەڕێ و ئەشکەوتی تاریکی دەروونیان پێ ڕووناک بکەوە.

ئەوکاتانەی بەڕێگادا دەڕۆیت خۆت لە ئازاردانی خەڵک بەدوور بگرە، بەزەییت بەهەژاران دابێتەوە، بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ تاکی بەرامبەردا بکە، لەوانەیە ئەستەم بێت جارێکی دیکە بیبینیەوە و خێرابە لە بەئەنجامگەیاندنی چاکەو چاکەکاری لەوانەیە دواین کارت دەبێت لەژیان، نوێژەکانت بەڕێکوپێکی ئەنجام بدە، چونکە تۆ ناتوانیت گۆڕانکاری لە ڕەفتارە نەرێنییەکان بکەیت، گەر رەفتارەکانت بەرامبەر خودای گەورە بەدڵسۆزی نەبێت، ئەوانە هەمووی لەپێناو گەڕاندنەوەی بەشێک لە ڕەفتارە ئەرێنییەکان .

بەسەر دەروونی خۆتدا زاڵ بەو پەرژینەکانی ڕەفتاری نەرێنی لەناخت دوور بخەوە، پێی ڕابگەیەنە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بۆ نەخشەڕێگایەکی نوێتر، ڕێگای هیوا و ئومێد و کامەرانی و مامەڵەکردن لەگەڵ بەرامبەردا بە خۆشەویستی و ئارەزوویێکی نوێ بۆ ژیانێکی نوێ..

## تاکێکی ئەرێنی بە ...

ئێمە زۆربەمان لەتەمەنی منداڵی بە کاتە خۆش و ناخۆشەکان تێپەڕیووین، بە درێژایی رۆژگار بۆتە خەسڵەتێک لە کەسێتیمان، ئەمەش بەکارێکی سروشتی دادەنرێت، بەڵام ئەوەی سروشتی نییە ئەوەیە کاتێک تاک بیرەوەرییە ناخۆشەکان بیر خۆی دەهێنێتەوە کاریگەری خراپ دەکاتە سەر دەروون و خودی و لەدوارۆژدا کاریگەری دەکاتە سەر پێکهاتەی کەسێتیی. تاقیکردنەوە ناخۆشەکان لە ئەقلی ناوەوە جێگیر دەبێت و لەدوواییدا گۆڕانکاری ئەستەم دەبێت، ئەمەش وا دەکات بەردەوام لەگەڵ خودی خۆت لە گفتوگۆدا بیت نەتوانی بەباشی کارەکانی بەئەنجام بگەیەنێت.

بەتایبەنی ئەوانەی لە ویژدانیان جێگیر بوینە، بەردەوام دەڵێت بۆچی من بێهێزم؟ فەرامۆش کراوم ؟ چەندان پرسیاری دیکەش ..

ئەم جۆرە ڕووداوانە تاک بێهێز دەکەن تواناکانی سنوردار دەکەن و بڕوابەخۆبوونی لەلا نامینێت، هەست بە وەڵامدانەوەی دەکات لە کاتی دیاری کراودا، ڕاستە تۆ بێتوانا و بێهێزی، بەڵام هەوڵی ئەوەت نەداوە بارودۆخەکە بگۆڕیت، بەهۆی تۆقاندنی خود و پەرچەکردارەکان، بەربەستت بۆ گۆڕینی دۆخەکە دروست کردووە، بەڵام ئەوکاتانەی لەگەڵ دەروونت ئاشت دەبیتەوە و پێی ڕادەگەیەنیت کە تۆ تاکێکی بەتوانای و بڕوا و متمانەی تەواوت بەخۆت هەیە، دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە، لەهەمانکاتیشدا بەپێچەوانەوەش ڕاستە، کاتێک خۆت بێهێز و بێتوانا بکەیت هەموو وەڵامدانەوەکانت لەناو دەبات..

بڕوات به خودی خۆت و دەروونی خۆت هەبێت و بەوپەڕی بەهێزیەوە ڕێڕەوە ڕاستەکانی ژیانت هەڵبژێرە، ئەوانەی دەبن بە هاندەرت بۆگۆڕینی بیرۆکە نەرێنییەکان بە بیرۆکەی ئەرێنی.

**گۆتە دەڵێت .. گومانبردن بە دەروون کارێکی شیاو نییە و گەورەترین زیان بە تاک دەگەیەنێت .**

تۆ تاکەکەسیت مافی ئەوەت هەیە ڕێگای بیرکردنەوەکانت دیاری بکەیت و جوڵێنەری سەرەکی کەسێتییەکەت بیت و دەتوانیت ژیانت بەختەوەر بکەیت، هەروەها دەبێت ئاگاداری وشە نەرێنییەکان بە کە دژی تۆ بەکاردێت و لە فەرهەنگی ژیانت دووریان بخەوە، تاکو هەست بەئارامی و ئاسوودەیی دەروون بکەیت ..

**فرانک ئۆتلۆ دەڵێت ..**

**چاودێری بیرۆکەکانت بکە ڕۆژێک دادێت دەبن بە کردار، چاودێری کردەوەکانت بە ڕۆژێک دەبن بە عادەت، چاودێری عادەتەکانیشت بکە ڕۆژێک دەبن بە نەریت، نەریتیش تاکە ڕێگایە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی تاک..**

بۆ نموونە، تۆ جگەرەکێش نیت، کەسێکی جگەرەکێش جگەرەیەکت پێشکەش دەکات، دوو ئەگەرت لەبەردەستدایە، یا ئەوەتە داواکاریەکەی ڕەت دەکەیتەوە یاخود ئەو زۆرت لێدەکات، یان باشتر وایە بڵێین ئیقناعت دەکات لێی وەردەگریت و دەیکێشیت، لەکۆتاییدا پابەندی بیرۆکە نەرێنیەکەی بوویت، ئەوەش بووە عادەت و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتییەکەت دروست کرد، کاتێک نەخۆش دەکەویت یەکەم پرسیاری دکتۆر ئەوەیە واز لە جگەرەکێشان دێنیت، لێرەدا تۆ خاوەن بڕیاریت بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆت..

**چۆن بەسەر شکستەکان زاڵ دەبیت ؟ .**

لەوانەیە ئەو کاتانەی تووشی ڕووداوێکی نەخوازراو دەبیت هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ بکەیت، هەست دەکەیت لەتواناتدا نییە چارەسەریەکی گونجاوی بۆ بدۆزیتەوە، پێویستە خۆڕاگر بیت بەرامبەر گرفتەکانی ژیان و پەسەندی بکەیت، تۆش وەک هەر تاکێکی ئاسایی کۆمەڵگە رووبەڕووی کێشە و گرفتەکانی ژیان و گۆڕانکارییەکان دەبیەوە .

بە ناخت بڵێ ئەم گرفتە کۆتایی ژیان نییە، چەندان تاکی کۆمەڵگە لەسەرەتادا سەرکەوتوو نەبوونە لە ژیاندا، بەڵام لەدوای دووبارە بەخۆداچوونەوە و هەوڵدانی بەردەوام و ڕێکخستنەوەی کارەکانیان لەجاران زیاتر سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، گرفتەکەیان هۆکارێک بووە بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ژیانیان و بەدەستهێنانی سەرکەوتن.

پێی بڵێ تۆ هەرچیەکت لەدەست هات ئەنجامتدا، نەرێنی بوویت و بەپێی تواناکانت بەرەنگاری گرفتەکە بویتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە بۆخۆت هۆکاری گرفتەکە بیت، پێیڕابگەینە تۆ کۆڵنادەی و لە هەوڵەکانت بەردەوام دەبیت، بۆڕاستکردنەوەی هەڵەکانت و گەڕاندنەوەی هاوسەنگی سروشتی بۆ بەردەوامبوونی ژیان، مەهێڵە گرفتەکەت ببێتە ئاستەنگ بێت بۆ بەختەوەری و گەڕاندنەوەی هیوا و ئومێد.

**گوتە دەڵێت:**

**((واز لەو شتانە بێنە تەنیا لە کاتە تاریکەکان هەستی پێ دەکەیت و پابەندی ڕووناکییە لەرزۆکەکەی دەبیت و دەیپارێزیت، ئەوەی لە**

**نزیکەوە بەرپرسیاریەکەی پێت سپاردراوە جێبەجێی بکە، کاتێک ئەوە ئەنجام دەدەیت بەرپرسیاریەتیەکی دووای ئەو ڕوون و ئاشکراتر دەبێت )).**

پێی رابگەیەنە هەست دەکەیت تووشی ڕووداوێک بوویت و توانای چارەسەرکردنت نییە و حالەتەکەت بەرەو خراپتر دەڕوات ( ڕووخانی خود )، نەک ئەو واقیعەی چواردەوری پەیوەندی بە گرفتەکە هەیە کە ڕوویداوە، چاوت لەسەر ئەوە بێت کە لەژیان ماویت و دەژیت، ئەوەی دەیخوازیت باشترکردنی ژیانتە و وەک هەرتاکێکی تر لەوانەیە هەموو کاتێک تووشی گرفت و کێشە ببیت.

**ئەلبێرت ئیلیس دەڵێت :**

**(( پێش ئەوەی خۆم بە سەرنەکەتوو دابنێم، دەتوانم ئاگاداری ئەگەرە باش و خراپەکانی ژیانم بکەم، چۆن دەتوانم سوود لەکاتەکانم وەربگرم سەبارەت بە کێشەکان، بەڵێ، لەوانەیە بەرەنگاری کێشە و گرفت ببمەوە، بەڵام دەبێت قەناعەتی چاوەڕوانکراوی ئەوەی ئێستا هەمە چۆن بێت؟ )) .**

خودی خۆت چۆنە ئەوەها قەبوڵی بکە، بیر و هزر و هەستەکانت هەڵسەنگێنە یارمەتی نەفسی خۆت بدەو گۆڕانکاری لە بارودۆخی خۆت بکە تا دۆخەکە ئالۆزتر نەبێت،

لەوانەیە ئەوەی تۆ کاری لەسەر دەکەیت چارەسەرکردن نەبێت لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوێکی ئیجابیانەیە بۆ ڕزگارکردنی دەروونت لە بێ ئومێدی و ڕووخانی خود، ئەوە لەیاد نەکەین خودای گەورە توانای هەیە دۆخەکان لە ساتێکی کەمدا بگۆڕێت بۆ دۆخێکی دیکە .

**گەر تۆ تاکەکەس بیت لەژێریدا چی دەکەیت؟**

ئەگەر قسە لەگەڵ دەروونی خۆت بکەیت و بیروڕای خۆتی پێ ڕابگەیەنی، دەربارەی ڕووداوەکانی چواردەورت بیرۆکەیەکی بۆ باس بکەیت و کەوا دۆخێکی ترسناک لەئارادایە و زەنگی ئاگادار کردنەوە لێدەدات، کەسانێک چاوەڕوانی تۆ بکەن ڕزگاریان بکەیت، تۆش لەوپەڕی دڵنیاییدای بیرۆکەکەت ڕاست و تەندروستە و بەڵگەی حاشا هەڵنەگرت لە بەردەستدایە، بەڵام کەسانی تر دڵنیاییەکەی تۆ بەناتەندروست و ناڕاست و ناواقیعیانە دەزانن و بەلۆژیکی نازانن .

ئایا لەم کاتەدا ئاڵای سپی بەرز دەکەیتەوە و خۆت لەو تووێژکردن دوور دەکەیتەوە و خۆت دەخەیتە لایەنگرانی ئەوان و قەناعەتیان بەوە نییە کە ئەنجامی دەدەیت؟ یاخود تۆش جەنگ ڕادەگەیەنیت و هاوڕای ئەوان نابیت و لەسەر بیر و بۆچوونەکانی خۆت مسوڕ دەبیت، بەپێی بیر و بۆچوونەکانی ئەوان دەبێت بەکەسێک بیر هۆشی خۆی لەدەستدا بێت و هەموو شتێک لەدەست دەدەیت ؟ یاخود تەنیایی هەڵدەبژێریت بۆ دوور کەوتنەوە لە شەڕانگێزان، بەبڕوای تۆ ئەوە باشترین چارەسەرە ؟ بەڵام کێ دەڵێت تەنیاییەکەت ڕاست و دروستە، چونکە تۆ بەشێکی لەم کۆمەڵگەیە.

زانا گالیلۆ هەمان شتی بەسەرهاتوە، ئەو بۆ جیهانی سەلماند کە زەوی خڕە، کەس بڕوای پێ نەکرد و هەموو لە دژی وەستانەوە و ئەویش لەماڵەکەی خۆیدا ماوە و تا کۆتایی تەمەنی، لەدوای مردنی بۆ جیهان ڕوون بووە کەوا زەوی خڕە، بۆیە ئەو تاکە کەسێکی عاقڵ بوو لەناو ئەوان.

**گرانبەهاترین کەس ...**

دایکی شیرینم ..

من باش دەزانم هەرچەندی هەوڵبدەم خۆم بەکەمتەرخەم دەزانم بەرامبەر مافەکانی تۆ، بەڵام تۆ هۆکارم بۆ بهێنەوە، ناتوانم گوزارشت لە وشەکانم بکەم من لەوان زیاتر پەی بە هیچ شتێک نابەم، تاکو لە ڕێگایانەوە نێوچەوانتی پێ ماچ بکەم، بۆ ڕازیبوونی تۆ و ئەو بەزەییە ئیلاهیەی لە دڵ و ئیرادەی تۆدا هەیە، هەروەها لەگەڵ ئەو ڕووبارە پڕ سۆزەی تۆ سەرچاوەکەی.

**دایکی شیرینم**

لەتۆ زیاتر کەسیتر شک نابەم ڕەنگەکانی ژیانم پڕ هیواو و ئومێد بکات، یەکەم هەنگاوی ژیانم دیاری بکات، وێنەی ڕۆژانی تەمەنم بکێشێت؟ تەتەڵەی زمانم بکاتەوە و فێری قسەکردنم بکات، شارەزایی ئەلف و بێی ژیانم بکات؟ ترسەکانم کەم بکاتەوە و کەم وکوڕییەکان و هەڵەکانم داپۆشێت؟ نزا لەپەروەردگار بکات چاودێریم بکات و بمپارێزێت، لە پشێوی و هەڵەشەیەکانم خۆش بێت ؟ .

دایکی شیرینم..

سەرزەنشتەکانت، سەرزەنشتی خۆشەویستی بێ بەرامبەرە و هۆکارە، ترسەکانی تۆ بۆ من بێسنوور و کۆتاییە، فرمێسکەکانت

بەنرخترین فرمێسکن، لەتۆ زیاتر کەسیتر شک نابەم ئارەزوو بکات ببم بە مەزنترین مرۆڤی سەر زەوی، داوای خۆشەویستیم بۆ بکات، دەرگاکانی خۆشەویستیم بۆ بکاتەوە، ئەی سەرچاوەی سۆز و خۆشەویستی، لە تۆ زیاتر کەسیتر شک نابەم لە باوەشی نەرم و نیانی سەرخەوێک بشکێنم، بێ شەرمکردن لە بەرامبەر تۆدا لە پڕمەی گریان بدەم، فرمێسکەکانم بۆ بسڕیتەوە، وەکو کاتی منداڵیم غەم و ئازارەکانی دەروونم ساڕێژ بکات.

گەر بەدرێژای تەمەنم بۆتۆ بنووسم مافی تۆ نادەمەوە، غەمبار مەبە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بە وشەیەک ئازارم دابیت، چونکە من بەرامبەر بە تۆ کەسێکی نەزان و کەمفەهم بووم..

## هاوكاری كەسانی دیكە بكە ...

لەكاتی بیركردنەوە و نووسیندا ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە بیربكەوە و بنووسە، كەسانێك هەن بڕواییان بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی تۆ هەیە، چاوەڕوانی ئەوەت لێ دەكەن دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بكەیت ئومێد و هیوایان بۆ بگەڕێنیتەوە.

كاتێك مامەڵە لەگەڵ تاكی بەرامبەردا دەكەیت، دڵت بكە بە زەویەكی بەپیتی ڕاستگۆیی و خۆشەویستی، كاریگەری ئەرێنی لە نێو دڵ و دەروونی كەسەكە بچەسپێنە، چونكە وشە جوانەكانت ڕەنگدانەوەی تایبەتی خۆی دەبێت بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ژیانی، شكستەكانی بۆ دەكەیتە سەركەوتن، بێ ئومێدی لای دەبێتە هیوا و ئومێد و بەچاوێكی جیاوازتر سەیری دونیا دەكات.

كاتێك لە شەقامی فراوانی ئەم جیهانە دەڕۆیت، بیر خۆت بهێنەوە كەوا تۆ پارچەیەكی جیانەبۆوەی ئەم جیهانەی، بە دڵێكی خۆش و ڕووێكی گەشەوە بەرەو ڕووی كەسانی دیكە بڕۆ و ڕێگا مەدە كاتژمێرەكەت لە یەك شوێندا بوەستێت، خودای گەورە نیعمەتی بوون و گەشەسەندنی ژیانی بە تۆ بەخشیووە.

**تاغور دەڵێت:**

**(گوڵەکان کۆ مەکەوە بۆ ئەوەی بیان پارێزیت، تۆ لەسەر کارەکانی خۆت بەردەوام بە، چونکە گوڵەکان بەردەوام لەڕێگادا بەگەشاوەیی دەمێننەوە).**

ئەو کاتانەی دەخۆیت و دەخۆیتەوە و بەهێمنی ئارامی دەخەویت، نیعمەتەکانی خودا گەورە بەبیری خۆت بهێنەوە کە لە ژمار نایەت **(وان تعدوا نعمه الله لاتحصوها)** کەسانێکی هەژار و بێنەوا و نەخۆش چاوەڕوانی دەستی تۆ دەکەن یارمەتیان بۆ درێژ بکەیت، بەپێی توانا یارمەتیان بدە.

لە ( الاثر ) هاتووە پیاو چاکێک نوێژ دەکات، لەوکاتەدا کەمئەندامێکی سواڵکەر بەلایدا تێدەپەڕێت، دوای ئەوەی نوێژەکەی تەواو دەکات دەستی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: خودایە تۆ خالقیت بۆچی کارێک بۆ ئەوانە ناکەیت ؟ خودا کەسانێکی دروست کردوە یارمەتی ئەم کەسانە بدەن.

کاتەکان زۆر بەخێرایی دەڕۆن و هەستیشی پێ ناکرێت، بە هیوای ئەوەین بۆ ساتێکیش بێت بگەڕێینەوە دواوە، تاکو چاکە بکەین و ئەوەی لەتوانامانداا نەبووە ئەنجامی بدەین، خەونەکانمان هەر لەسەرەتای لە دایکبوونیاندا بەسالاچووی بە ڕووخسارەوە دیارە، ڕێگای ڕاستمان ون کردوە، نەفس یاریمان پێدەکات، تاکو دڵ لەلێدان بەردەوام بێت کەسانێکیش هەن پێویستیان بە یارمەتی تۆ هەیە، لە تواناتدایە بێ ئومیدیەکەیان بگۆڕێت بۆ هیواو کامەرانی، تەنیا وایان لێ بکە لەخۆتیان نزیک بکەیتەوە، لەوکاتەدا دەبیت بەتاکێکی یارمەتیدەر و خودای گەورەش یارمەتیدەری تۆ دەبێت..

**گابریل جارسیا دەڵێت :**

**( کەمێک دەخەوم، خەونی زۆر دەبینم، هەست دەکەم ئەو کاتانەی چاوەکانم دادەخەم بۆ ماوەی (٦٠ ) چرکە لە ڕووناکی بێبەش دەبم، کاتێک لە خەوەکە بە خەبەر دێم، دەڵێم ئەگەر خودای گەورە ژیانێکی ترم پێ ببەخشێت جوانترین جل دەپۆشم و لەلایەنی ڕۆحیشەوە خۆم لەزۆر شت ڕزگار دەکەم، بۆ خەڵک دەسەلمێنم ئەوان بەهەڵەداچوونە کاتێک دەڵێن لەتەمەنی بەساڵاچوون عیشق نامێنێت، ئەوە نازانن ئەوان ئەگەر عاشق نەبن زوو پیر دەبن، باڵ دەبەخشمە منداڵەکان ڕێگایان پێدەدەم بەتەنیا بفڕن، بە بەساڵاچووەکان دەڵێم مردن بە هۆی پیری ڕوونادات، بەڵکو بە هۆکاری بیرچوونەوە ڕوو دەدات ).**

تۆ ببە جێگای ڕێز و ستایشکردنی کەسانی دیکە، لە شەوە تاریکەکان ببە بە مۆم و مەهێڵە خەندە لێوەکانیان بەجێ بهێڵێت...

## نەفس (خود.. دەروون) ...

زۆرجار نەفس بیر دەکاتەوە پەرژینێک نییە پارێزگاری لێ بکات و بیپارێزێت، هەست دەکات لەماڵێکی چۆڵکراو دەچێت و گەلە گورگەکان لورە لوری تێدا دەکەن، لە جیهانی ماددیەت و برسێتی و هەژارییدا پەرەی سەندووە و بەدوای سەربەخۆیدا دەگەڕاین، کۆیلایەتیمان دەستکەوت، شتەکان بەناوی خۆیان ناونانرێن و ناوی خوازراویان بۆ دۆزراوەتەوە، شەهوەت و ئارەزووەکان ڕازاندراونەتەوە، تووشی شەڕانگێزی بووینە، خالیقمان لەبیر کردووە و حیکمەتی بوونی نازانیین، چاوانی ئەوکەسانەی باسی ڕاستی دەکەن و دەیدرکێنن بەستراوەتەوە.

شەیتان دڵەکانی تاریک کردووە، ناخۆشییەکان زۆر و هەمەچەشن بووینە، بە زمانی شەیتان دونیا دەخوێنینەوە بە هەموو توانایەکی سەرنجی تاکەکان ڕادەکێشێت و کارو کردەوەکانی خۆی بەوان جێبەجێ دەکات.

بۆیە پێویستە نەفسی خۆت بە ئیمان و خوداپەرستی بپارێزیت و بە وشەی (استغفرالله) نوێی بکەیتەوە و لە گوناهەکان خاوێنی بکەیتەوە و ئاگری شەهوەتەکان دابمرکێنیتەوە، داوای لێخۆشبوون لە خودا بکە و سنوورەکەی بزانە و شوراکەی بەهێزبکە و بەرزی ڕابگرە، لە خراپەکاری خراپەکاران دوور بکەوە، لەکاتی بێکارییدا

فەرامۆشی مەکە و بەشک و گومان ناوی مەبە، لەو کەسانە ببوورە کەوا ئازاریان داویت و داوا لەخودا بکە هیدایەتیان بدات، لەکاتی ناخۆشییەکان فێری ڕازیبوون و خواپەرستی، فێری خوو و ڕەوشتی ئەرێنی بکە و پابەندی بکە بە داواکارییەکانی خودا و جێبەجێکردنیان و کە لەڕۆژی دواییدا ڕزگاربوون تیایدا ئاستەمە.

لە کۆتاییدا ئەوەت لەبیر بێت شەیتان توانای زاڵبوونی بەسەر تۆدا نییە، گەر خۆت یارمەتی نەدەیت و ئەو لەناو نەفس نزمەکان جێگاو شوێنێک بۆ خۆی دەکاتەوە...

## بەچاوێکی دیکە سەیری دونیا بکە ...

تاکەکانی ناو کۆمەڵگە هەریەکەو بە شێوەیەک سەیری دونیا دەکەن، بەپێی ئەو بارودۆخەی پێیدا تێدەپەڕێت، ئەمانە هەمووی کاریگەری ئەرێنیان دەبێت لەسەر دەرئەنجامی کۆتایی.

گەر دەتەوێت بەئەرێنیانە سەیری دەوروبەرت بکەت، لەسەرەتادا دەبێت لەلایەنە نەرێنییەکانی ناخی ژیان خۆت ڕزگار بکەیت و بەسەر کاردانەوەکانیاندا زاڵ بیت، شکستەکانی خۆت مەخەرە ئەستۆی کەسانی دیکە، لە هۆکارە سەرەکییەکەی دوور مەکەوە و دەروونت ئازار مەدە و سوود لە شکستەکان وەربگرە و مەیانکە بەبەربەست لە بەدەستهێنانی ئاواتەکانت. بیر لەڕابردوو مەکەوە، خۆت لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگە بەراوورد مەکە، تۆ بەشێوەیەکی جیاوازتر سەیری ئەو شتانە دەکەیت لەدەستتداوە، بەمە زوڵم لەدەروونی خۆت دەکەیت.

گەیشتن بە ئامانج و شارەزایی پەیداکردن بکە بە بنەمای ژیان، خۆت خاوەنی ئەم بیر و بۆچوونەیت و تاکەکانی تر شارەزاییان دەربارەی نییە، بەدوای ئەم بیرو بۆچوونەدا بگەڕێ و گرنگی پێبدە، بە چاوی خۆشەویستی و بێ فیزی مامەڵە لەگەڵ تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بکە، بەبێ مەرجی پێشوەختە بەشداری هیوا و ئومێد و خۆشی و ناخۆشیەکانیان بکە.

به دڵتەنگی سەیری ژیان مەکە و ڕۆژانی تەمەنت مەکە بە دۆزەخ، خەمەکانت بکە بە خەندە و پێکەنین، ناخ و دەروونت و ڕووخسارت بە ڕەزامەندی و شوکر برازێنەوە، بۆ ئەوەی دڵی بەرامبەرەکەت بۆ خۆت ڕابکێشی، بەچاوێکی تر سەیری ئامانجەکانت بکە، چونکە ئامانجی گەورە پێویستی بە ماندووبوونی زیاترە و کاتی زیاتری دەوێت.

بەچاوێکی سووک سەیری کارەکانت مەکە، ڕۆژێک دێت هەست بکەیت کارێکی گەورەت ئەنجامداوە و هەروەها هەست مەکە تۆ تاکە کەسیت لەژیاندا تووشی کێشە و گرفت دەبیت، ئەوەی سەیری گرفت و ئاریشەی کەسانی تر بکات سوپاسگوزاری خودای گەورە دەکات و بە ئاریشە و گرفتەکانی خۆی ڕازی دەبێت، سەیری ڕووداوە ناخۆشەکانی ئەمڕۆت مەکە و مەڵێ بەیانی بەهۆیەوە کارەسات ڕوودەدات، چاوەڕوانی ڕووداوەکان مەکە پێش ڕوودانیان، ئەوە کاریگەری دەکاتە سەر دەروونت.

وەک تاقیکردنەوەیەک ئەم جارەیان بە شێوەیەکی تر سەیری تاکەکان و شتەکان بکە، هەریەکەو نرخ و بەهای خۆی پێ ببەخشە دوور لە هەموو کاریگەرییەکان، ئەنجامەکانی سەرسوڕمانت دەکات، چواردەورەکەت هەموو گۆڕنکاری بەسەردێت بە هۆی گۆڕانی ڕەفتارەکانت بەرامبەریان و لە کۆتاییدا سەرکەوتوو بەدەست دەهێنێت..

## قسه و قسەڵۆکی خەڵک ...

هەرکاتێک بڕواییت بەو کارانە هەبێت کەوا ئەنجامی دەدەیت، بە بەردەوامی هەنگاو بنێ و ڕێگا بەکەس مەدە بەربەست بۆ هەنگاوەکانت دروست بکەن، گوێ بەقسەی نەیارانت مەدە، ئەو کارەی ئەنجامی دەدەیت ئەوان نەیانبیستوە و گوێیان لێ نەبووە، هەموو کاتێک پێشبینی دروستبوونی قسەی ئەوان بکە، کاتێک تۆ هەنگاوێک بەرەوپێش دەچیت، ڕق و کینەی ئەوان دوو ئەوەندە زیاتر دەبێت.

لەسەر هەنگاونان بەردەوام بە، تۆ ناتوانیت زمانی ئەوان بگریت، بەڵام دەتوانیت هێمنانە بەردەوام بیت لەسەر هەنگاوەکانت، کارەکانت بکە هۆکارێک بۆ وەڵامدانەوەی نەیارانت، ئەوان لەناخەوە گڕیان گرتووە وەڵامدانەوەیان دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات، بۆیە هێمنی و بێدەنگییەکەت وا دەکات کەسانی دیکە لەناوەڕۆکی ڕووداوەکان نەزانن، وەڵامدانەوەیان تەنیا بیر و هزریان سەرقاڵ دەکات و کاتێ تۆ بەفیڕۆ دەدات، بڕوا بەو قسانە مەکە دەربارەی تۆ دەگوترێت ئەوە کاری تۆ نییە، کاتێک وەڵامیان دەدەیتەوە زوڵمێکی زۆر لە خودی خۆت دەکەیت و کارێکی زیاتر لە تاقەتی خۆی پێ ڕادەسپێری و هیلاک و شەکەتی دەکەیت.

خۆت لەم جۆرە کەسانە بەدوور ڕابگرە و نەبیتە نێچیرێکی سانایان، ئەوکات لۆمەی کەس نەکەیت تەنیا خۆت بەرپرسیار دەبیت، ئەوان ڕۆژانە بەدوای نێچیر و قوربانییەکی نوێدا دەگەڕێن..

بەبەردەوامی هەنگاو بنێ و متمانەیەکی زۆرت بەخۆ هەبێت داوا لەخودای گەورەش بکە یارمەتییت بدات، زمانی خراپەکاران لاڵ دەکات ( **ان الله یمهل لایهمل** ).

بوونی جیاوازی نێوان کەسەکان بەگوێرەی ئەم دۆخە دەبێت کە پێیدا تێپەڕ دەبێت، هەندێک لەتاکەکانی کۆمەڵگە بەئارامگرتن سەرکەوتوو دەبن لە ژیان، بە پێچەوانەوەش راستە.

**جون وودن دەڵێت :**

**( گرنگی زیاتر بەکەسێتی خۆت بدە نەوەک بە ناوبانگی خۆت، چونکە کەسایەتی ڕاستییەکانی تۆیە، بەڵام ناوبانگ دەرکردن بیر و بۆچوونی کەسانی بەرامبەرتن ).**

## بیرۆکە نەگەتیڤەکان ...

ئاگاداری بیرۆکە خراپ و نەگەتیڤەکانی ژیانت بە و ڕێگرییان لێ بکە خۆشترین کاتەکانی تەمەنت لەناو ببەن و بیر و هۆشت پەرتەوازە بکەن و بێ ئامانجت بکەن، بە ڕێکەوت لەژیاندا بژیت، جیاوازی لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ و بەیانیدا نەکەیت، بە زمانی بێ ئومێدی بدوێیت، لەناوەڕۆکی شتەکان نەگەیت و پەنا بۆ کەسانی هەست نزم ببەیت و داوای یارمەتییان لێ بکەیت، بڕوابیت پێ بهێنن کە دونیا هیچ نییە و بەچاوێکی ڕەشبینانە سەیری بکەیت، ئەمانە دەبن بە هۆکاری پەشیمانی و ڕق و کینە بەرامبەر تاکی بەرامبەر.

بیرۆکەی نەرێنی خەندە و پێکەنینەکانت لەناو دەبات، مۆمی ئومێدت دەکوژێنێتەوە، خۆشییەکات دەگۆڕێت بۆ ناخۆشی، وادەکات لەژیان بێزار بیت، هێز و تواناکان لە ناو دەبات بەرەو خۆکوشتن هەنگاوت پێ دەنێت.

خۆت لەو جۆرە بیرۆکانە ڕزگار بکە و ململانێیان لەگەڵ بکە، خۆت بکە بەپاسەوانێکی دەروونت و دڵڕەق بەر بەرامبەری، فەرامۆشی مەکە، بیکە بەزەوییەکی بەپیتی ئارامی ژیانت و پارێزگاری لێ بکە.

**ماردون دەڵێت:**

**( ئەگەر ئارەزوو دەکەیت سەرکەوتوو بیت لە ژیان، پێویستە وەک سەرکەوتووێک کار بکەیت و بیر بکەیتەوە و سەیری خۆشییەکانی ژیان بکەیت، نەک وەک شکستخواردووێک ).**

## کەسێکی شەڕانگێز مەبە ...

ئەوکاتانەی تاک تووشی سوکایەتی پێکردن دەبێت، بە سروشتی ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە دەکات و دەیەوێت وەڵامی بەرامبەرەکەی بداتەوە، زۆر خراپتر بەڕووی دەوەستێت و هەموو هێز و تواناکانی بەکار دەهێنێت، سیاسەتی ترس و تۆقاندن دەگرێتە بەر، تاوەکو جارێکی تر ئەمە دووبارە نەکاتەوە و ئەوە بزانێت ئەو تاکێکە و بوونی هەیە.

ئەستەمە تاک ئەو کەسە لەبیر بکات ئازاری داوە و سوکایەتی پێکردووە، بۆیە تاکە بیرکردنەوەی تۆڵەسەندنەوەیە.

لەوانەیە بێهێزی و توانایی وا لەتاک بکات وەڵامی سوکایەتی پێکردنەکەی بداتەوە تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بۆیە پێویستە لەو کاتەدا بێدەنگی هەڵبژێرێت و تا هەلی گونجاوی بۆ دەڕەخسێت، گەر زانیشی ئەو بەهێزە و هێزی لەسەروی ئەوە، دەبێت بە نزاو لەڕێگای ناوزڕاندن تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بەهۆی هاندانی شەیتان هەموو هەوڵەکانی ئاشتبوونەوە کۆتایی پێدێت.

ڕێگاکانی ڕق و کینە و تۆڵەسەندنەوە بێ کۆتاییە، بۆیە بەپێویست دەزانرێت بیانوو و هۆکار بۆ ئەو جۆرە کەسانە بهێنرێتەوە، لێبووردەیی سیفاتی دانا و زانایانە، خودای گەورە بەگەورەیی خۆی لە گوناهەکان خۆش دەبێت، نازانین لەبەرچی ئێمەی مرۆڤی بێدەسەڵات چەمکی لێبووردەیی نەکەینە بنەمای ژیان؟.

مرۆڤەکان خراپەی زۆر بەرامبەر بە خودا دەکەن، بەڵام ئەو بەزەیی پێدا دێت و پاساوەکانی قەبوڵ دەکات، بۆیە داوا لەخودا بکە ڕۆحییەتی لێبووردەییت پێببەخشێت  یاخود خۆمان فێری ئارامگرتن بکەین لەکاتی ناخۆشیەکاندا، واز لەو شتانە بێنە دەگوترێت و دەیڵێن، بەڵام بۆخۆت ڕێگاکانی خۆت بزانە و بەرەو پێشیان ببە، ڕێگا مەدە بەربەست لە ڕێگای چاکە و چاکەکردنت دروست بکەن، ئەمەش باشترین ڕێگایە بۆ وەڵامدانەوەی خراپەکاران ..

وەک کەسێکی شەڕانگێز ڕەفتار مەکە گەرنا تۆش جیاوازیت لەگەڵ ئەوان نابێت و لەسەر هەڵسوکەوت و خراپەی ئەوان دەڕۆیت، بەخۆشەویستی بژی و بە خۆشەویستی بیر بکەوە، ژیان ئەوەندەی ناهێنێت و دڵت پڕ بکە لە دڵنیایی و بەرەو ڕووی دونیا هەنگاو بنێ و دونیاش بەرەو ڕووی تۆ هەنگاو دەنێت، خێر کۆبکەوە و ببیەخشە ئەوکەسانەی پێویستیان پێیە .

## ڕووبەڕووی راستی ببەوە ...

هەر تاکێک لە تاکەکانی نێو کۆمەڵگە خەمێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ژیانی ئاڵۆز کردووە، ئارەزووی شاردنەوەی دەکات و هۆکاری ناراست و نالۆژیکی بۆ دەهێنێتەوە، تا ئەو واقیعە تاڵەی تیایدا دەژیت بە جوانترین شێوە بۆ دەروونی بڕازێنێتەوە خۆی لێی ناشارەزا دەکات بەمەبەستی هێمینی و ئاسوودەیی، بەڵام ئەوە هیچ لە واقیعەکە ناگۆڕێت و چۆنە هەر ئاوەهاش دەمێنێتەوە.

لەوانەیە بارودۆخەکە ناخۆش بێت و توانای بەرگەگرتنی ئەستەم بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرەنگاربوونەوەی لە بەردەوام بوونەکەی باشترە، بەردەوامبوون لەسەری و هۆهێنانەوە ناتەندروستیانە دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات، بۆیە ڕووبەرووبوونەوەی و قەبووڵکردنی بەباشتر دەزانرێت و لەوانەیە ئەوە ببێتە سەرەتایەک بۆ ژیانێکی نوێ، گەر بەشێوەیەکی زانستیانە بەکارمان هێنا بۆ بەرژەوەندی خۆمان.

هەرکاتێک تاک سەرکەوتوو نابێت لە هەڵبژاردەیەک لە هەڵبژاردەکانی ژیان، بەباش نازانرێت ناوی خۆی بخاتە ناو ناوی شکستخواردووان، چونکە لەم کاتەدا دۆخەکە کاریگەری زیاتر دەبێت، بەڵکو داوای لێبووردن لە خودی خۆت و دەوروبەرەکەت بکە، بەشێوەیەکی هێمن و زانستیانە دیراسەی بابەتەکە بکە و بە بەوپەڕی تواناتەوە بەرەنگاری ببەوە، دڵنیاییەکی تەواوت بە خودا هەبێت، کە ئەو تاکە ڕێگایە بۆ ڕزگاربوونت لەم دۆخە نالەبارەی بەرۆکی گرتوویت.

## دڵنیایی ...

ئەگەر دەتەوێت بەختەوەر بیت، ئیمانت بە خودای گەورە بە هێز بێت و بڕوای تەواوت پێی هەبێت، هەر لەسەرەتادا کار و بەرنامەکانی ژیانت دیاری بکەیت، بۆ ئەوەی تووشی پەرتەوازەیی دەروونی نەبیت، کاتە بەتاڵەکانت ژیانت بەچاکەکاری پڕبکەوە، ڕێگا مەدە شتە نامۆکان خۆیان بخزێننە ناو ژیانت و ببنە هۆکاری لەناوچوونی ناخ و دەروونت، ماندووترین مرۆڤ ئەو مرۆڤانەن لەژیان بێ ئامانجن.

ڕێگا لە شتە نامۆکان بگرە و مەهێڵە کاریگەری لەسەر ژیانت هەبێت، بەڵکو هەرگیز بیریان لێ مەکەوە هەست بە ناخۆشییەکانی ژیان نەکەیت، تەنیا بیر لەو نیعمەتە بێ ئەژمارانە بکەوە کەوا خودا بەتۆی بەخشیوە، چۆن پەروەردگار تۆی بە جوانترین شێوە دروست کردووە ئاوەهاش بە جوانی بمێنێوە و بەیانیش بەجوانترین ڕۆژەکان دابنێ.

لەگەڵ کەسانی تردا بژی و خۆت لەوان بەگەورەتر مەزانە، تاکەکانی ناو کۆمەڵگە لە بیرو بۆچووندا جیاوازن، بۆیە پێویستە مامەڵەکردنت بەپێی هەڵسوکەوتی ئەوان بێت. هیچ کاتێک بیر لەوە

مەکەوە خەونەکانت نایەتە دی و لە شوێنی خۆیان چەقبەستوون، ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە لە جێبەجێ کردنیان بەردەوام بیت، ئەو کاتانەی بەدەستیان دەهێنیت هەنگاوێک بەرەو پێش دەچیت، بڕوابیت بەخۆت و خودا هەبێت، هەست بەڕەزامەندی ناخ بکە، ڕق و کینە بەرامبەر کەس دەرمەبڕە، چاوەڕێی کۆتاییەکان بە، چاوەڕێی سوپاسگوزاری لەکەس مەکە، بە بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و قسەی شیرین خۆت لای هەمووان خۆشەویست بکە، جێگا و شوێنێک لە دڵ و دەروونییان جێبهێڵە.

تۆ بەربەرەکانی و پێشبڕکێ دەکەیت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار، تۆ بەتەنیا بۆ ئەوە دروست نەکراویت سەروەت و سامان کۆبکەیتەوە، ئەوانە هەمووی کاری باشن، بەڵام ئەنجامدانی عیبادەکانت بەڕێک و پێکی زیاتر لە خودات نزیک دەکەنەوە .

دژایەتی و بەربەرەکانی ئەو کەسانە مەکە ڕقیان لێتدەبێتەوە، مەیانکە بە ئاریشەی ژیان لە رادەی خۆی زیاتر گەورەتریان مەکە دوعای خێریان بۆ بکە و پشتگوێیان مەخە، تۆ لەسەر ڕێگای خۆت بەردەوام بە بێدەنگیەکەت باشترین وەڵامە بۆ ئەو کەسانە، خەمبار و دڵتەنگ مەبە بۆ ئەوکارانەی نەتتوانییە جێبەجێ بکەی لەژیاندا، بیر لەڕابردوو مەکەوە و هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگە قابیلی هەڵەکردنە..

ناخ هەموو کات مرۆڤ هان دەدات کاری نەشیاو و ناتەندروست ئەنجام بدات، ئەو مرۆڤەی توانی بەسەر ئارەزووەکانی ناخی زاڵ بێت و کۆنترۆڵی بکات سەرکەوتوو دەبێت.

داوا لە پەروەردگار بکە لە ناخەوەدا هێزت پێ ببەخشێت بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەو ڕێگایەی گرتووتەبەر، دەبێت ئەوە بزانیت ڕێگا داخراوەکات تا سەر بەداخراوی نامێنێتەوە، بە پشتیوانی خودا

بەشی خۆت لەژیان وەردەگریت. کاتێک لە ژیان بێزار دەبیت، لە ویژدانەوە بگەڕێوە لای خودای گەورە، بەختەوەری ناخ تۆ بۆ خۆت دروستی دەکەیت، نەوەک ئەو بارودۆخەی پێیدا تێدەپەڕیت، کەسانێک هەن هەموو بنەماکانی بەختەوەریان لەلایە، بەڵام بە بەردەوامی لە تەنیاییدا دەژین، بە پێچەوانەوەش ڕاستە.

ڕادەی بەختەوەری ڕێژەییە و بەپێی ئارەزووەکان و بیرکردنەوەکان لە تاکێک بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، دڵت پڕ بکە لە یەقین لەناخەوە هەست بەبەختەوەری بکە .

**نازم حیکمەت دەڵێت:**

**( ئێمە هێشتا جوانترین ڕووبارمان نەبینوە، جوانترین پەرتووکمان نەخوێندیتەوە و جواترین ڕۆژانی ژیانیشمان نەهاتووە ).**

## بەپێی بیرکردنەوەکانت بژی ...

ئایا وا بیر دەکەیتەوە گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی ژیانت بۆ زانیینی ڕاستییەکانە؟ یاخود بەڕێکەوت دەژیت و بە هەموو شتێک ڕازی دەبیت، ڕقت لەوانەش دەبێتەوە بە عەقڵ و تێگەیشتن بیر دەکەنەوە؟ یاخود تۆ جیاوازتریت و ئاوەز و عەقڵی خۆت داوەتە دەست کەسانی دیکە و بە هێز و بازووی ئەوان دەژیت و بە ئاسانی بڕیارەکانی ئەوان قەبوڵ دەکەیت؟.

کاتێک بیر دەکەیتەوە و هەست دەکەیت تۆ لە کەسانی تر جیاوازتریت، هەست بەبوونی خۆت دەکەیت و لایەنە نادیارەکانی نەفسی خۆت دەدۆزیتەوە، هەموو بیرکردنەوەکانت دەخەیتە ژێر دەسەڵاتی سروشت و گەردوون، ئەمەش ئەوە بەدیار دەخات کە ئێمە چەندە بێ هێزین بەرامبەر پەروەردگار، بەڵام کاتێک کارەکانت بە دانایی بەڕێوە دەبەیت هەست دەکەیت کە تۆ چەند بەتواناو بەهێزیت ڕووبەڕوو بوونەوەت کارێکی زەحمەت و ئەستەمە، دەتوانیت بیروڕا و بۆچوونەکانی بەرامبەرەکەت بخوێنیتەوە و لایەنی نادیارەکانی ئاشکرا بکەیت، خۆشی و ئاسودەیی لە زاڵبوون بەسەر ناخۆشییەکان دەبینیین، ئەوەی بیردەکاتەوە ئەستەم(مستحيل) لە ژیانیدا نابێت، بەردەوام بەدوای شتی زیاترە، بۆیە ئەگەر بە ڕێگای ڕێک و پێک و لۆژیکیانە بیر بکەیتەوە کەس بەسەرتدا زاڵ نابێت.

**ڤۆلتێر دەڵێت:-**

**( هیچ ئاریشە و گرفتێک نییە، بتوانێ ڕووبەڕووی پەلاماردانی یادگەیەکی ڕێک و پێک ببێتەوە ).**

ئەو مرۆڤەی پەروەردگار نیعمەتی بیرکردنەوە و ئەقل و زانست و زانیاری پێ بەخشیوە، بە ئیمانێکی بەهێزە و بە هاوسەنگی ژیان بەڕێ دەکات و ئەوەی خۆی دەیبینێت کەسانی تر نایبینن، لە توانایدا هەیە ڕووداوەکان بخوێنێتەوە و مامەڵەی ئیجابیان لەگەڵ بکات، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی لە ئایندە ڕوودەدات. زۆرێک لەو وڵاتانەی بە هێزی سوپا بەسەر وڵاتانی تردا زاڵ بوونە، بەڵام بەهۆی هۆشیاری ئەم گەلانە لە ڕووی ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕەوە نەیانتوانیوە گۆڕانکاری لە چەمکەکانی داب و نەریتەکانیان بکەن.

**فیکتۆر هۆگۆ دەڵێت:-**

**( دەتوانرێت ڕێگری لە سوپا بکەیت، بەڵام بەرگریکردنی فیکر ناتوانرێت ).**

بۆیە دەبێت بەپێی هەنگاوەکانی دەیهاوێژین بیر بکەینەوە تاوەکو ئامانجەکانمان بەدەست بهێنین، گەرنا دەبێت بەناچاری بەپێی واقیعێکی تاڵ و ناخۆش هەنگاو بنێین و بیر بکەینەوە.

**بورجییە دەڵێت :-**

**(چۆن بیر دەکەینەوە پێویستە ئاواش بژین، گەرنا ناچار دەبین بیر بکەینەوە چۆن بژین ).**

ئەو مرۆڤەی نیعمەتی بیرکردنەوە لەژیانی نابێت لە نیعمەتێکی خودا بێبەشە، بەردەوام سەرلێشواوە و بێ ئارامە و غەمی هەموو دونیای لای کۆبۆتەوە، هێز و توانای زۆری هەیە، بەڵام ناتوانێت

چۆن و لە چ شوێنێک بەکاری بهێنێت، بیر بڵاوە خودی فەرامۆش کردووە بەردەوام لە ئامادەباشیدایە بۆ ئەوەی هەستی پێ بکات، بەرچاوی ڕوون نییە، بە هۆی نەبوونی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک لە ژیانیدا و خۆی لە بەندی نەفسی خۆی کردووە لەبەر ئەوەی توانای بیرکردنەوەی نەماوە.

## ئومێدە دواخراوەکان ...

کەسانێک هەن کارەکانی ئەمڕۆیان بۆ بەیانی دوادەخەن، بۆیە چێژ لەژیان نابینن، دواخستنی کار بەبەردەوامی دەبێت بە خوو و نارحەتی، وا لەتاک دەکات کۆنترۆڵکردن لەدەست بدات، هەست بەوە ناکات تەمەن بەخێرایی دەڕوات، خەونەکان تەنیا هیوا و ئومێدن، دواخستنیان وەکو خواردنی ناو قوتییان لێدێت، بەسەردەچن و کاریان پێناکرێت، هەر بۆیە وردە وردە دەپوکێنەوە.

ئەوکاتانەی تاک ئارەزووی بەئەنجام گەیاندنی کارێکە، بەڵگە و هۆکاری هەمەجۆری بۆدەهێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی توانا و هێزی تەواوی هەیە بۆ بەدەستهێنانی هەنگاوی ئەرێنی و بەردەوامبوون لە سەرکەوتن، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەوان خاوەنی ئیرادەیەکی بێ هێز و لاوازن، لە سەرکەوتن دەترسن و هەنگاوی بۆ ناهاوێژن، بیر بڵاو و ڕاڕان لە کارەکانیاندا، بەردەوام هەست بە پەشیمانی دەکەن، کەچی کەسانی دیکە هەن زیرەکی و تواناو بەهرەکانیان لەوان کەمترە، بەڵام لەکارەکانیان سەرکەوتوون ژیانیان پڕە لە هیوا و ئومێد، کارەکانیان دوا ناخەن و پابەندی دەبن، هەنگاوەکانیان هەمان هەنگاوی سەرکەوتوانە، ماندوو و هیلاک دەبن بۆ بەدەستهێنانیان، لەدوای خۆیاندا شوێنەوارێک جێدەهێڵن.

بۆشایی بۆ دەروون جێمەهێڵە تاهەنگاوەکانت بۆهەتا هەتایە دوات نەخات، هەر لە ئێستادا پەرژین و بەربەستەکان لەناو ببە زوڵم لە هێز

و تواناکانی خۆت مەکە، ئەگەر جارێکیش سەرکەوتوو نەبوویت، تۆ لەهەوڵەکانت بەردەوام بە و ببە بە بەرهەڵستکاری دواخستنەکانت، سوود لەو تاقیکردنەوانە وەربگرە پێیدا تێپەربوویت، تۆ یەکجار لەژیاندا دەژیت، تۆ لێی بەرپرسیاریت و لێپرسینەوەشت لەگەڵدا دەکرێت، ئاشتبوونەوەکانت لەگەڵ کەسانی بەرامبەرت دوامەخە، لەوانەیە دەرفەتێکی دیکەی گونجاوت بۆ نەڕەخسێت، ئەوکاتانەی لە دەرگای سەرکەوتن دەدەیت دوودڵ و بێ ئومێد مەبە، دەریای سەرکەوتن یەک هەنگاو لەتۆ دوورە، پێی مەڵێ ( **ئێستا کاتم لەبەردەستدا نییە، با بۆ هەلێکی تر بێت** ).

ئاشتبوونەوە لەگەڵ دەروون و ناخی خۆت هۆکاری نزیکبوونەوەیە لە خودای تاک و تەنیا، لەوانەیە ئەوە دوایین ساتەکانی ژیانت بێت و عیبادەتەکانت دوا مەخە و وشەی خۆشەویستی ببەخشە خۆشەویستانت، لەناو دڵ و دەروونیان جێگیریان بکە، پێیان ڕابگەیەنە. بیرۆکە و بڕیارەکانت دوا مەخە لەوانەیە ئەوان هۆکارێک بن بۆ بە مرۆڤێک چاوەڕێی تۆ دەکات دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەیت.

وشەی (نەخێر) بەکاربهێنە دژی ئەو کەسانەی دەبن بە بەربەست و ڕێگر لە سەرکەوتنەکانت، ئەوانەی لە جێگاو شوێنی خۆت چەقبەستووت دەکەن و ڕێگا نادەن خەون و ئارەزووەکانت بەدی بهێنیهت خۆشترین کاتەکانی ژیانت ئاڵۆز دەکەن...

## خۆت رادەستی بێ ئومێدی مەکە ...

مرۆڤی بێ ئامانج سەرلێ شێواوە وەک بەلەمی بێ سەوڵە، با و بۆران کاریگەری لێ دەکات و تووشی شەپۆل و بەربەست دەبێت، هەست بە بێزاری دەکات بەرامبەر کارو کردەوەکانی، هەرکارێک ئەنجامبدات بەبێ نرخی دادەنێت تووشی دارمان هاتووە، هەموو رۆژەکانی وەک یەکن و هیچ گۆڕانکاری لەژیانیدا نییە، تاکە ئامانجی مانەوەیە لەژیان چاوەڕوانی قەدەری خۆی دەکات، بەتەنیا ناتوانێت بەرەنگاری ئاریشەکانی ببێتەوە ژیان بە هەڕەمەکی دادەنێت.

ڕێگا بەنەفست مەدە هۆکارەکانی ئومێد و فراوانی گەشبینت بۆگەن بکەن، بیرۆکەکان لە بێژەنگ بدە، باشەکانیان هەڵبژێرە و لە زەوی شاراوە بیدۆزەوە. خۆت لە شوێنێک جێگیر مەکە لەوانەیە دووبارە دەست پێکردنەوەت خاڵی گێڕانەوەی هاوسەنگی نەفس بێت، باوەش لەو تەمەنەی ماوتە بدە و کاتەکانت بە هەدەر مەدە تا بێ ئومێدی خۆی نەخزێنێتە ژیانت، بێ ئومێدی شایەنی ئەوکەسانەیە دەستەوەستان دەوەستن، ئەگەر ئامانجێکی هەبێت نازانیت ئەوەی لەدواوەیە چۆن بەدەستی بێنێت. مرۆڤی تەندروست باش هەمیشە ژیان چۆنە ئاوەها پێی ڕازی دەبێت هەست بەجوانی و گەورەیی دروستکاری دەکات. تۆ پردی پەڕینەوەیت بۆ خۆڕزگارکردن لە خراپەکاریەکانی نەفس و فیکر و کارو کردەوەکانت تاکو ببیت بەباشترین، منافەسەی گەورەترین خەڵات دەکەیت ئەویش بریتییە لە

بینینی پەروەردگار و شادبوون بە بەهەشتەکەی، مردن مەکە بە کۆتایی ڕێگات، بەپێچەوانەوە قۆناغێکی ترە بۆ مانەوەی هەتا هەتایی، لەگەڵ نەفس بدوێ و پێی ڕابگەیەنە ماندوو بیت و ئارامی زۆرت گرت بەپەرۆشی دەرئەنجامی بەدەست بهێنی هیلاک و ماندوبوونەکەی لە ژیان، خەندەکانت لەژیان لەناو مەبە.

ببە بە سوارچاکی بەدەستهێنانی خەونەکانت، ببە بە جەنگاوەری بیروڕاکانت و ئارامگر بە لەسەر خەمەکانت، خۆت بکە بە تیشکی ڕووناکی ناخ و دەروونت، دڵسۆزی نەفسی خۆت بە ببە بە پاسەوانێکی ئەمینی تەمەنت، نرخ و بەهای کەسیتییەکەت بەرز ڕابگرە ئاوڕ لە بێ ئومێدی مەدەوە ژیانت نوێ بکەوە.

**ئیمیلی دکنسون دەڵێت :-**

**( ئەگەر دڵێکی شکاوم چارە کرد ژیانم دڕدۆنگ (عبث) نابێت، ژیانم دڕدۆنک نابێت گەر لە ئازاری مرۆڤێکم کەمکردەوە یاخود یارمەتی بێچوە باڵندەیەکمدا و گەڕاندمەوە هێڵانەکەی خۆی.**

## هەرچەند خەمەکانت زۆر بێت ...

هەرچەند ڕابردووت ناخۆش و پڕ لەناخۆشی بێت تەنیا بیر لە لایەنە تاریکەکەی مەکەوە، بەڵکو بەباش دەزانرێت لەکاتی بیرکردنەوە لە رابردوو تەنیا بیر لە لایەنی ئیجابیەکانی بکرێتەوە، لەوانەیە ساتەوەختێکی خۆش هەبوو بێت مرۆڤ لەبیری نەکات، لەوەش جوانتر ئەوەیە گەشبین بین بە بەیانی، خۆمان بە چاکەکانی پابەند بکەین، چونکە ئێمە بەرپرسیاری بەیانی نیین و ئەو هیوایەکی نوێیە بۆ نوێکردنەوەی ژیان، کۆشش بکەین بۆ بەدەستهێنانی خەونەکانمان، وەک زانراوە مرۆڤی بێ خەون مرۆڤێکی سەرکەوتووە نییە.

**ئەدوارد ئیفرل دەڵێت:**

**( زیاد لە بارگرانییەک مەخە سەرشانی خۆت و هەندێک کەس سێ بارگرانی دەخەنە سەر شانی خۆیان، خەمێک بەسەرچووە، خەمێک تیایدا دەژین و خەمێک چاوەڕوانی دەکەن ڕووبدات، تۆ کامەیان هەڵبژێریت لەژیان و لەگەڵیدا دەژیت، ڕابردوو، ئێستا یاخود ئەوەی بەیانی چاوەڕوانی دەکەیت کە هێشتا نەهاتووە ؟) .**

هەرچەندی هەنگاوەکانت لەسەرخۆبێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانت، ئەوەیان زۆر باشترە لەوەی لە جێگای خۆت وەستا بیت، هەر هەنگاوێک بهاوێژیت لە ئامانج و خەونەکەت نزیک دەکاتەوە، گەورەترین هەڵەش ئەوەیە بیرکردنەوە لەوەی ئەنجامی دەدەین شتێکی بێ سوودە، بەربەستێک لە نێو خۆت و هۆکارەکانی دارِمان دروست بکە و بیکە بە پردێکی بەهێزی نێوان خۆت و خەمەکانت و ئەویش دڵنیایی بوونە بە خودای گەورە کە ئەوەی لەڕێگاتدایە و دێت باشترە لەوەی هەیە. هەرچەند خەمەکانت، ئاریشەکانت و سەرنەکەوتنەکانت زۆر بێت، گومانت لەوەدا نەبێت پەروەردگار یارمەتیدەرت دەبێت، دڵنیاییت پێدەدات ڕۆژێکی خۆشتر چاوەڕوانیت دەکات.

## نەخێر .. بۆ لەناوبردنی خود ...

نەخێر ..

هەر ئێستا ئەم وشەیە دووبارە بکەوە بەرامبەر هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی دەبنە ڕێگر بۆ ژیانت، ساتە جوانەکانی ڕۆژەکانت لێ بدزن، و کیانت بهەژێنن، خەونەکانت بخەنە مەترسیەوە، متمانەت بەخودت نەمێنێت.

لەو کارە دوور مەکەوە دەبێتە هۆکاری شکست پێهێنانت، دەرگاو پەنجەرەکان لەسەرخۆت دامەخە، بەڵکو تاقیکردنەوەکە نوێ بکەوە و وانە لە تاقیکردنەوەکانی ڕابردوو وەربگرە، گەیشتنت بە بیرۆکەیەکی نوێ ڕێڕەوی ژیانت بگۆڕێت. تەنیا خەون بەخود مەبینە و لەبەندیخانەی خود بەندیان مەکە، وەکو خواردنی ناو قوتیان لێ مەکەو هەرکاتێک مێژووی بەسەرچوونی کۆتایی هات فڕێیان بدەیت، ئەگەر لەتواناتدا نییە سەرکەوتن بەدەست بهێنیت خۆبەدەست شکستەکان مەدە، ئەوە پێداگری و سووربوونە بۆ بەدەستهێنانی خوود، ڕۆژێک دێت ئاڵای سەرکەوتن بەرز دەکەیتەوە.

ڕێگا مەدە غەمەکانت ببن بە سێبەرت بەردەوام بەدواوەتەوە بێت، بۆ خۆشت خودی خۆت لەناو مەبە و شتە جوانەکانی ناخت لەناو مەبە، بە ئاسانی خۆت تەسلیمی واقیع مەکەو بەڵکو ببە جەنگاوەرێکی دڕندە بۆ بەدەست هێنانی خەنەکان و ئامانجەکان و بیرۆکەکانت ، بیر لەڕابردوش مەکەوە.

خۆت لە شەڕی وەهمی و خەیاڵ بەدوور بگرە، چونکە کاری گەورەتر هەیە بۆ  گرنگیپێدان و گفتوگۆکردن، ئەویش ئەو ئیمانەیە هەتە شتی گرنگ دەبەخشێتە کەسانی تر نەوەک ئەو بەربەستانەی خۆیان دەخزێننە ناو خودت. دەستنیشانیان بکە و خۆت لێیان ڕزگار بکە و گەوهەرەکانی بدۆزەوە.

ئەوەی لەڕابردوو ئەنجامتداوە دووبارەیان مەکەوە، چونکە هەمان دەرئەنجامیان دەبێت، بەڵکو هەنگاوی نوێ بهاوێژە و دوودڵ مەبە لەوەی تەمەنت ڕۆیشتوە، بەڵکو هەموو کات وابزانە لەسەرەتای قۆناغی گەنجێتی، زۆر خۆت ئازار مەدە و خودا بەردەوام پشت و پەناتە بە پاڕانەوەکانت، بێ زانینی توانا و ویستەکانت ڕوو لە هیچ ڕێڕەوێک مەکە، بیرۆکەکانت کۆ بکەوە تا متمانە لەدەست نەدەیت بەرامبەر خودی خۆت.

دڵتەنگ مەبە لەو شتانەی دەیانبینیت، بەڵکو هەست بەگەرم و گوڕی گەردوون بکە لەناخ و دەروونندا و ئەوەی لەناو ناخدا هەیە بیگەیەنە کەسانی دیکە، بیانوو بۆ هەڵسوکەوتەکانت مەهێنەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانت بەڕۆژێکی نوێ بزانە، بیر لە پێشبینی خراپ مەکەوە تا هەست بە بێ ئومێدی نەکەیت، کارەکەت بۆ کات بەجێبهێڵە و بۆ ئەوەی هەست بە بەختەوەری بکەیت، ئەوەی لەدڵ و دەروونت هەیە بۆ ئەو کەسانە باس مەکە نرخ و بەهای نازانن، تا هەست بە شکست و بێ هیوایی نەکەیت.

درێغی مەکە لەبەکارهێنانی وشەی جوان و لەکاتی سەرنەکەوتن تەنیا لۆمەی خۆت بکە و مەبە بە هاوشێوە و لێکچووی کەسانی دیکە، تەنیا خودی خۆت بە..

خۆت لە هەڵچوون و تووڕەبوون بەدوور بگرە بەردەوام لێبووردەبە بەرامبەر کەسانی دیکە، چاوەڕوانی یارمەتی وەرگرتن لەکەس مەکە، خۆت چارەسەری گونجاو بۆ ئاریشەکانت بدۆزەوە، گەرنا دەبێت چاوەڕانی زیاتر بکەیت.

متمانەبەخۆبوونت لەدەست نەدەیت، نەوەک کەسانی تریش متمانەیان بە تۆ نامینێت، درۆ مەکە و درۆکردن دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەربەخۆییت، ڕاستگۆیی لە ئاریشە و گرفت ڕزگارت دەکات، بە هێز و بازووت بەرامبەرەکەت مەترسێنە و چونکە ئەوە دەبێتە هۆی قێز لێبوونەوە، خۆشەویستیت بە هێز نابێت، لە هەڵەکردنیش مەترسە، ئەگەر هەڵەش نەکەین مانای پەرۆشی و سەرکەوتن نازانیین.

نەخێر ..

وشەیەکە لەم ساتەوە بەکاری بهێنە بۆ هەموو ئەو کارانەو ئەو کەسانەی دەبنە بەربەست بۆ ژیانت، ساتە خۆشەکانی ڕۆژانی تەمەنت دەدزن، کیانت دەهەژێنن، خەونەکانت دەشێوێنن و متمانە بەخۆت لەناو دەبات ..

## کاتێک تەرخان بکە بۆ خۆشییەکانی ژیانت ...

کاتێک تەخان بکە بۆتێڕمان و بیرکردنەوە لە ژیانت، دووبارە خودی خۆت ڕێکبخەوە، کاتە ناخۆشەکانی لێ دوور بکەوە، تاوەکو هەست بەجوانییەکانی پەروەردگار بکەیت کەوا بەتۆی بەخشیوە، بیر لەئاسمان و زەوی بکەوە و دەروونت لەتاوان و خراپەکاری خاوێن بکەوە.

کاتێک بۆ تۆبەکردن و گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار و پەشیمان بوونەوەکانت و کاتە بەهەدەر چووەکانت تەرخان بکە و دووبارە بۆ بەرژەوەندی خۆت بەکاریان بهێنە، تاکو لەئاریشە و گرفتەکان ڕزگارت بێت، کاتێک تەرخان بکە بۆ بەرز ڕاگرتنی خود و ناخ بخوێنەوە بەپێی ئارەزووەکانت بۆ بەختەوەری خۆت بەکاریان بێنە.

کاتێک تەرخان بکە بۆ ئومێد و هیواکانت پردێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی لە نێوان خۆت و دەورووبەرەکەت دروست بکە، گەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، کۆتایی بەو جەنگە بهێنە کە لەنێوان خۆت و دەروونت دروستتکردووە، بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە ژیانی خۆت بدەیت، سەردانیکردنی خۆشەویستان، بەزەییهاتنەوە بە هەژاران، ڕێزگرتن لە باوان و سەردانیکردنی گۆڕستانەکان، تاکو هەست بکەیت تۆش ڕۆژێک لەڕۆژان ئەم دونیایە جێدەهێڵێت. کاتێک تەرخان بکە بۆ گەڕان بەدوای بیرۆکەی نوێ، بۆ نوێکردنەوەی ژیان و پەیوەندییەکانی خێزانی و تەمەنی منداڵیت، بۆ ئەوەی هەست بە قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی خۆت بکەیت، بۆ گێڕانەوەی شتە بەنرخ و

بەهاکان، کەوا ڕۆژگار و زەمان لێی بێبەش کردووی و یادگاریەکانیان لە دەروونت ماوەتەوە.

خۆت هێندە سەرقاڵی دونیا مەکە، نەوەک نەفسی خۆت لەیاد بکەیت و فەرامۆشی بکەیت، لە کۆتاییەکانی تەمەندا بۆت ئاشکرا بێت کە بویت بەپردی پەڕینەوەی کەسانی تر، بوویت بەتاکێکی بێ ئومێد و شکستخواردوو، کاتێک تەرخان بکە بۆ هەڵسەنگاندنی هێز و تواناکانی خۆت، خاڵە بێ هێزەکانت دیاری بکە و هەڵەکانت ڕاست بکەوە، وانە لە ئازارەکانی ڕابردووت وەربگرە و نەفس و دەروونت فێری خۆڕاگرتن و بەربەرەکانیکردن بکە.

کاتێک تەرخان بکە بۆ دەستنیشانکردنی هەنگاوە ڕاست و دروستەکانی ژیان هەنگاوی خێراو زانستیانەیانەی بۆ بهاوێ، لەبڕی مانەوەت لەیەک شوێندا. ئاستەنگ و بەربەستەکان وەلا بنێ ، ئیمانت بە خودا بەهێز بێت و ورەبەرز بێت بۆ دژایەتیکردنی ئەو ڤایرۆسانەی ژیانت مەترسیدار دەکەن، هەست و نەستت لەژیاندا ڕابهێنە وێنە پێچەوانەکانی ئاوێنەی ژیانت ڕاست بکەوە، ئاڵای یاخیبوون بەرز بکەوە دژی ئەو ئاستەنگانەی دەبن بە ڕێگری هیوا و ئاواتەکانت.

## ژیانت ڕێکبخە ...

بە یەک هەنگاو ژیانت ڕێکبخە، هەنگاوێک لە پەروەردگار نزیکت دەکاتەوە بەخەندەیەک بەختەوەرت دەکات و ناخۆشیەکانت لەبیر دەکاتەوە، بەیەک دڵۆپە فرمێسک لەخراپەکاری دوورت دەخاتەوە و دەتپارێزیت، بەیەک بیرۆکە ژیانت دەگۆڕێت  وات لێ دەکات لەڕۆژی دوایی نزیک ببیتەوە.

بۆخۆت ژیانی خۆت لە خەون، فیکر، ئەقڵ، دڵ، بەخشینەکانت، زانستەکەت و دڵنیاییەکەت بە خۆت پێک بهێنە، ژیانێک دروست بکە بە وشەیەک بەرزت بکاتەوە، بە خۆشەویستیەک بەهێزت بکات، بە نزایەک چارەسەرت بکات، بە سەدەقەیەک لەناخۆشیەکان ڕزگارت بکات، بەتاعەتێک هیدایەتت بدات لەلایەنی خودا و دەوڵەمەندت بکات و برادەرێک ببێت بە پشت و پەنات.

ئەوڕۆژەی تیایدا دەژیت، بە گرنگترین ڕۆژانی ژیانتی بزانە، ناسنامەکەت،  بیروڕاکانت، و شارەزاییەکانت و توانا و ویستەکانت، ئەو بیروڕایانەی کەسانی تر گوێیان لێ دەبێت، خوێندنەوەکانت و مامەڵەکردنەکانت دیاری بکە،  هیوا و ئومێدەکانت و بینینت بۆ خودی خۆت بەرەو گۆڕانکاری باشتر ببە.

بە پێی ڕێکەوتنی بیروڕات و سۆز و هەست و کۆنترۆڵی مامەڵەکردنەکانت، هەست بەخشین و متمانە بە خود و سەرکەوتنەکانت ژیانی خۆت پێک بهێنە، بە بەدیارخستنی هێز و تواناکانت، مکوڕی ناخ، پەرەپێدانی بەهرەکانت و هەڵبژاردنی

بڕیارەکانت ژیانت پێک بهێنە، چوارچێوەی سنووری خەونەکانت دیاری بکە و خۆت لەتەنیایی ڕزگار بکە و متمانەی تەواوت بە پەروەردگار هەبێت، ناخۆشیەکانی ڕابردووت لەبیر خۆت ببەوە.

بە نزا و پاڕانەوەکانت و بینینی خودا دڵت خاوێن بکەوە و ڕق و قینەت بەرامبەر ئەوانە نەبێت کە هەڵەیان بەرامبەرت کردوە، بە سادەیی بژی.

قورئان بخوێنە و داوای لێبووردەی بکە، ئیمانت بەهێز بکە و بەهەشت بکە ئامانجت، ئالآی یاخیبوون دژی دۆزەخ بەرز بکەوە، شوێنێک بۆخۆت دیاری بکە تاکو لەبیر نەچیتەوە.

## دەستەمۆی خود ...

بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین و پەی پێببەین زۆرێک لەتاکەکانی کۆمەڵگە دەستەمۆی یادگارییە ناخۆشەکانی ژیانن، لەتوانایاندایە خۆیان لێ ڕزگار بکەن کە ئەمەش کاریگەری دەکەنە سەر باری دەروون و ئازارەکان زیاتر دەکەن و دەبنە بەربەست لە ڕێگەی ژیانیان.

دابڕان ودوورکەوتنەوە لە ئازیز و خۆشەویستان، لە داب ونەریتی کۆمەڵگە، ئەنجامدانی کاری تاوانکاری و ساختەکردن و کەوتنە ژێر کاریگەری بیرۆکەی گەندەڵی، ئەمانەی هەموویان بەربەستن لە ڕێگەی تاکەکان بۆ بیرکردنەوەی ڕاست و دروست.

کاتێک تاک بیر لەناخ و خودی دەکاتەوە تاڕادەیەک ناڕازییە لەو کارانەی ئەنجامیان دەدات، چونکە ئیرادەیەکی بەهێز و ئازادی نییە، ئەم پرسیارە لەخودی خۆی دەکات، بۆچی من ئاوام؟ گومان لەوەدا نییە زۆرجاریش لەسەر حەقە، بەڵام لەتوانایدا نییە گۆڕانکاری لەژیان ئەنجامبدات، کە گۆڕانکاری ئەنجامدا ناخی ئاسوودەتر دەبێت، بۆیە بە تاقیکردنەوە و شارەزایی پەیداکردن متمانە لە دەروون دروست دەبێت و کارەکان باشتر بەڕێوە دەچێت و زیاتر دەروونی خۆی ئازار نادات.

لەوانەیە لەسەرەتادا ئەمجۆرە بڕیاڕدانە ئاسان نەبێت بۆ خودی خۆیی و دەوروبەرەکەی، بەهۆی چاوەروانی نەکردنی ئەم جۆرە بڕیارانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامی کۆتایی سەرسامیان دەکات.

لەمڕۆ بەدواوە خۆت دەستەمۆی دەروونت مەکە و بەربەستەکانی ژیان وەلا بنێ، دیواری بەهێزی زیندانەکەت بڕوخێنە، بەدوای ڕێگایەکدا بگەڕێ لە کۆیلایەتی ڕزگارت بکات، خۆت لەو شتە بێ سوودانە دوور بخەوە کە کاتت لێ دەدزێت تارماییە بێ ئاراستەکانی بەرچاوت لابە.

بەدوای کەشتی ڕزگاربووندا بگەڕێ و کۆنترۆلی بکە، بەهێمنی و ئارامی هەنگاو بنێ و خۆڕاگربە بەرامبەر باو و بۆران، دەرفەت بە شەپۆلەکان مەدە لەدەریایی خەم و ناخۆشیەکان نقومت بکەن، سەیری کەنار دەریا بکە ڕێگای پێ مەدە لەبەر چاوانت ون ببێت تا کاتی گەیشتنت، ئەوەش لە یاد نەکەیت ئەگەر شوێن و جێگای خۆت ونکرد چاوەڕوانێ لەکەسانی تر مەکە تا یارمەتیت بدەن و بەهاناتەوە بێن.

هێزە شاراوەکانی ناخت بدۆزەوە و دووبارە ڕێکیان بخەوە و لەبەرژەوەندی خۆت بەکاریان بهێنە، لەمڕۆ بەدواوە تەنیا ببە بە کۆیلەی خودای تاک و تەنیا، بە عیبادەتکردن و ئەنجامدانی چاکەکاری و دوور کەوتنەوە لەو شتانەی لە بەهەشتت دوورت دەخەنەوە، بەپێچەوانەوەش ڕاستە.

## ئەوەی بێ هیواو ئومێدە . بوونی نییە ...

ئەو کەسەی نرخ و بەهای هیوا و ئومێد بزانێت، لەناخیدا هەست بە دڵنیایی دەروونی دەکات، بەهێمنی ئارامی دەژیت، هیوا و ئومێد فێری دەکەن شتێک نییە لە ژیان بەناوی ئاریشە و سیفەتی بەردەوامی هەتا هەتایی هەبێت، بەڵکو هەموو کێشەکان کاتین.

لەتوانادا هەیە هەست بە هەڵەکان بکرێت و گومان لەوەشدا نییە بەیانیش لەمڕۆ باشترە، چونکە ژیان وەستاو نییە و گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئومێد وا دەکات هەست بە بوونی تەمەن بکەیت، تەمەنیش لە کۆمەڵە خەونێک و ئامانجێکی بەدی نەهاتوو پێکدێت، وا دەکات تاقیکردنەوەکان دووبارە بکەیتەوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی گەورەتر، هیوا و ئومێد سیفەتی جێگیربوونی نییە، بەردەوام دەرگاکانی بە ڕووی تاکەکانی کۆمەڵگە کردۆتەوە و هەنگاوە دوورەکان نزیک دەکاتەوە، ژیانیش نوێ دەکاتەوە، لەهەمووشیان گرنگتر تاک لە خودا نزیک دەکاتەوە.

خەون و ئامانجەکانت لە بێژینگ بدە، سنوورێک بۆ بەکەم سەیرکردنی دەروونت دابنێ و حیسابیان بۆ مەکە، تا نەبن بە ئاستەنگێک بۆ بەدەستهێنانی خەون و ئامانجەکانت، پەنا بۆ بیرۆکە نەگەتیڤەکان نەبەیت، ئەوان وەک ڤایرۆس خۆیان دەخزێننە ناو ژیانت و لایەنە گەش و ڕووناکەکانی تاریک دەکەن، دژایەتییت دەکەن و کار بۆ ئەوە دەکەن هەلێک بدۆزیتەوە بۆ لەناوبردنی هیوا و ئومێدەکانت.

کاتێک ئومێد و خەونەکانت جێگایان ناجێگیر دەبێت، کارەکان بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونەکانت دەبن، هەوڵدە هیوا و ڕووناکی بکەیتە تیشکی ڕووناکی ناخ و هێز و توانایەکی نوێ و چرای تاریکیت.

بەراستی و هێز و تواناکانت و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانت تۆی هیوا و ئومێد لەناختدا بڕوێنە. ئەو کاتانەی شکست دەکەیتە دوژمنی سەرسەخت و ڕاستەقینەی ناخ و خودت، چواردەورت دەبن بە ڕێگا نیشاندەری ئامانجەکانت.

هیوا و ئومێد وادەکات جەنگێکی سەخت دژی دەروونت ڕابگەیەنیت، وادەکات لەدوای هەر شکستێک هەڵبستیتەوە، بەدیهێنانی خەونەکانت ئاسان دەکات، بەپێچەوانەوەش بێئومێدی هێز و توانات دەتوێنێتەوە و بەردەوام هەست بەکەمترخەمیکردن دەکەیت بەرامبەر ئامانجەکانت.

کاتێک بڕواییت و ئیمانت بە ئامانجەکانت دەبێت، پێویستە ئەوە بزانیت ئامانجەکانت بە ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نایەنەدی، بەڵکو پێویستی بە هەنگاوی یەک بەدوای یەک هەیە، خەون و ئامانجیش پابەندە بەو هیوا و ئومێدەی لەناخت بوونی هەیە. بەهیوا ئازارەکان وەلا دەنرێت جێگای ئارەزووە خراپەکان لە ناخ و دەروون نابێتەوە، هەست دەکەیت یەکێک بەرگریت لێ دەکات و یارمەتیت دەدات و هەنگاوەکانت بەرە و پێشەوە دەبات.. ئەوەی هیوا و ئومێدی نەبێت ... کەسێکی مردوویت و بوونت نییە.

## شتە هەڵاتووەکان ..

زۆر شت هەیە بە چاوی ئاسایی نابینرێن، هەستن و نەستن ناتوانێت وەسفی بکەین، کاڵا نییە بکڕدرێت و بفرۆشرێت، شتی هەڵاتووی ژیانن، کاتێک لەدەستی دەدەین هەستی پێدەکەین ئەگەر هەستیشی پێبکەین ناتوانیین بیانگرین، ژیان ئەوهایە بۆ ئەوانەی تێیگەیشتوون.

کاتێ دایکێک چاوەڕوانی یەکێک لە منداڵەکانی دەکات لە دەرگا بدات هەست بە بوونىيات دەکات، پەرۆشە بۆبینینی تا ژیانی پێ نوێ بکاتەوە و ئازارەکانی پێ سارێژ بکات، فرمێسکەکانی چاوی پێ بسڕێتەوە، منداڵەکانی لە کوێن؟!. بە دابڕان و دوورکەوتنەوەیان فرمێسکیان بۆ دەڕێژێت، هەموو ڕووخسارەکان وەک یەک ڕەنگ زەرد و بە پەرۆش دەبن و چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کەسێک لەدەرگای ماڵەکەمان بدات و هەستی دڵخۆشی و پەرۆشبوونمان پێ ببەخشێت و هەستبەرزی خۆمان و بەهای کەسایەتیمان پێبدات کە ونمان کردووە، ئەو هەستە لەکاتی مردن بەدیار دەکەوێت و ئەویش مانای شتە هەست پێ نەکراوەکانمان پێدەدات.

ئەو کاتانەی لە ناو وڵات و نیشتمانی خۆمانین هەست بە نرخ و بەهاکەی ناکەین، بەڵام ئەو کەسەی تاڵی دابڕان و دوورکەوتنەوەی بینیوە و ناسنامەی لەدەستداوە پەرۆشی بینین و دیداری دایدەدەگرێت بۆ ئەو شوێنەی لەدەستی داوە، ئێمە وادەزانیین ئەوانە هیچ بەها و نرخێکیان نییە، بەڵام لای ئەو کەسە بەهایەکی گەورەی

هەیە و هەمیشە لە مێشک و خەیاڵیدا دەژیت، بەڵام کێ لە ئێمە هەست بەوە دەکات چی لەناخیدا هەیە، شت هەیە لێی تێناگەین و ناتوانین وەسفی بکەین.

کەسانێک هەن سەربەستیان لەدەست داوە، هەموو تەمەنی بەسەرچووە لە نێوان تاریکی دەروون و دیوارە تەسکەکانی ناخی، کە ئازاد دەبێت و جارێکی تر دەگەڕێتەوە ناو ژیان ئینجا هەست بە نرخی دەشت و بیابانەکان دەکات، ئەوەی لەبارەی سەربەستی قسان دەکات هەست بەوە ناکات چی لەناخدایە.

زۆر هەڵوێست هەیە لەکاتی دەربڕین خیانەتت لێدەکات، وشە ڕاستگۆیی خۆی لە دەستدەدات و پەیامەکەی خۆی ناگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزوو دەکەیت ئەو شتە جوانانەی ناخت دەرببڕیت و دەوروبەرەکەت بەختەوەر بکەیت، بەڵام زۆر شت لەدەست دەدەیەت، چونکە هەندێ هەست هەیە ناتوانیت وەسفی بکەیت و بیگەیەنیتە ئەوانەی لە چواردەورەتن. کاتێک گوێبیستی قسەیەک یان ڕووداوێک دەبیت هەست بەخۆشی دەکەیت، بە پێچەوانەوەش ڕاستە ... هتد.

هەندێ بارودۆخ هەیە خەڵک بە زێدەڕۆیی دەزانن، بەڵام لای ئەو کەسەی بە بارودۆخەکە تێدەپەڕێت زۆر زیاترە، دەتەوێت دڵی من ببەن تاکو هەست بەو دۆخەی من بکەن، ئێمە ناتوانین هەموو هەستەکان بە جوانی وەسف بکەین و بەرامبەرەکەشمان لەتوانیاندا نییە لێی تێبگات.

ئەوشتانەن بە چاوی ئاسایی نابینرێن هەستێکن ناتوانیین وەسفیان بکەین، وەک کاڵا نافرۆشرێن و ناکڕدرێن، کاتێک لەدەستیان دەدەین هەستی پێدەکەین، کە هەستیشمان پێکرد ناتوانیین بیگرین، ئەوە ژیانە کێ لە ئێمە دەتوانیت هەست بە نهێنییەکانی بکات!.

## شکاندنەوە ...

زیادبوونی بیرۆکەی خود شکاندنەوە لای تاک کە دەبێتە هۆی تێکشکاندنی کەسایەتی، کاتێک هەست دەکەیت کاتت تەواو بووە مانەوەت لەژیان بێ مانایە، هەمیشە شکست بەدواوەتەیە پێویستی بەهەڵوەستەکردن هەیە.

بڕوا بەخۆت بێنە کە نابێت هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بلیمەت و دانا بن، بەڵکو ئەوەی لەسەر تۆیە چیت دەوێت و چیت خۆشدەوێت، ڕێگای ڕاست بگریت بەرەو ئامانجەکانت، هەموو هێز و تواناو ماندوبوونەکانت ئاڕاستەی ئەو ئامانجە بکەیت. ئەو ڕێگایە دەستنیشان بکە دەتەوێت ئەوەی لەناختدا هەیە دەریببڕە، لایەنی بهێزی و خاڵی لاوازیت بدۆزەوە، بە خۆت بڵێ دەتوانیت گۆڕانکاری لە ژیانت بکەیت، تۆ تاکەکەسی دەتوانیت خۆت ڕزگار بکەیت، لەتواناتدایە دووبارە بەردەوام بیت و هەر خۆت کلیلی بەختەوەریت خۆتی.

شکست بەرەو ڕووی ئەو کەسەوە دێت کە هەوڵی بۆ دەدات و بەپێچەوانەوەش ڕاستە. کاتێ مرۆڤ بەرامبەر لە دڵسۆز دەبێت سەرکەوتوو دەبێت، ئامادە بە بۆ هەر کارێکی نەخوازیار کە هاوشانە لەگەڵ ئارەزووەکانت و ئامانجەکانت و ئەوانەی پەیوەندیان بەتۆوە نییە پشتگوێیان بخە، ڕێگا بە تێکشکاندن و خۆدزینەوە مەدە ببێتە سێبەرت و هەمیشە بەدواتەوە بێت، هەست بە بەرپرسیارییەت بکە، تۆ خۆت بە و مەبە بەکەسی دیکە.

بەردەوامبە، لەوانەیە بەربەست بێتە ڕێگات، بەڵام ئەوە جێگای بێ ئارامی نییە و نە تێکشکانە، وا دابنێ کارێکی کاتییە.

تەنیا چاڵێکی بچووکە و ساتمەیەکت تێدا کرد، بەردەوام بە لە ڕۆیشتن و هەنگاونان و خۆت لە جێگایەک جێگیر مەکە، ترسناکیەکە لێرەدایە لەگەڵ یەکەم کەوتن هەست بە تێکشکان بکەیت و بەرەو دواوە بگەڕێیتەوە و بیانووی بێ مانا بهێنیتەوە، ئەوەی دەبێت بیکەیت ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و گەڕان بەدوای هۆکارەکانییەتی، لەبەر ئەوەی تۆ مانەوە هەڵدەبژێریت و داوای گۆڕانکاری کردن دەکەیت و هەوڵی پێشکەوتن دەدەیت دەبێت بەردەوام بیت، پێویستە لەباشەوە بەرەو باشتر هەنگاو بنێی، خودا تۆی هەڵبژاردوە هەموو پێداویستییەکانی پێ بەخشیویت بۆ هەنگاو نان و بۆ بەرەو پێشچوون. بۆیە کاتێک خۆشییەکانی ژیان هەڵدەبژێریت و نابێت بەربەستەکان لەیاد بکەیت.

لەوانەی کەسێکی بلیمەت بیت، بەڵام تۆ وابکە ڕۆڵێکیت هەبێت لە ژیان و هەست بکە هەموو کاتەکان بەرەو باشی هەنگاو دەنێیت و سستی مەنوێنە لەم بوارەدا..

## دەتوانیت ..

تۆ دەتوانیت گۆڕانکاری لە خودی خۆت بکەیت، هەوڵ و کۆشش ڕێگا نیشاندەرت بێت بۆ فێربوونی شتێکی نوێ لە ژیان بۆ ئەوەی شارەزاییت زیاد بکەیت. دەتوانیت بەرگەی ئازارەکان بگریت، گەمارۆی شکستەکان بدەیت و سوود لەهەڵەکانت وەربگریت، ڕابردووی خراپ لەبیر بکەیت، لە شوێنێک خاڵی کۆتایی دابنێی و هەنگاوی نوێ بەرەو کاری باش و راست بهاوێی، لە هەر شوێنێک بیت هەست بە گەورەیی خودا بکەیت.

دەتوانیت چیرۆکی خۆت بنووسیتەوە و بگێڕیتەوە، لە تیشکی ڕۆژ خەونەکانت بهۆنیتەوە، وشەکانی سەرکەوتنت کۆبکەیتەوە، دەتوانیت بەباڵەکانت بفڕیتە ئاسمان تۆ لە شوێنی خۆت بیت، لەتواناتدایە لە کۆت و بەربەستەکان ڕزگار بیت، لە تاریکی شەوا مۆمی ڕووناکی دابگیرسێنیت، لە بێ ئومێدی هیوا و لە بێ هێزیش هێز دروست بکەیت، ڕابردووت بکەیتە بەختەوەری. دەتوانیت تەنیایی خۆت بگۆڕیت لە بەهەشت نزیک ببیتەوە، دەتوانیت ببیت بە سوارچاکی سەردەم و لە پێناوی سەلماندنی خودی خۆت گیان ببەخشیت، لەتواناتدا هەیە هاوار و ناڕەزایەتییەکانت بە جیهان بگەیەنی و ڕۆڵی خۆتی تیادا ببینیت.

لەتواناتدا هەیە ئامانجەکانت بەدەست بهێنی، هەموو فیکر و توانا و ویستەکانت بکەیتە هێزێکی نوێکراوە، ئارەزووەکی پرشنگدار لە ڕێگای خەونەکانەوە دەستت پێی بکەیت، بەیانی و ئێوارە بیر لە

ئامانجەکانت بکەوە، تواناکانت نوێ بکەوە، وابکە وەک خوێن لەناو شادەمارەکان هاتوچۆ بکات.

لەتواناتدا هەیە لە ئارامی چیرۆکی خۆت بنووسیتەوە و کۆتاییەکەشی بنووسیتەوە، کۆڵەگەی ژیانت لە نوێژەکانت بەدەست بێنیت و لەپێناوی بیر و بۆ چوونەکانت تێبکۆشیت و بەرەنگاری هەموو ترسناکییەکان ببیتەوە. دەتوانیت بە متمانەبوون بە خودا و متمانەبەخۆبوون بەرەنگاری ترسەکانت ببیتەوە، بەختەوەریت ببەخەشیتە هەموو جیهان ..

## چرپەی دڵەکان ...

مەرج نییە هەموو کات لەگەڵ کەسانی دەوروبەرمان هەست بەخۆشەویستی و هاوڕایی بکەین، لەبەر ئەوەی لە یەک شوێن دەژین یان تۆ لە من بگەیت و من لەتۆ بگەم لەبەر ئەوەی لە شوێنێک پێکەوە بووینە، هەست بە ئازار و بەختەوەریم بکەیت لەبەر ئەوەی نزیکی منیت، کاری گەورە هەیە بۆ شتە بچووکەکانی ژیانمان تەنیا ئەوانە هەستی پێدەکەن کەهەست بە چرپەکانی گەردوون و تەسبیحاتەکانی دەکەن.

پێش ئەوەی تۆ بێیت چۆلەکەی خۆشەویستی بەر پەنجەرەکەم موژدەی هاتنی تۆم پێ ڕادەگەیەنێت، لەپیت و وشە ڕاکردوەکانم وشەیەک دروست دەکەم باسی پەرۆشی تۆ بکات، هەموو ئەو شتانەی تۆ ئارەزووی لێدەکەیت من ئامادەم کردووە، ئایا هەست بە ناخی من دەکەیت و لە دەرگاکەی دەدەیت کاتێک سەیرت دەکەم؟ !.
بەڵێ کەسانێک هەن لەگەڵ هەموو ناخۆشی و ئازارەکانمان بەپەرۆشین بۆ بینینیان، بۆ ئەوەی بە ڕوون و ئاشکرایی بزانن چ لەناو دڵماندا هەیە بەرامبەر ئەوان.

کەسانێک لەسەر تەختەکەیان کەوتوون زاکیرەیان نەماوە، چاوەڕوانی میلی کاتژمێرەکە دەکەن وا هەست دەکەن کۆتایی بە ژیانیان هاتووە لەوکاتەی تووشی نەخۆشی بەساڵاچوو بووینە، مەرج نییە ئەوانەی لە چواردەورین بەساڵاچووەکەن لە بێدەنگی و ڕووخساری بگەن، منداڵەکانی لە چواردەورەین، بەڵام سیفاتە

جوانەکانیان لە ناخەوە کۆتایی پێهاتووە کە ئەو چاوەڕوانییان لێ دەکات، داوای بینینی کەسێکی دیکەی دوور لەو شوێنە و لەم رۆژگارە دەکات، کەسێک لە زمان و هەست و داب ونەریتەکانی تێبگات، هەر کێیەک بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەست بە بوونی بکات.

لێکجیابوونەوەی دوو هاوسەر کە ماوەیەکەی زۆر لەگەڵ یەکتر ژیابن غەمبارت دەکات، چونکە ئەوان بەباشی لەیەکتر تێ نەگەیشتبوون و نەگەیشتبوونە ڕادەی پێکەوژیان، لە خۆشەویستی و میهرەبانی یەکتر دوور بوون، تەنیا منداڵەکانیان ببوونە هۆکاری مانەوەیان لەگەڵ یەکتری، کات و شوێن ڕێگای ئەوەی پێنەداوەن بیروڕاکانیان لەیەکتر نزیک بکەنەوە. بەجێ نەگەیاندنی سۆزو بەزەیی لە نێوان خوشک براکان نیگەرانت دەکەن، ڕەگی دروستبوونیان کاریگەری لێ نەکردوون، تۆ بڵێیت چی لەوە ناخۆشتر بێت دوو هاوڕێی تەمەن لە شەو و ڕۆژێکدا ببن بە دووژمنی یەکتری، مانای ئەوە دەگەیەنێت هەستیان بە هاوڕێیەتیەکی راستەقینە نەکردووە، چەند ناخۆشە کەسێک بە هۆی زام و برینێک دەناڵێنێت و کەس هەست بە ئازارەکەی ناکات، دەبێت چی لەوە ناخۆشتر بێت کاتێک دەبینیت نیشتمانت دەسوتێت و کەسێک نییە نرخ و بەهاکەی بزانێت .

زۆر سانایە تاکەکان وەک هەن قەبوڵیان بکەیت، بەڵام ئەستەمە هاوڕایی تەواو لەنێوان دێرەکانی تەمەن ڕووبدات تەنیا لەبەر ئەوەی لە نزیک منیت، من لە ئاوازی دەنگت، ڕووخسار و بێدەنگی و قسەکردن و چرپەچرپەکانت ئەتناسمەوە، ئەوانە شتی زیندوون و وەک تیشکی ڕۆژ ڕوون و ئاشکران بۆ ئەوانەی هەست بەچرپەی دڵەکان دەکات..

## ئەو شتانەی ئاسانن ...

خدیجە کوڕەکەی فێری ئەوەی کرد چۆن ڕووبەڕووی ترس بێتەوە، هەست بەتەنیایی نەکات، شکست قەبووڵ نەکات، فێری عیشقی سەرکەوتنی کرد وەک ئەو سەرکردانەی لە گۆڕەپانی جەنگ کۆڵنادەن، فێری پابەندبوون، سادەیی کرد، فێری کرد ئەگەر لەناو سکی نەهەنگیش بێت هەست بە بەها گەورەکەی ( استغفرالله ) بکات، کوڕەکەی فێری ئازایەتی سەلاحەدینی ئەیوبی و گوێڕایەلی ئیسماعیل بۆ باوکی و ئارامگرتنی ئەیوب، شەرم و ئابڕۆمەندی عوسمان، ڕاستگۆیی و هێزی فاروقی کرد لەسەر حەق، کوڕەکەی فێرکرد کە چۆن بڕوادار نهێنییەکانی براکەی دەپارێزێت بەزەیی بە بچووکەکان دادێتەوە و ڕێز لە بەساڵاچووەکان دەگرێت.

کوڕەکەی فێری چیرۆکەکانی قورئان کرد، چۆن نوح لە باوبۆران ڕزگاری بوو، چۆن مرۆڤ بەرەنگاری زوڵم و لەخۆباییبوون و ستەمی ستەمکاران دەبێتەوە، فێری کرد چۆن قورئان بخوێنێت و ڕاڤەی بکات، بیر لە گەردوون و دروستکراوەکانی پەروەردگار بکاتەوە، چۆن هەموو شتێکی گەردوون ئەژمار کراوە، دادپەروەری لە تەرازوو بکات و ئیماندار زمانی بپارێزێت، ببێتە نوێنەری ئیسلام و شانازی پێوە بکات.

فێری کرد دڵی بکاتە گەڵاداری خێر و خێرات، لە شتە بچووکەکانی ژیان هیوا و ئومێد بۆ مانەوە دروست بکات، فێری کرد محمد (ص) لەهەموو کەس زیاتر تووشی تاقیکردنەوەی ژیان بوو، وشەی جوان

وەک دارێک ڕەگ و ڕیشەکەی لەسەر زەوی جێگیرەو لق و پۆپەکانیشی لەئاسمانە.

خدیجە کوڕەکەی فێرکرد یەک هەنگاوی خێر دڵی هەزاران سەرگەردان ئاسوودە دەکات، پاروە نانێکی ڕۆژانی ناخۆشی دەمی برسییەکان تێر دەکات، دەستهێنان بەسەری منداڵە هەتیوێک چ دڵخۆشی و ئارامیەک دەبەخشێتە ناخی، شتی زۆر ئاسانی فێری کوڕەکەی کرد، کە کاردانەوەکی زۆر گەورەی لە سەر هەست و سۆزی هەبوو.

## کۆت و بەندی ڕزگاربوون ...

خەون و ئومێدی هەندێک کەس زۆر زوو لەناو دەچن، بەڵام لە تاریکترین شەوی تەمەن و بێ ئومێدییەکان لەناو تاڵی ناخۆشییەکان کۆتی ڕزگاربوون دەشکێنێت، ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە لەناختدا بەهێز و خۆڕاگر بیت، بەرگەی ناخۆشییەکان بگریت، ئەوەش پەیوەستە بە بیرکردنەوەت هەرشتێک لە ژیانت ڕوودات تۆ ڕێگای بۆ خۆش دەکەیت، لەگەڵ بوونی ئەو هۆکارانەی لەدەرەوەی ئیرادەی تۆن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باکگراوندە کە لە مێشکت کۆگا کراون، ئەقل لەکاتی پێویستیدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک بەکاری دەهێنێت.

ئەو بیرۆکەی لەکاتی ڕووداوەکاندا باڵا دەستە، واتە باڵادەستبوونی بیرۆکەیەک لەسەر ئەقل و ئاوەز بەرەو جێگای مەبەستت دەبەن، بەرەو ئەو شوێنە دەڕوێت بیرۆکەکەت لێی لەدایک بووە، ژیانت ئاوێنەی بیرکردنەوەکانتە، تاک بەگوێرەی خەم و ئازارەکانی بیرۆکەی هاوشێوەی بۆدروست دەبێت، دۆخەکەی زیاتر ئاڵۆزتر دەکات، بە پێچەوانەوەش ڕاستە.

بیرۆکەکانمان ڕەنگدانەوەی شارەزایی ژیانە، ئەوکاتانەی تەرکیز دەخەیتە سەر شتێک لەو ساتەدا هێز و توانا شارەوەکانت بەکار دەهێنیت، ئەوەش رەنگدانەوەی کاردانەوەکانتە بۆ دۆخەکە.

**تشارلز هاتێل دەڵێت:**

**( بیرۆکەی باڵادەست ئەقل ئاراستە دەکات وەک موگناتیس وایە، یاساکەش هاوشێوەکان یەکتر ڕادەکێشن، بەمەش ئاڕاستەکانی ئەقل هەمان بیرۆکەی دەبێت لەگەڵ سروشتەکەی ئەودا بگونجێت).**

بەڵێ، دەتوانیت ئەوەی ئارەزوو دەکەیت بەدەستی بهێنێت گەرلەناخەوە بیرۆکەی باڵادەستت پاراست، دەبینیت دەبێت بە واقیعێکی هەست پێکراو و ڕاستییەکی جوان ، تۆ تاکەکەسی لەتواناتدایە ئاراستەی خۆت دیاری بکەیت.

**بۆب بروکتۆر دەڵێت :**

**( ئەوەی ئارەزوو دەکەیت بەخەیاڵ و ئەندێشە بەدەستی بهێنێت، دەتوانیت بەدەستەکانت بیگریت ).**

گومان لەوەدا نییە ئەقڵ لەبیرکردنەوە هێور نابێتەوە، بەپێی هۆشیاری و کۆکراوەکانی ئەنجام بەدەست دەهێنیت، بۆیە ئەگەر دەتەوێت ژیانت بگۆڕیت ڕێگاکانی بیرۆکەکانت بگۆڕە، ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە ژیانت لەسەری بەند دەبێت، بۆیە چاوت لەسەر ئەو شتانە بێت کە خۆشەویستی و ئارەزووت بۆی هەیە، بیرکردنەوەکانت بە هۆشیاری دیاری بکە، لەوانەیە ڕێڕەوەکانی ژیانت بە کاملی بگۆڕێت..

## هاوڕابوونی گەردوون لەگەڵ تۆ ...

ئەوکاتانەی لەگەڵ ناخی خۆت و ئارەزووەکانت ڕاستگۆ دەبیت، بێ ئاگایانە شتەکانی دیکە بۆخۆت کێش دەکەیت دەبن بە هەنگاوێکی نوێ بۆ ئەو ئاراستەی هەنگاوی بۆ دەنێت، پێویست بەوە ناکات هەموو ریگاکان ببینیت، چونکە ئەوە پەیوەندی بەغەیبەوە هەیە، تۆ بەیەکەم هەنگاودەست پێبکە، ئەگەر لە شوێنێکی تاریک بوویت ئارەزووت نەکرد بەسەر پلیکانەکان سەرکەویت هەستکردن یەکەم هەنگاوە، ئەگەر ئەو هەنگاوەت دۆزییەوە ئەوە کارێکی باشت بەرەو سەرکەوتن کرد، پێویست ناکات هەموو پایەکان ببینیت، چونکە تۆ نزیکیت بەئامانجەکەت بگەیت.

متمانەت بەخۆت هەبێت هەموو ئەو شتانەی لە دەورووبەرتن هاوکارت دەبن بۆ تەواوکردنی و دیاری ڕێگاکەت، هەنگاوەک بهاوێژیت هەنگاوەکی تر بۆ خۆت ڕادەکێشیت، هەموو داهێنان و پێشکەوتنەکان لەیەک بیرۆکەی پەرش و بڵاو دەستیان پێکردووە، بەڵام تۆ ئەو بیرۆکەیە دیاری دەکەیت بە پشتبەستن بە تواناکانی خۆت، جۆرە هاوڕاییەک لە نێوان خۆت و ئەودا دروست بکە.

له بیرۆکەکەت ڕابمێنێ و بە توانای داهێنانەوە گەشەی پێبدە تا ڕاستییەکی سەرسوڕهێنەرت بۆ بەرهەم بهێنێت هیچ کاتێک بیرت لێ نەکردبێتەوە، چونکە تۆ هۆکارەکانت لا گرنگ بووە و خودای گەورەش بۆ بە دەستهێنانی هەموو شتێکی بۆ ئاسان کردووی.

تۆ بەدڵنیاییەوە هەست بەڕێگاکانی خۆت بکە، ئاگاداری بەو بە گەشاوەیی لە ناخدا بیهێڵەوە تۆ لە هەموو ئەو هەنگاوانەی دەیهاوێژیت پێویستیت پێدەبێت، گەر هەنگاوەکانیش لەسەرخۆ بێت تۆ بەردەوام بە لەوانەیە لەهەنگاوەکانی سەرکەوتن زۆر نزیک بیت.

## کۆنترۆڵکردنی ئەقڵ ...

کاتێک مرۆڤ ناهۆشیارانە و بێ ئەوەی هەست پێ بکات ئەقڵ لە دەست دەدات و شپرزەبوونێک لە خودی خۆی ڕوودەدات، لەم ڕۆژگارەدا سۆشیاڵ میدیا کۆنترۆڵی ئەقڵ و هەست بۆ لای کێش دەکات و بیرکردنەوەکانی ئیفلنج دەکات و هێمنی و ئارامی دڵ لە دەست دەدات.

ئێستا سۆشیاڵ میدیا لە پێشکەوتنێکی بێ وێنەدایە بەشێوازی جۆراوجۆر کۆنترۆڵی ئەقڵی مرۆڤ دەکات و تووشی شپرزەیی دەکات بۆ تێکدانی بیروبڕواکانی، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی دەروونێکی بێ هێز و سەرگەردان و بێتوانا، هەست بە توانا و لێهاتوویی و ئاستی ڕۆشنبیری خۆی ناکات و کاریگەری لەسەر نابێت و کەسیش لەتوانایدا نییە گۆڕانکاری تێدا بکات. تەنیا پەروەردگار دەزانێت ئەقڵ چۆن داگیر دەکرێت و چی بەسەر دەهێن، بەدەستی خۆمان تووشی داڕمانی دەکەین دەبێتە دوژمنێکی سەرسەختی لەبن نەهاتوو.

بەهێزترین دڵڕەقێتی لەسەر مرۆڤ بریتییە لە ڕووخانی ناخ و خود، کاتێک ڕاستی ئەو وەهمەی بۆ دەردەکەوێت تیایدا ژیاوە بەهۆی

فەرامۆشکردنی ئەقڵ و بەرنامەی بیرکردنەوەی ڕادەستکردنی بەکەسانی تر بە ئارەزووی خۆیان یاری پێ بکەن.

بەربەستی بەهێز و ئایدۆلۆژیای نەشیاو و ناتەندروست بەرامبەر ئەقڵت دروست مەکە ڕێگای پێ مەدە ببێتە پەکخستنی هێزی پاڵنەری بیرکردنەوەت، بەڵکو بەئیرادەوە خودی خۆت بونیات بنێوە و ناخ و خودت ڕێکبخەوە تاکو ڕاستییەکان و ئامانجەکانی بزانیت. بەناخی خۆت بڵێ من کێم، چیم دەوێت و چۆن بەدەستی دەهێنم ئامانجەکەشم چی دەبێت، ئایا ئەوەی دەیکەیت دەتگەیەنێتە واقیعێکی ئازاراوی و یاخود کۆتاییەکەی بریتی دەبێت لە خۆ ڕزگارکردن لە لایەنە خراپەکانی ناخت هەتا هەتایی؟.

لەوانەیە ئەم ڕێگایە تاریک و مەترسیدار بێت، بەڵام تۆ تاکە کەسیت ڕووناکی بکەیتەوە و لە ڕۆیشتن بەردەوام بیت لە ڕاستکردنەوەی ئاراستەکەت و ڕاستکردنەوەی ئامانجەکانت، لەناوبردنی بەربەستەکانی نەزانیین، ئەگەر سەرکەوتوو بیت لە بەڕێوەبردنی نەفسی خۆت، لە زۆر بەربەست رزگارت دەبێت..

## تۆ جوانترینی ئەم گەردوونەی ...

تۆ جوانترینی ئەم گەردوونەی، با تێڕوانینەکانت بەرامبەر ڕووداوەکان جێگیر و ڕاستگۆیانە بێت لە زەمەنی ناخۆشییەکان، زەمەنی گۆڕانکارییەکان، بە ئاقڵانە هەڵسوکەوت بکە، وابکە دڵنیاییەکەت تاریکییەکان بڕەوێنێتەوە و هێزێک بێت بۆ رووناک کردنەوەی ئەشکەوتە تاریکەکان و ئەقڵە چەقبەستووەکان، ناخت مەکە بە چەکێکی وێرانکردنی خود، ئەوەی ماوە بیپارێزە تا بە مەبدەئی ئازایەتی و هاوسەنگی بگەڕێنیتەوە لای تاکەکانی دەورووبەرت، لەگەڵ شەپۆلی گەندەڵکاران مەڕۆ.

**شونج تسۆ دەڵێت: ( تاکو ئێستا گەردوون بارمەتەی شاراوەکانی نەفسە ).**

تۆ دەتوانیت لە پێناوی خەون و بیروڕاکانت تێبکۆشیت، هەستە جێگیرەکانی لایەنی چاکەکاریت لەخەو هەڵسێنە و لایەنە نەشیاوەکانی بێ ئومێدت لەناو ببە پێکەنیین بگەڕێنەوە ژیانت، ئەوانەی هەوڵی بۆ دەدەیت لەناو خودی خۆتە بیاندۆزەوە تاکو هەست بە بەبوونی خۆت بکەی. تۆ باشترین کەسی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانت، ژیانت خۆت پڕ بکە لەمانا و هەست بەخۆکردن ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانت هەبێت، کاتێک هەست بە ترس دەکەیت هەموو شتەکانی دەوروبەرت بەترسەوە دەبینیت ئەگەر هەستت بەگەندەڵکاری کرد بەڕاست و ڕەوات زانی تووشی سەرنەکەوتن و داڕمانت دەکات، هەروەها گەر هەستت بە ناخۆشی کرد و خۆت

بەدەستەوەدا و جیهان بە خەمۆکی و نەخۆش دەبینیت، ئەگەر بە جیهان پێکەنیت و بە جوانیت بینی لەکاتە ترسناکەکان هەست بە جێگیری دەروونی و دڵنیایی محمد (**دروودی خوای لەسەر بێت**) بکە کە بەبرادەرەکەی دەڵێت: غەمبارمەبە، خودا لەگەڵ ئێمەدایە ..

تۆ جوانترینی گەردوونیت، چونکە پەروەردگار نیعمەتی بوونی بەتۆ بەخشیوە، ئاسانکاری بۆ کردوویت تا هەست بە گەورەیی گەردوونەکەی بکەیت بێزار مەبە لەگەڕان لە سەرچاوەکانی گۆڕانکاریکردنی ناخ و دەروونت، تەنیا یەکجار دەژیت بۆیە پێویستە بەردەوام بیت لەسەر کارە چاکەکان و پشتت بەپەروەردگار بەهێز بێت و دەرگای ڕزگاربوونت بۆ ئاسان دەکات و بەجوانتری شێوە ڕزقت پێ دەبەخشێت.

تۆ بە وشەیەکی جوان، خەندەیەک، خێرێک و چاکەکردنێک، خۆشەویستییەکی بێ بەرامبەر و هەڵگرتنی بەرپرسیاری دەبیتە جوانترینی ئەم گەردوونە ...

## تاکەی شوێنەکەت چۆڵ دەکەیت ؟ ...

خودە شپرزەکەت بێزارە لە کێشکردنی بیرۆکەکان و دوورکەوتنەوە لە نێوان وشیاری و ناوشیاری، گرنگینەدان بەخود و بوونی بیرۆکەی پەرش و بڵاو، ئەو تەمەنەی ماوتە بە ڕووخسارێکی پڕ لە فرمێسکی دوورکەوتنەوە، پاسەپۆرتێکە لە سەر مێزەکەی دانراوە و دیوارەکانی ژوورەکەی وەکو خۆی کۆنن، جانتایەکە پڕ لە پەرتووکی مێژووی و فەلسەفە و دەروناسی.

بەرگەی ئەو هەموو شتە ناگرێت چواردەوریان داوە، تۆمەتبارکردن و خیانەتکاریکردن، دۆخی نیشتیمان باش نییە و هەست بە نامۆیی ناوەوە دەکات گومان بە خۆی و کەسانی چواردەورەکەی دەبات، وەک بڵێت هەموو شتێک ڕەوایە.

نازانێت کارەکان چۆن بەڕێوە دەچێت؟، هەموو شتەکان بۆدواوە دەگەڕێنەوە و بەباشی زانی بچێتە شوێنێک لەخۆی بگرێت، لەونەیە جارێکی ترلەدایک ببێتەوە، هەموو لەبڕیاری گەشتەگەی بێزار بوونە، چونکە ئەو بەشێکە لە هەموو، شتەکانی دەوروبەری لە سەفەرکردنەکەی نیگەران بوون، کردەوە جوانەکانی لە خودی خۆی و کەسانی دەوروبەری جێگیر کرد.

بەرگەی سەیرکردنەکانی دایکی بکات، پێیووت، ئەوە قسەکانی تۆیە، دەبێت مرۆڤ هەست بە ڕاستییەکان بکات لەکاتی ناخۆشییەکان،

سوارچاکی باشیش ئەو سوارچاکەیە تا کۆتایی جەنگەکە بەردەوام بێت.؟ تا ئەوکاتەی شوێنەکەی خۆی جێدەهێڵێت، ئەوەش خۆی لەخۆیدا خیانەتکردنە لە نەفس و نیشتمان.

بڕیاری ڕۆیشتنی یەکلایکەرەوە بوو بەچاوێکی پڕ لەفرمێسکەوە ماڵئاوایی لەدایکی کرد، سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو بەرەو فڕۆکەخانە بەڕێکەوت وەکو کامێرایەک هەموو ڕووداوەکانی تەمەنی هێناوە بەرچاوی، وشەکانی دایکی لە ناخەوە دەنگی دەداوە، گەیشتە فڕۆکەخانە و چاوەڕوانی گەشتەکەی دەکرد ، هەموو شتەکانی بیرخۆی هێناوە، شوێنەکان، دیواری خانووەکەیان، یادگارییەکانی و پەرتووکەکانی.

لە پڕێکا هەستی بەکاتی گەشتەکەی کرد، دواجار سەیری دەورووبەرەکەی کرد و بەرەو ئەو شوێنە بەڕێکەوت مۆر لە پاسەپۆرتەکەی دەدەن، هەستی بە شپرزەییەک کرد پاسەپۆرتەکەم، پاسەپۆرتەکەم، لەناو جاناتەکەی گەڕا نەیدۆزیەوە لە شوێنێی خۆی دانیشت تا پاسەپۆرتەکەی بدۆزێتەوە، بەهۆی پێکەنینەکانی تووشی هیستیریا بوو، لەیادی نەبوو پاسەپۆرتەکەی لەسەرمێزی مەکتەبەکەی و لەناو کاغەزە تێکەڵاوەکان و دیواری کۆنەکەی خانووەکەیماڵیان بەجێهێشتیە..

## کاتە ترسناکەکان ...

هەندێکجار هەست دەکەیت شتەکان بە پێچەوانەی میلی کاتژمێرەکە دەخولێنەوە، لەناختدا هەست بەنامۆیی دەکەیت وا دەزانیت لە وڵاتێکی پارچە پارچەکراودا دەژیت، گومانت هەیە لە کاتێکی گونجاو لە دایکبوویت بەهۆی بڕوابوونت بە بنەماکانی هاوسەنگی سروشتی ژیان، ئەم دەستەواژەیە کاریگەری لە سەر ناخ دەبێت، چونکە ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوەکان تاکە ئامانجی تۆیە لەکاتی لەقبوونیان لەم کاتانە زیان بەخش دەبن.

پێویستە ئەو پەرژینانەی بەری ڕووناکی خۆرت لێ دەگرن لەناو ببەیت وردوخاشیان بکەیت، کاتێک هەست دەکەیت نەزانیین و زوڵم و گەندەڵی لەزیاد بووندایە خۆت بێ هێزوبێ توانا مەکە، بەدڵنیایی و زانیاری بەرەنگاریان ببەوە، چونکە ئەوانە کاتین و تەمەنیان کورتە و زۆرخایەن نیین، لە کۆتاییدا سەرکەوتن بۆ ڕاستییە.

سەیری چواردەوری خۆت بکەو مێژوو بخوێنەوە ڕۆژەکانی سەخت و نالەبار بووە و کارەساتی گەورە بەرپا بوونە، خەڵک بێ هیوا بووینە و بیریان کردۆتەوە ئەوە کۆتایی جیهانە، بەڵام لەساتەوەختێکی کەمدا دۆخەکە وەکو خۆی لێ هاتۆتەوە و دووبارە بوونی خۆی سەلماندۆتەوە و ژیان گەڕاوەتەوە دۆخی جارانی و ڕێڕەوەکەی خۆی وەرگرتۆتەوە، بۆیە پێویستە تاک بیسەلمێنێت

سوارچاکێکی بەتوانایە، هەرچەندی زوڵم زۆرداری و بیروڕاکان جیاواز بێت، ئەو بۆی نییە شوێنەکەی خۆی بەبەتاڵی جێبهێڵێت، چونکە ئەو بەرپرسیاریەتێکی گەورەی لە ئەستۆیە دەبێت جێبەجێ بکات، گەر جێگاکەی چۆڵ بکات خۆی زەرەرمەندی یەکەم و کۆتایی دەبێت، ڕووناکییەکانی بۆ تاریکی دەگۆڕدرێت.

کە زوڵم و زۆرداری و گەندەڵیی نەبێت تێکۆشەر و ڕابەر و ئەوانەی بەدوای ڕاستییدا دەگەڕێن بەدیار ناکەون و بوونیان لەژیان بێ مانا دەبوو و هەرچەندی ژیان ناخۆش و سەخت بێت خەمەکان زیاتر دەبێت، گومان لەوەدا نییە دەبیت بیروڕا ڕاستەقینەکان بگەڕێندرێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

تۆ لەکاتێکی نەگونجاو لە دایک نەبوویت بارودۆخی سروشتیت وادەکات لە جێگاکەی خۆت بەردەوام بیت ئەو بەرپرسیارییەی پێت سپێردراوە جێبەجێ بکەیت، بەتوانایەکی بەهێز هاوسەنگی لۆژیکی بارودۆخە سروشتیەکەی ژیان بگۆڕیت، دوورکەوتنەوەش لەم بەرپرسیارێتیە بێهێزییە.

لەتاریکییدا ببە بە تیشکی ڕووناکی، لەکاتی بێ ئومێدیش ببە بە هیوا، لە کاتە ترسناکەکانیش ببە بە کەشتی ڕزگاربوون، بە دڵنیاییەوە ئەوەی ئیمان و بڕواییت پێی هەیە بۆ خەڵکی بسەلمێنە، بەبڕوایی بەخۆبوونەکەت پەروەردگار هێز و توانایەکت پێ دەبەخشێت، نوری ئیمانی ناخت نوێ دەکاتەوە بۆ لەناوبردنی و زاڵبوون بەسەر ڕۆژە سەختەکان..

## تاقیکردنەوەکە دووبارە بکەوە ...

گەر جارێک لەکارەکەت سەرکەوتوو نەبوویت، ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ تاکێکی سەرنەکەتوویت، لەوانەیە هۆکاری سەرنەکەوتنەوەکەت ناشارەزایی بووبێت لەم کارەتدا، ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە هەوڵەکان دووبارە بکەیەوە سوور بیت لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکەت، دەبێت ئەوە بزانیت کەسانی وەک تۆ زۆرن، لەوانەیە ئازار و ناخۆشیەکانیان لە ئازار و ناخۆشییەکانی تۆش زیاتر بێت، بەڵام خۆڕاگرن و بەربەرەکانی ژیان دەکەن.

**هێلین کیلر دەڵێت:**

**(لەگەڵ ئەوەی جیهان پڕ بووە لە کێشە و گرفت، بەڵام کەسانێک هەن بەربەرەکانی ئەم کێشە و گرفتانە دەکەن ).**

کاتێک دەزانیت ئاراستەی بەدەستهێنانی ئامانجەکانت ڕاست و دروستن، بەردەوام بە و ئارامی لەسەر بگرە، دڵنیابە سەرکەوتن بەدەستدەهێنیت، کەسانێکی زۆر بە هۆی ئارامنەگرتن بنەماکانی سەرکەوتنیان لە دەست داوە کە زۆر نزیکبوونە لەسەرکەوتن، لەیەکەم هەنگاودا خۆیان تەسلیمی واقیع کردوە و ئاڵای خۆبەدەستدانیان بەرز کردۆتەوە لە بەربەرەکانی کردندا پاشگەز بووینەوە، چونکە فێری خۆڕاگری نەبووینە نەیان زانیوە چ جێگرەوەیەکی لەبری ئەو دابنێن بەرامبەر ناخۆشییەکان، بۆیە لە قۆناغەکانی دواییدا لە ئامانجەکانیان دوور دەکەونەوە.

**هنری وارسون دەڵێت:**

**(پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگە فێری ئەوە بکرێن کردەوەکانیان بەرز ڕابگرن، ئەمەش تەنیا بەبەرگەگرتنی ناخۆشییەکان و توانا و ویستەکان بەدەست دەهێنرێن).**

تەنیا ئەوەی پێویستە بیکەیت شارەزایی و تواناکانت بەکار بهێنیت کردەوەی ناتەندروست زۆرخایەن نییە تاسەر بەردەوام نابێت، بەدەروون و ناخت ڕابگەیەنە ئەگەر دەتەوێت کاری گەورە و گرنگ ئەنجام بدەیت دەبێت گرنگی پێبدەیت و ئارمی لەسەر بگریت ماندوو بیت بۆ بەدەستهێنانی.

لەسەرەتادا بەرپرسیارێتی هەڵبژاردنەکە لە دەستی تۆدایە بە ئیجابیانە سەیری بکە، ئیرادەیەک لە ناخ و خودت پێکبهێنە بەپێی ئەو هەوڵانەی دەیدەیت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانت سەرکەوتن بەدەست دەهێنی ئەگەر پابەندی بنەماکانی سەرکەوتن بزانیت، بەڵام ئەگەر شێوەی مامەڵەکردنەکەت شێوەی کار و کاردانەوەی بەخۆیەوە بینی ئەوە دەبیت بە یەکێک لە قوربانییەکانی ژیان.

## کۆتایی تەمەن ...

لەسەرەتای تەمەنەوە تاکو ئێستا ترس هاوبەشی ژیانمانە، بۆتە سێبەر لەناخ و دەروون خۆی جێگیرکردوە، بەبێئاگایی ژیانی هەرەسان کردووین، بەدرێژایی رۆژگار بۆتە خەیاڵ و ئەندێشەیەکی تاڵ، کاتی ئەوە هاتووە هەڵوەستەیەک لە ژیان بکەین، هێشتا کات ماوە بۆ بۆنکردنی ئەو گوڵانەی بۆنیان ماوە لەم گەشتەی ژیان، زۆر کاری باش ماوە بۆ ئەنجامدانی، هەم بۆ خۆڕزگارکردن لاوەکی و بێ بەهاکانی ژیان بەتایبەتی شتە خراپەکان، تاکو بە شێوەیەکی جیاوازتر سەیری ژیان بکەیت.

ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییەی ئەمڕۆ هەتە، خەسڵەتی دانایی و زانایی خۆتن، ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکەیت و دەبینیت نە بیستووتە و نەبینیووتە، پەشیمانیت لەو کارانەی سەردەمێک لەتواناتدا نەبووە ئەنجامی بدەیت، بێ ئومێد مەبە، ڕێڕەوەکانی ژیان وەک جاران جێمەهێڵە، بەڵکو هەوڵی ڕاستکردنەوەیان بدە.

**فردریک امیل دەڵێت:**

**(پێویستە بزانیت ڕێگاکانی بەساڵاچوون دانایی و زانابییە، بەنرخترین وەرزی ژیانە و هونەرێکی گرانبەهایە).**

هیچ شتێک وەک خۆی نامێنێتەوە، خۆر هەموو ڕۆژێک ڕووناکییەکەی هیوا و ئومێد دەبەخشێتە ژیان و لە گەردوون بڵاوی

دەکاتەوە، ئەو تاکەی هەست بەو ڕووناکییە نەکات تاکۆتایی تەمەنی هەست بە تاریکی ناخ دەکات.

لەم کاتەدا پێویستە خۆت لەگەڵ ژیاندا بگونجێت، گەرنا ئەو تەمەنەی ماوتە لە دەستی دەدەیت، بەئیرادەیەکی بەهێز بگەڕێوە ناو ژیان، خۆت لە خەم و ئاریشەکان ڕزگار بکە، بەتایبەتی ئەوانەی بە بێ هیچ هۆکارێک هاتوونەتە ناو ژیانت.

پرسیار مەکە و مەڵێ چۆن و بە چ شێوەیەک، تۆ تاکەکەسی ڕاستییەکانی دەروونی خۆت دەزانی هەر خۆشت لێی بەرپرسیاریت، دۆخی تۆ جیاوازە دەتوانیت بە شێوەیەکی تر پلان بۆ ژیان دابڕێژیتەوە خۆت بەختەوەر و ئاسودە بکەیت، ژیان بکە بە درەختێکی بەرهەمدار تا لەدوای تۆدا کەسانی تر سوودی لێ ببینن.

بەڵێ، ژیان کێشمەکێشەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام کەسانێک بەهۆی متمانە بەخۆبوون سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و بەدڵنیاییەوە دەڕواننە ڕۆژانی داهاتووی ژیانیان ...

## واقیعی خۆت بگۆڕە ..

زۆرجار تاک ناچار دەبێت لەکاتی مامەڵەکردنیدا کردەوەی دوور لە ویستەکانی خۆی ئەنجامبدات، بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی تاکی بەرامبەری، لەسەرەتادا هەست بە بێزاربوون ناکات، بەڵام لەدواییدا دەزانێت و هەست دەکات ئەو کارەی ئەنجامیداوە لەتوانای ئەودا نەبووە، بۆیە ناتوانێت بەجوانی جێبەجێی بکات، چونکە لە ناخەوە ڕەزامەندی لەسەرنیشان نەداوە، لە ئایندەدا هێز و تواناکانی پەک دەخات و کەسایەتیەکەی ون دەکات.

بۆیە ئەم هەوڵانەی بۆ پێشخستنی خود و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی تاکەکانی بەرامبەر دەدرێت ماندووبوونی زۆر و هیلاکی دەوێت، نابێت لەژیاندا چاوەڕوانی پشتگیری کەس بکەیت لەپێناو بەدەستهێنانی ستایشکردن و سوپاسکردن، بەڵکو پێویستە جۆرە هاوسەنگییەک لە نێوان کارو کردەوەکانی تاکی بەرامبەر دروست بکرێت نەوەک واقیعی خۆی بگۆڕێت.

ئەوەی ئارەزووی دەکەیت لە گۆڕانکاریکردن و بەرەو پێشبردنی خود ئەنجامی بدە، تاکی متمانە بەخۆبوو توانا و شارەزاییەکانی لە قووڵایی ناخەوە بەدەست دەهێنێت، نەوەک بەپێی ویست و ئارەزووی کەسانیدیکە.

بەردەوام هەوڵ و کۆشش بدە بۆ ڕاستکردنەوەی ناخ و خود خۆت، هێزی ئەرێنی بکە بە هێزێکی سەرەکی ژیان، متمانەت بەوە هەبێت هەموو کارەکانت هەمان ئاراستە دەگرنەبەر، ژیانیش بە ویست و ئارەزووەکانی تۆ دەبێت، ناسنامە و کەسایەتیت هەنگاوەکانت

دیاری دەکەن، بەچاوی سەرکەوتن سەیری ناخ و دەروونت بکە و گەشەی پێبدە، نەک لەپێناوی ڕەزامەندی کەسانی تر، ئەمە بۆ دروستکردنی تاکێکی پێشکەوتوو و داهێنەر ئەنجامبدە.

ئەگەر ئارەزوو دەکەیت کەسێکی خۆشەویست و سەرنجڕاکێش بیت لای بەرامبەرەکەت، ئەوا هەڵسوکەوت و کردەوەکانت بکە پێوەرێکی دەروونی بۆ بەرامبەرەکەت، ڕازیبوون و ڕازینەبوونیان پەیوەندی بە تۆوە نییە هێز و تواناکانت لە ناخی خۆتدا بەدەستهێناوە نەک لەسەر بنەمای ستایشکردنی کەسانی تر، ئەوکاتانەی گەشە بەناخ و خودی خۆت دەدەیت و بەرەو پێشی دەبێت بڕوای تەواوت بە تواناکانی خۆت هەبێت..

## شتەکانی ناخت دەربڕە...

هەرچەندی هەڵەکانت، غەمەکانت، کەوتن و بەربەستەکانت زۆربێت، کۆت و زنجیرەکان بپچڕێنە سنوورەکانت ببەزێنە و خۆت لەبێدەنگی ڕزگار بکە، دەنگت بگەیەنە و ئەوەی لەناخت هەیە بیدرکێنە و هەڵەکان بەناخی خۆت ڕابگەیەنە کە تۆ تاکێکی نموونەیی نیت، ئێمە هەموو ڕۆژێ شتی نوێ لە تاقیکردنەوەکانی کەسانیتر فێردەبین، شەرم مەکە لەدان بەهەڵەدانان، گرنگ ئەوەیە کارە هەڵەکان ڕاست بکەیتەوە، داننان بەهەڵە لەو کەسانەت دوورت دەخاتەوە کە چەکی وێرانکاریان دژ بە تۆ لایە، ڕاستکردنەوەی هەڵەکان هێزت پێ دەبەخشێت دەبن بەپاڵپشت بۆ کردەوەکانت.

باسی بەربەستەکانت بکە دووبارە ئەوەی لەدەستتداوە بیگەڕێنەوە، لە واقیع دوور مەکەوە، تۆش وەک هەر تاکێکی دیکەی کۆمەڵگە هەندێک لە ڕاستییەکان دەشاریتەوە، بەڵام دەتوانی بە نهێنی لەنێوان خۆت و خوای خۆت بڕیاری چاککردنی هەڵەکان بدەی.

ئازار و ناخۆشیەکانی ناخت دەربربڕە و مەیانکە بەندکراوی ناخ و دەروونت، تا توانا و هاوسەنگیت لەدەست نەدەیت، پێش ئەوەی بیروکە نابەجێ و ناتەندروستەکانت ڕەگی شک و گومان لە ناخ دابنێن، بۆخۆت برین و زامەکانت سارێژ بکە، پارێزگاری لە هەستەکانی بەرامبەرەکەت بکە و هێرشی مەکە سەری بێ ئارامییەکانی ناخ دەربربڕە و لێیان تێبگە ترسەکان لەناو ببە، سەرەتای

بێئارامی و کۆتایی پێ هێنانەکەشی دیاری بکە، ڕێگا مەدە ببێتە بەشێک لە ژیانت.

هۆکارەکانی دواوەی بێدەگییەکەت دەرببڕە لە تاریکی دووری بکەوە، خەڵک نازانێت ئاریشە و گرفتەکانت هۆکاری بێدەنگیەکەتن، بە خۆشەویستی هاوکاری کەسانی تر بکەو لەهەر باخێک گوڵێکیان پێ ببەخشە تاهەست بە بوونی تۆ بکەن.

ژیان پڕمانا بکە خاوەن یەکەم و کۆتایی هەر بڕیارێک و کەسێتییەکەی خۆت بە، چاوەڕوانی لەکەس مەکە ژیانت بگۆڕێت، هەرچەند هاندەر و پاڵپشتی بەهێزی تۆ بن بەبێ بڕیاردانی تۆ هیچیان لەدەست نایەت بیکەن، لەسەر ئیرادە و پابەندبوونی خودی خۆت بەردەوام بە.

## گرەوە گەورەکە ...

کاتێک خودی خۆت وەک هەیە پەسەندی دەکەیت هەست بە سەربەخۆیی دەکەیت، ئەوکاتانەی لەو یاخی دەبیت بەشێک لە هێزی ئیجابی و دڵنیابوون لەدەست دەدەیت، ئەوەش وادەکات هەست بەتەنیایی بکەیت وڕق و کینە بەرامبەر کەسانی دیکەی بەرامبەرت بەکار بهێنیت و بەردەوام دەبیت لە سەر ڕق و کینەکەت و بەربەستی خەیاڵی لای خۆت دروست بکەیت، بەهۆی نزیک نەبوونەوە لە ئەشکەوتە تاریکەکەت کە حەقیقەتی جێگیر بوونیان نییە.

قەبوڵ نەکردنی خود دۆخێکە شکست زیاد دەکات و لە داڕمانی دەروونی جیهانی پڕهەڵچوون و بێئارامیت نزیک دەکاتەوە، وات لێدەکات هەست بەترس بکەیت بەرامبەر بە ڕاستییەکان، دەبێتە دووژمنێکی سەرسەختت.

قەبوڵکردنی خود توانای داهێنان زیاد دەکات، وادەکات دان بەهەڵەکان دابنێیت و هەوڵبدەیت ڕاستیان بکەیتەوە، زیاتر بەرەو پێشەوەت دەبات سەربەستت دەکات لەو سنوورەی لە تێڕوانینی کەسانی دیکەوە بۆخۆتت داناوە (ئەوانەی دەیانەوێت دەست بەسەر فیکرەکانت بگرن)، دوورت دەخاتەوە و وا لەکەسانی تر دەکات بەبێ مەرج قەبوڵت بکات.

سوپاسگوزاری پەروەردگار بە ئەو ژیانەی بە تۆ بەخشیووە، تۆ گرەوێکی براوەی بۆ تەواوکردنی پەیامەکەت لە ژیان، هەنگاوێکت لەبەردەستە لە هەنگاوەکانی دیکە کەمبایەختر نیین، توانایەکی ڕادەبەدەرت هەیە بۆ بەدەستهێنانی، ئەگەر هەموو چەکەکانیشت لا نەبێت، دڵنیاییبوونەکەت هەیە، ئەمەش هەمووشتێکە..

## بەتەنیا گۆڕانکاری کردن بەس نییە ...

زۆرێک لە ئیمە بڕوای تەواو و ئامادەیی باشی هەیە گۆڕانکاری لە بوارەکەی خۆیدا بکات، بەڵام ئەوە بەتەنیا بەسە بۆ بەرەنگارەوبوونەوەی واقیع و گۆڕانکاریکردن لە کار و کردەوەکانی کە لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان تووشی لە ناوچوون هاتبێت لە گەردوون؟.

زۆرێک لە بیرۆکە گەورەکان بەندکراوی ناخی خۆتن، گەر ڕێگای دەربڕینیان پێ بدرێت خەڵک بیانبینێت ئەوا بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچێت، بەڵکو خاوەنەکەی تووشی بێئومێدی بێت و توانای پێشکەوتنی نامێنێت بەرامبەر ئەوەی ئەنجامی دەدات، لەوانەیە گۆڕانکاری لێی نزیک بێت و ئەگەر حەز و ئارەزووی لەگەڵ بوایە و کەسانێک بیاندۆزیبایەوە تا پشتگیری لە بیرۆکەکەی بکات.

بۆیە ئەگەر سەرکەوتوو بیت لە رازیکردنی کەسانی دیکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانت لە گۆڕانکاریکردن لە بۆچوونیان بەتەنیا بەس نییە، چونکە بەدرێژایی کات ڕاستییەکان ئاشکرابوون لەدەست دەدەن و بوونیان نامێنێت، گۆڕانکاری بریتییە لەوەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە خۆیان لەگەڵ بگونجێنن و باوەڕییان پی هەبێت تا پارێزگاری لێ بکەن، زۆرجار ڕوویداوە واقیع چەندان خەون و ئارەزوو و

بیرۆکە و بیردۆزەی گەورەی لەناو بردووە، لەوانەیە خراپی چانس و هەست پێ نەکردنی لەلایەن کەسانی تر لە کات و ساتی خۆیدا، بیرۆکەکە پێش ئەوەی ڕووناکی ببینێت لەناو چووە. بۆیە تاکەکان گرنگی بە شارستانییەت نادەن و لەناودەچێت و هیچ مانایەکی نابێت، بەناچاری خەڵک خۆیان لەگەڵ بیرۆکەیەکی نوێ ڕادەهێنن.

**ماکس بلانک دەڵێت:**

**(ڕاستییە نوێکان بە گۆڕینی بیرۆکەکانیان بەرەو ڕاستی سەرکەوتوو نابێت بەسەر دوژمنەکانی، بەڵکو بە بوونی چینێکی دیکەی خەڵکی کە توانای هەبێت بەڕاهاتن لەسەر ئەم حەقیقەتانە و خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت).**

**گۆڕانكاری ژیانی گەڵان ...**

گۆڕانكاری لە ژیانی گەلان و قۆناغی نێوان سیاسەتی فەرمانڕەوای كردنێكی دیكە، قورسترین قۆناغە گەڵ پێیدا تێپەڕدەبێت، كردارێكی ڕۆح كێشانێكی قورسە بۆ قۆناغی پێشووتر، تیایدا سیاسەت و ئابووری و ئاكاری ڕۆشەنبیری و بەرەو بارودۆخی كۆمەڵایەتی خراپ دەڕوات، سەردەمێكی نوێ دەبێت بۆ لەدایكبوونی هزری نوێ و هەنگاونان بەرەو گەشەكردنی تازە. كەسانێك هەن خوێن و تەمەن و گیانی خۆیان دەبەخشن لە پێناوی گۆڕانكاریكردن، بڕوای تەواویان بە ئامانجەكەیان هەیە و بەرەو فیكری نوێ و ژیانێكی پڕ لە خۆشگوزەرانی و دادپەروەری هەنگاو دەنێن، كەسانێك هەن بەهۆی بڕوابوونی زۆریان بەو بیروڕایانەی دژی گۆڕانكاریكردن لەناو چوونە و بەرگەیان نەگرتووە.

كەسانێكی هەن بارودۆخی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی ناچاری كردوون بە گۆڕانكاریی ڕازی ببن و خۆیانی لەگەڵدا ببگونجێنن. زۆرینەی خەڵكیش لەناخەوەدا شپرزە و سەرگەردانن، ئەوانە لەمانای گۆرانكاری نەگەیشتوون نازانن، بۆیە بە شتێكی كەم ڕازین، لەهەمانكاتدا تای تەرازووەكە بەلای ئەوان دەشكێتەوە، چونكە بەهەمان ئاراستە دەڕۆن.

كاتێك نیشتمان ئارام بێت و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت، ئەوكاتە مارە ژەهردارەكانیش هەلیان بۆ دەڕەخسێت بە شاراوەی ژەهری خۆیان بڕێژن، كەس لە ئێمە ناتوانێت پێشبینی ئەوە بكات و لە توانای

دابێت چ کاتێک باو بۆرانی گۆڕانکاری لە ژیانی گەلان ڕووبدات و ئاڕاستەکانی دیاری بکات؟ ئەوە یاریکردنی ناکۆکی بەردەوامی نێوان بەرژەوەندی تایبەت و شەڕی حیزب و لایەنەکانە، لادان و خیانەتکردن، شک و گومان و ژیان و مردنە، لەم ماوە سەخت و ناخۆشەدا دەبینیین گەل کەشتیەکی بێ سەوڵە، باوبۆران دەیخاتە مەترسییەوە.

مرۆڤەکان پەلە دەکەن بۆ خێرا تەواوبوونی یارییەکە و ترسی ئەوەیان هەیە بکەونە نێو دەریاکە بۆیە پێشبڕکێی مانەوە دەکەن، بەڵام هەموو گۆڕانکاریەک دەبێت بەرەنگاری شەپۆلە سەرشێت و مەترسیدارەکان بێتەوە، لە کۆتاییشدا کەشتیەکە لە دژی زوڵم و زۆرداری جێگیر و هاوسەنگ دەبێت.

## هەنگاوی راستەقینە بۆ گۆڕانکاری ...

ئایا ئێمە بەپێی ئەو پلانەی داڕێژراوە بەرەو ڕۆژێکی گەشاوە هەنگاو دەنێین، دانایانە و ئەرێنیانە بیر دەکەینەوە، هەنگاوێکی راستەقینە بەرەو جێگیربوون و دەستکەوتەکانمان دەبات، یاخود لەسەر ڕۆخی بورکانەکەین، بە پێشبینیەکان و گریمانەکان و یارمەتییەکان دەژین؟.

ئەوەی دەیبینین پێشتر نەمان بینیوە بەهۆی خێرایی بیرۆکەی نێوان بیروڕا جیاوازە سیاسی و مەزهەبی و ڕێکخراوەکان و دابەشبوونیان، بەرز ڕاگرتنی ئاڵای ناهۆشیار و هەست پێ نەکراوەکان، ئەوانەی بەرژەوەندی نیشتیمان دەخەنە مەترسییەوە، کەسانێک هەن حیسابی هەموو شتێک دەکەن بۆ ڕزگاربوون لەم ئاریش وگرفتە، کەسانێکیش هەن وەک قەومی یەئجوج و مەئجوجن هەست بەهیچ ناکەن و نازانن چ دەگوزەرێت، تەنیا بیر لە سکی برسێتی خۆیان دەکەنەوە تا لەژیان بمێننەوە، چاوەڕوانی چی لە ئابوورییەکی داڕماو دەکرێت ؟.

پێویستە ئەوە بزانیین ئێمە تاکو ئێستا نە خواردن وجل و بەرگ بەرهەم دێنین نە چەکیش دروست دەکەین، گەورەترین بەربەرکانێی ئێمە لەکاتی ئێستادا بریتییە لەکارکردن و بەرهەمهێنان، دەبێت ئەوە بزانیین ڕەوڕەوەی ژیان بەخێرایی دەسوڕێتەوە، ئەوانەی لە چواردەورمانن وەک سەیرکەرێک نابن، بەڵام جێشمان ناهێڵن و چاوەڕوانی زیاترمان لێدەکەن.

بەرپرسیاریەتیەکی گەورەمان لەسەر شانە و پێویستە بەرگەی بگرین و بە دەرئەنجامەکانی ڕازی بین، بە زانست و زانیاری و هۆکاری هۆشیارکردنەوەی ئاکاری و فیکری و کار و ڕاگەیاندنەوە بەرەنگاری ببینەوە، ئەوەی ڕوودەدات ڕێکەوت نییە. لەم ڕۆژگارەدا پێویستیمان بە شۆڕشێکی ڕەفتاری هەیە، هەست بکەین بەکاتێکی دژوار تێدەپەڕین، ئەگەر ناکۆکییەکان وەلا نەنێین کەس بەهانامانەوە نایەت، بۆیە پێویستە بەزووترین کات لەو ئەشکەوتە تاریکەی تێیداین خۆمان ڕزگار بکەین، تاکو دواڕۆژەکی نادیار چاوەڕوانیمان نەکات.

بەڵێ ، لەوانەیە باو بۆرانەکە بەهێز بێت، شەپۆڵەکان بەرز و بەهێز بن، بەرچاومان ڕوون و ئاسۆ فراوان نییە، سەرتاپاگیری ( الشمولی ) بوونی نییە، پەڕینەوە بۆ کەنارەکەی تری دەریاکە ئاسان نییە، بێ هەموو موجامەڵەکردنێک پێویستیمان بە ئەقلیەتێکی داهێنەر و نەرم و نیان هەیە چارەسەری گونجاوی نوێی هەبێت بۆ ئاریشەکان، هەروەها پێویستیمان بە کەسانی بەتوانا و هزری نوێ و خوێن گەرم هەیە تاکو ڕۆتینەکان دووبارە نەبنەوە، پێویستیمان بە ئەقڵیەتی نەگۆڕ و چەسپاو نییە، ئەو دۆخەی تیایداین ترسناکە و پێویستیمان بە بڕیارێکی مێژووی هەیە..

## پیشەی فتنەچێتی ...

بە شەڕانگێزی و پلانی شەیتان دۆخێکی خراپ چاوەڕوانیمان دەکات، پیلانەکەش بەردەوامە و ئارەزوو دەکەن نیشتیمان پارچە پارچە بکەن بە دروستکردنی ئاریشە لێرە و لەوێ، دەیانەوێت زام و برینی قووڵ لە نێوان تاکەکان دروست بکەن ئەوانەش جێگیر کراوە چاوەڕوانی هەلێکی گونجاو دەکەن. پێش ئەوەی ئایدۆلۆژیا و بیروڕای خۆیان بچەسپێنن، ئارەزوو دەکەن شەڕەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان کۆتایی پێ بهێنن، زۆرن ئەوانەی بە بەفێڵ باسی خۆشەویستی نیشتمان دەکەن، ئەوان بەربەستێکی بەهێزی هۆشیار بوونەوەن، ئارەزوو دەکەن مێشکەکان بشۆنەوە و کۆچیان پێ بکەن بەتایبەتی ئەوانەی باشن و نیشتمانپەروەرن، بە هەموو پێوەرەکان ئەوە جەنگە و جەنگەکەش بەردەوامە و هەتا کۆتایی جیهانیش بەردەوام دەبێت.

ئەوان بەدەستە تاوانکاریەکەیان و ئەقڵە کۆنترۆڵکراوەکانیان ئاگری فیتنە خۆش دەکەن، کەسانی تر تاوانبار دەکەن و خوێنیان هەرزان بەها دەکەن، کەمێکی زۆری چەکی تەکنۆلۆژیای ترسناکیان لەبەردەستدایە و کاریگەری خراپیان کردۆتە سەر ئەقڵ و نیشتمانمان، بیرۆکە تەندروست و باشەکانیان لەناو بردووە، هۆکاری سەرەکیان بۆ ڕووخانی پلانە داڕێژراوەکان داناوە، لەبڕی ئەودا سیستەمێکی ئیستعماری نوێی سەربازی سەرکەوتوو نەبوویان داناوە، ئێستا لەسەردەمی ڕاوەدوونانی داهاتووین و دژی نەخشە داڕێژراوە نووستوەکانیین.

ڕووبەڕووی مۆرانەیەکی کوشتارین ورە و ئیرادەمان بێ هێز دەکات تا جەستەی کۆمەڵایەتی بڕوخێنێت و کۆتایی بە بەربەستی ناخ و دەروون بهێنێن و لە ماڵەوە پابەندی بین، لەترسی یاخیبوون دەرگا و پەنجەرەکانی داخستووە، ئەوەی ژیر بێت کارەکە بەهەند وەردەگرێت و شێوەی ڕاستەقینەی خۆی پێ دەبەخشێت. سەیرکەن باوەڕی گەندەڵکاری ڕووخێنەر و خیانەتکاری ئێمەی گەیاندۆتە چ ئاستێک، دۆخێکی پڕلە ترس و توقاندن، نادیار و بەرچاو ڕوون نین، ئاریشەی ئابووری و ڕۆشەنبیری و بەدڕەوشتی، هەژاری و بێکاری و شکاندنی بەها جوانەکانی ژیان و لایەنی دەروونی مرۆڤ.

لەسەردەمی ڕووبەڕووبوونەوەی فیتنەچیەکانین، ئەو ئاشووبە پاڵنەرن بۆ کوشتنی یەکتری، شەمشەمەکوێرەکان بەبیانووی سەربەخۆیی هەڵە و دوور لە ئەشکەوتە تاریکەکان سەرنجی تاکە بێ ئیرادەکانیان ڕاکێشەوە، لەم کارەشیاندا سەرکەوتوو بوونە، ئێستا لە ناوەوە بەرەنگاری دوژمنی دەرەکی سەرسەختمان دەبینەوە، ئەوان ڕێگری سەربەخۆی و بەربەستەکانن.

لە کۆتاییدا هەریەکە لە ئێمە بەقەدەر بەهێزی و بێ هێزیەکەی بەرپرسیارە لەو دۆخەی ئێستا تیایداین، بەیەکگرتووی و یەکڕیزی دەتوانین لە پێناوی نیشتیمان بەرەنگاری هەموو بەربەست و ترسەکان ببینەوە.

## تۆ خاوەنی گۆڕانکاریت ...

ڕێگاکانی گۆڕانکاری بە خۆسەپاندن و زۆرەملێ و هێز دژی بەرامبەر نابێت، بەڵکو بە ئیقناعکردنی کەسانی تر بە بیروڕاکانمان دەبێت، پێویستە بیروڕای جیاواز قەبوڵ بکرێت نەک بە تۆمەتبارکردن و چاو سوورکردنەوە. ئەوەی ئێستا دەیبینین لەدەرەوەی بازنەی بیروڕای جیاوازە و بەرژەوەندی گشتییە، زۆربەشیان کاردانەوەن.

ئەمڕۆ بە تۆمەتبارکردن و خیانەتکردن داوای گۆڕانکاری دەکەیت، بیروڕاکانی بەرامبەرەکەت بەهەند هەڵناگریت تەنیا لەبەر ئەوەی بیروڕاکانی جیاوازە، لە چەوساوەوە بۆتە چەوسێنەر، بێ ئەوەی هەست بکەیت بوویتە دیکتاتۆرێکی نوێ، بیروڕاکانی خۆت دەسەپێنیت گوایە لەسەر حەقیت. ئەوەی ئێمە ئامانجمانە ڕوودانی گۆڕانکارییە لە بنەماکانی گەندەڵکاری وا بکەین لەگەڵ بەها باوەکانی کۆمەڵگە هاوسەنگ بێت لەگەڵ بنەما گشتییەکان یەکبگرێتەوە.

نامانەوێت لەماوەیەکی کەمدا گۆڕانکاری زۆر بەدەست بێنین، بەڵکو دەبێت هەوڵبدەین و بەردەوامبین لەبەجێ گەیاندن و بەدەستهێنانی ئامانجەکانمان بە گوێرەی بیروڕای ئازاد. پێویستە ئەوە بزانیین سەرەتای هەر گۆڕانکاریەک ئەگەر لەسەرخۆش بێت ڕاستییەکانی خۆی لەدەست نادات و ئەوەش ناگەیەنێت کە کۆتاییەکەی بەختەوەر نییە، لەوانەشە سەرەتاکانی گۆڕانکاریکردن خێرا بێت و پڕبێت لە کاری باش و تەندروست، بەڵام کۆتاییەکی باش نابێت، وانە و عیبرەتیش لە کۆتاییەکاندایە.

## کێ بەری ڕووناکیت لێ دەگرێت ؟ ! ...

ئەوەی تیشکی ڕووناکیت لێ دەگرێت ئەو بەربەستەیە بۆ خۆت بونیادت ناوە لە دەروونێکی گرژ و نامۆ و دوور لە ستایشکردنی پەروەردگاری تاک وتەنیا.

ئەوەی ئاستەنگەی ڕێگای زانست و زانیاریت لێ دەگرێت نەزانینی خۆتە دەربارەی  پەروەردگار.

ئەو ئاستەنگەی بەری دادپەروەریت لێ دەگرێت زوڵمکردنە لە خودی خۆت، بە هۆی کۆیلەبوونت و جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ئەهریمەن.

ئەوەی ڕێگای بێ ئومێدیت لێ دەگرێت بریتییە لە هەستکردنی زیاد لە پێویستە بە بێ ئومێدی و بیر نەکردنەوە لەبەزەیی پەروەردگار.

ئەوەی ڕێگاکانی خۆشەویستیت لێ دەگرێت تەنیا خۆشویستنی خودی خۆت و لوتبەرزیەکەتە.

کێ هەیە ببێتە بەربەستت لە  سۆز و رەحمەتی پەروەردگار؟ . کەس ئەو ناکات، دەرگاکانی خودا بەبەردەوامی کراوەیە بەڕووی ئەوانەی پەشیمان دەبنەوە...

..........................